# گوڵان

پەیامی ئەمرۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٨٤)- (٩)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٣


# سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا لاواز بووە و هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانە

”

هەندێ گرووپی کوردی ڕۆژانە و بەردەوام دەستپێشخەری دەکەن بۆ گورزوەشاندن و تانەلێدان لە شەرعییەتی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان

”

هەندێك لە حزبە سیاسییە عێراقییەکان لە سۆنگەی ڕق و کینەوە بەرامبەر بە گەلی کورد پێڕەوی سەنتراڵییەت دەکەن و سیستمی فیدراڵییان فەرامۆش کردووە

”

تا ئێستاش پەرلەمانی عێراق دامەزراوەیەکی گرنگی دەستووریی تێدا نییە، کە بریتییە لە ئەنجومەنی فیدراڵ تا نوێنەرایەتیی هەموو هەرێم و پارێزگاکان بکات






# ئاگری دۆستانە و کارەساتێک


٨٥

ڕۆژی ٦ی نیسانی ٢٠٠٣، فڕۆکەیەکی ئەمەریکی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی لە زوورگەزراوی نزیک دیبەگەی لە سی کیلۆمەتریی باشووری هەولێر بۆردومان کرد. ئەم ڕۆژە بۆ ئێمە ڕۆژێکی ڕەش و ناخۆش بوو. لەگەڵ مام جەلال و لێژنەی سەرکردایەتیی هاوبەش و جەنەڕاڵ کلیڤلاند بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و دوا پێشهات و گۆڕانکارییەکان و هەنگاوەکانی داهاتوو و هەماهەنگیی پێویست لە کۆبوونەوەدا بووین. لەناو کۆبوونەوەدا برووسکەیەکیان بۆ هێنامە ژوورەوە، لە برووسکەکەدا هاتبوو کە بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەیەکی ئەمەریکییەوە وەجیە بەسەختی بریندار بووە و ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون. من داوای مۆڵەتم لە کۆبوونەوەکە کرد، مام جەلالیش پێداگری و داکۆکییەکی زۆری کرد بۆ ئەوەی لەگەڵم بێت. بەڵام پێم ڕاگەیاند، پێویست بە ئەزیەت ناکات تۆ بێیت کۆسرەت ڕەسووڵ هات.

کاتێ گەیشتمە نەخۆشخانە، لە دوورەوە قەرەباڵغییەکی زۆرم لە بەر دەرگای نەخۆشخانە بینی. کاتێک چوومە ژوورەوە، ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان بە بینینی من دەستیان بە گریان کرد. کە چاوم بە وەجیە کەوت، زانیم برین و زامەکەی یەکجار قورس و گرانە و هیوای ژیانی زۆر کەمە. مەنسووری کوڕیشم بریندار ببوو، بەڵام برینەکە سووک بوو. زانیم کە زیانێکی گەورەمان بەرکەوتووە، بەڵام پێویست بوو لەو کات و بارودخەدا و لەبەر چاوی ئەو جەماوەر و پێشمەرگانە خۆم ڕاگرم و ددان بە خۆدا بنێم.

هەرچەند هەوڵم دا خۆم ئاسایی نیشان بدەم، بەڵام لە ڕاستیدا ئاگر لەناو ناخ و دروونمدا بوو. پرسیاری دکتۆرەکانم کرد کە ئایا هیوای ژیان و زیندوومانەوەی هەیە؟ دکتۆرەکانیش پێیان خۆش نەبوو، ڕای دروستی خۆیان بڵێن، بە دکتۆرەکانم گوت: (پێویستە ڕاستیم پێ بڵێن، من بڕوام بە قەزا و قەدەری خوا هەیە و چی خوا پێی خۆش بێت و بیهێنێت، ئەوەیان باشە).

دکتۆرەکان پێیان گوتم، ئەوەی ڕاستی بێت برینەکەی یەکجار قورس و سەختە و ئەگەری زیندوومانەوەی زۆر کەمە.







لەو کتێبە چاپکراوە تازانەی گەیشتوونەتە گۆڤاری گوڵان، بۆ ئەم هەفتەیە ئاماژە بە دوو کتێب دەکەین، کە هەردووکیان پەیوەندییان بە نووسەرو ڕۆژنامەنووسی دێرین مامۆستا فەرهاد عەونییەوە هەیە، یەکەمیان خودی فەرهاد عەونی نووسیویەتی بە ناونیشانی (دوێنێ «ئەمڕۆ»م دەنووسی)، ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵە وتارێکی نووسەر کە لە گۆشەیەکی هەفتانە و هەموو ڕۆژانی دووشەممە بە ناونیشانی (ئەمڕۆ) لەنێوان(٢-٣-١٩٩٨ تا ٢٠-٢-٢٠٠٠) دەینووسین و لە ڕۆژنامەی (برایەتی)دا کە ساڵانێك سەرنووسەری بوو، بڵاوی دەکردنەوە. ئەم گۆشەیە زیاتر ڕەخنە و پەندئامێز بوو، بۆچوونی تایبەتیی خۆی تێدا ئاراستە دەکرا، بەدەر لە بۆچوون و هەڵوێستی فەرمیی ڕۆژنامەی (برایەتی).

نووسەر لە بەشێکی ئەم کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات کە بیرۆکەی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەم وتارانە کەوتە بەرنامەی کاری، ئەوانیش وتارەکانی (گۆشەی ئەمڕۆ) لەگەڵ هەندێ لە وتاری بڵاوکراوەی دیکەی خۆی لە هەردوو ڕۆژنامەی(برایەتی) و (خەبات)، بۆ ئەوەی لە دووتوێی کتێبێکدا بیانخاتە بەردەمی خوێنەرانی هاوتەمەن و نەوەی نوێ. ئەمەش بە مەبەستی وەبیرهێنانەوە و ئاگاداربوون لە ڕەوشی ڕۆژگارێك، کە بێگومان پڕە لە ڕۆژانی سەخت و نالەبار و دژوار و تا ڕادەیەك هەندێ لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی ئەم کوردستانە، دەرکیان بە کەم وکورتییەکان دەکرد و بە جیاوازیی بیرو بۆچوون و ئینتیمای سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی لە هەوڵی ئەوەدا بوون بتوانن جۆرە بۆچوونێکی دیکە بە گوێی لێپرسراواندا بخوێنن، بۆ ئەوەی تا چەند زووترە چارەسەری گونجاو و بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە و بە هانای داواکاریی هاووڵاتیانەوە بێن. شایانی باسە ئەم کتێبە لە دەزگای (فام) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بە (٤٨٨) لاپەڕە چاپکراوە، هیوای تەندروستی وداهێنان بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرهاد عونی دەخوازین.

کتێبی دووەم بە ناونیشانی( فەرهاد عەونی و مەملەکەتی کتێب) کە هەڤپەیڤینێکی دوو مانگی دوورو درێژی نووسەری بە توانا(شێرزاد هەینی)یە لەگەڵ فەرهاد عەونی، ئەم کتێبە تۆماری گەشتێکی فراوانە بەنێو کتێبخانە و کونج و کەلەبەری ماڵەکەیدا، هیچ شتێکی فەرامۆش نەکردووە، لە کتێب و باخچە و ئێکسسوار و مافوور و ڕادیۆ و هەرچی کەلوپەلی کۆن و دێرین هەیە، شێرزاد هەینی کاتێك لەم هەموو کتێب و ئەرشیف و کەرستانە ڕادەمێنێت، دەنووسێت: (ئەوە کتێبخانە نییە، مەملەکەتە، وڵاتە، پاسی گواستنەوەی میللییە، ململانێی کۆبوونەوەیەکی سیاسییە، زەماوەندە، بازاڕ و پێشانگە و ژووری سەرۆك کۆمار، کودەتایە، بەرەی شەڕەکان، هاوار، دروشمی ڕاپەڕینەکانە. لێی دەپرسم: ئەوە کتێبخانەیە یان هێلانەیە؟ گۆڕەپانە، یان مەیدانی ڕمبازی، ئەسپسواری، جۆخین، باخ، ڕەز، کۆیە، مەهاباد، کفرییە؟! کێ کتێبخانەی دیوە هاوکات بچووك و گەورەش بێت، بێناز و زۆریش شکۆدار بێت؟! شەو و ڕۆژ ڕووناك، جاروباریش تاریك بێت؟! ئەوە مەملەکەتی فەرهاد عەونییە. ئەم کتێبەش لە دەزگای (فام) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بە (٥٣٥) لاپەڕە چاپکراوە، دەستخۆشی لە نووسەر شێرزاد هەینی دەکەین.

دکتۆر محەمەد ئیحسان:

**ڤلادمێر پوتین ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد ڕووسیا دەتوانێت ڕێگەچارەی باش بۆ کێشەکانی هەولێر و بەغدا پێشکەش بکات**



قەشە ئەلئەب جبرائیل:

**بەهاناوەهاتنی قوربانییەکانی حەمدانییە سەلماندی کە ئەم ناوچەیە بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستان**



پارێزەر ئیسماعیل سایەمیر فەیلی:


**مستەفا بارزانی لای کوردانی فەیلی کاریزما و ئەفسانەیەکی مێژوویییە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی هەموو زوڵمێکراوێک**



د. قادر مەجید قەشوری

**حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان**

**کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی توندئاژۆیی و دەمارگیریی شۆڤێنیی دەرەوە**







■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

د.نەرمین مەعرووف:

**نابێت چیتر مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان تێکەڵ بە گەمەی سیاسی و کێشە تەکنیکییەکان بکرێت**



سەیران سەرحەد :

**هەموو جووڵە و یاریکردنێک پێویستی بە ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی کۆمەڵگە هەیە**



ئارەزوو جەبار شوانی:

**هەوڵی جددیم بۆ دەستەبەری ماف و داواکارییەکانی کچان و ئافرەتانی شارەکەم داوە**



**کاتە گونجاوەکان بۆ خواردنەوەی قاوە**



**لاپتۆپە نووشتاوەکەی HP و تایبەتمەندییەکانی**



ژاڵە بۆ گوڵان :

**یەکـەم ئافرەت بووم لە پێش کامیرا سەمام کرد**






# گرفتی سیستمی فیدراڵی له دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)ی عێراق و هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ و پرۆفیسۆر لە یاسا - زانکۆی سۆران

بۆ گوڵانی نووسیوە

**جێگەی داخە کە دوای تێپەڕبوونی دوو دەیە بەسەر پەسندکردنی دەستووری عێراقدا، کەچی تا ئێستا لای هەندێك لە حزبە سیاسییە دەسەڵاتدار و حوکمڕانەکان (چ لە حکومەت، یان لە پەرلەمانی عێراق)، لە سۆنگەی ڕق و کینەوە بەرامبەر بە گەلی کورد پێڕەوی سەنتراڵییەت دەکەن و سیستمی فیدراڵییان فەرامۆش کردووە و، هەوڵ دەدەن دەسەڵاتە شەرعییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە، جێگەی سەرسامییە کە هەندێ لە گرووپە کوردییەکان کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ قوربانییان نەداوە لە پێناو گەیشتنی گەلەکەیان بە مافە ڕەواکانیان، یان بە هیچ شێوەیەك بەرگرییان لێ نەکردووە، بە شەرمەزارییەوە بەرانبەر بە خوێنی شەهیدان ڕۆژانە و بەردەوام دەستپێشخەری دەکەن بۆ گورزوەشاندن و تانەلێدان لە شەرعییەتی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوانە دێن هاوکاریی سەرسەختترین دوژمنی کورد و کوردستان دەکەن لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی سیستمی فیدراڵی . لە واقیعدا ئەو گرووپانە گرووپی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی نین، بەڵکو ئەو گرووپانەن کە ژەهر بڵاو دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیستمی سیاسی لە هەرێم بشێوێنن، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە پەردەیان لەسەر هەڵبماڵدرێت و بە یاسا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.**

پەیڕەوکردنی سیستمی فیدراڵی لەلایەن هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، بووەتە مایەی مشتومڕێکی هەڕەمەکیی سیاسی، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەم مشتومڕ و مقۆمقۆیە هەر بەردەوامە، هەرچەندە دەستووری عێراقیش ددانی بەمەدا ناوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، گۆڕەپانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی عێراق مشتومڕ و کێشمەکێشی زۆری نارەزایی بە خۆیەوە دی، کاتێك پەرلەمانی کوردستان وەك ئەمری واقیع بڕیاری لە سیستمی فیدراڵی دا، بە هۆی دژایەتیکردنی ڕژێمی ئەوسای حوکمڕانی بەرامبەر بە کورد، هاوکات زۆربەی حزبە عێراقییەکان لە سوننە و شیعە مافی گەلی کوردیان ڕەت دەکردەوە لە بڕیاری مافی چارەی خۆنووسیندا، بەڵام سوور بوون و یەکێتیی هەڵوێستی حزبە کوردستانییەکان بووە هۆی ئەوەی کە سیستمی فیدراڵ لە کوردستان لە سیستمی ئەمری واقیعەوە بگۆڕێت بۆ سیستمێکی دەستووری، ئەمەش دوای ململانێیەکی تاڵی فیکری و سیاسی هاتە ئاراوە، بەتایبەتی لەگەڵ حزبە ئیسلامییە پەڕگیرەکان.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بکەین، هەر یەك لە پارتی

دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کەسایەتییە سیاسییەکان و ئەو پشتگیرییە بەردەوامەی هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا، بەم شێوەیە لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دداں بە سیستمی فیدراڵدا نرا، وێڕای ئەوەی حزبە سیاسییەکانی عەرەبی شیعە و سوننە لە ناخەوە پێیان ناخۆش بوو، لێرەوە گرفتەکانی لێکدانەوە بۆ دەستوور دەستی پێ کرد، نەخاسمە ئەوەی پەیوەستە بە سیستمی فیدراڵ لە کوردستانی عێراق و دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

جێگەی داخە کە دوای تێپەڕبوونی دوو دەیە بەسەر پەسندکردنی دەستووری عێراقدا، کەچی تا ئێستا لای هەندێك لە حزبە سیاسییە دەسەڵاتدار و حوکمڕانەکان (چ لە حکومەت، یان لە پەرلەمانی عێراق)، لە سۆنگەی ڕق و کینەوە بەرانبەر بە گەلی کورد پێڕەوی سەنتراڵییەت دەکەن و سیستمی فیدراڵییان فەرامۆش کردووە و، هەوڵ دەدەن دەسەڵاتە شەرعییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە، جێگەی سەرسامییە کە هەندێ لە گرووپە کوردییەکان کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ قوربانییان نەداوە لە پێناو گەیشتنی گەلەکەیان بە مافە ڕەواکانیان، یان بە هیچ شێوەیەك بەرگرییان لێ نەکردووە، بە شەرمەزارییەوە بەرانبەر بە خوێنی شەهیدان ڕۆژانە و بەردەوام دەستپێشخەری دەکەن بۆ گورزوەشاندن و تانەلێدان لە شەرعییەتی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوانە دێن هاوکاریی سەرسەختترین دوژمنی کورد و کوردستان دەکەن لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی سیستمی فیدراڵی . لە واقیعدا ئەو گرووپانە گرووپی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی نین، بەڵکو ئەو گرووپانەن کە ژەهر بڵاو دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیستمی سیاسی لە هەرێم بشێوێنن، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە پەردەیان لەسەر هەڵبماڵدرێت و بە یاسا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

هەر چەندە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق یەکەم بەڵگەنامەیە کە لە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو دەرچووە، هەروەها ئەو دەستوورەی کە زۆرینەی گەلی عێراق دوای ڕاپرسییەکی ئازاد دەنگیان پێ داوە و بە دەستوورێکی دیموکراسیی پێشکەوتوو دادەندرێت، بەراورد بە دەستوورەکانی ناوچەکە، بەڵام لەبەر گرژی و هەلومەرجەکانی سیاسی و ئەمنی و ناکامڵبوونی فیکری سیاسیی هەندێ لە حزبە عێراقییەکان، دەبینین کە ئەم دەستوورە مۆرکی پەلەپەلی پێوە دیارە لە ڕووی داڕشتنی بەندەکانییەوە، واتا هاوسەنگیی تێدا نییە لە وەدیهێنانی خواست و داواکارییەکانی هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق، هەندێ لە بەندەکانی کێشە و گرفت و نارۆونی و لێکدانەوەی جۆراوجۆریان تێدایە سەبارەت بە ناوەڕۆکەکەی، دیارترینی ئەو گرفتانەی کە تا ئێستا لە دەستووردا بەرچاو دەکەوێت، ئەو بەندەیە کە پەیوەستە بە سیستمی فیدراڵیی ئارەزوومەندانە، بەم شێوەیە:

١. گرفتی دامەزراوەکان لە خودی سیستمی فیدراڵدا، تا ئێستاش پەرلەمانی عێراق دامەزراوەیەکی گرنگی دەستووریی تێدا نییە کە بریتییە لە ئەنجومەنی فیدراڵ تا نوێنەرایەتیی هەموو هەرێم و پارێزگاکان بکات.

٢. بوونی یەك هەرێم لە عێراقدا، زانراویشە کە هەموو سیستمە فیدراڵییەکان لەسەر کۆمەڵێك هەرێم دامەزراون.

٣. گرفتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم و پارێزگاکان، ماددەی (١١٠) دەسەڵاتگەلێکی تایبەت بە حکومەتی فیدراڵ لەخۆ دەگرێت، ماددەی (١١٤) دەسەڵاتگەلی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان دەگرێتەوە، ماددەی (١١٥) ئەو دەسەڵاتانە دەگرێتەوە کە لای هەرێمەکانن، ئەوەی پەیوەندیی نییە بە ماددەی (١١٠)وە.

ئەو هەموو دەسەڵاتانە مشتومڕ و لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت، دواجار تێکەڵییەك لە پیادەکردنی دەسەڵاتەکان دێنە ئاراوە، هەروەها بەتایبەتکردنی دەسەڵاتەکان دەبێتە هۆی هێنانە کایەی گرفتگەلی یاسایی، چونکە پرسەکان بەپێی پەرەسەندنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن، ئەمەش دەخوازێت چاو بخشێندرێتەوە بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و گواستنەوە لە مەرکەزیی ئیداری بۆ نامەرکەزیی تایبەت بە پارێزگاکان، وا باشتر بوو کە تەنیا کار

**لە سۆنگەی ڕق و کینەوە بەرامبەر بە گەلی کورد پێڕەوی سەنتراڵییەت دەکەن و سیستمی فیدراڵییان فەرامۆش کردووە و، هەوڵ دەدەن دەسەڵاتە شەرعییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە**

**دیارترینی ئەو گرفتانەی کە تا ئێستا لە دەستووردا بەرچاو دەکەوێت، ئەو بەندەیە کە پەیوەستە بە سیستمی فیدراڵیی ئارەزوومەندانە**

**تا ئێستاش پەرلەمانی عێراق دامەزراوەیەکی گرنگی دەستووریی تێدا نییە کە بریتییە لە ئەنجومەنی فیدراڵ تا نوێنەرایەتیی هەموو هەرێم و پارێزگاکان بکات**

بە ماددەی (١١٠) بکرابایە، پەیوەست بەو دەسەڵاتانەی تایبەت بە خودی حکومەتی فیدراڵ، ئەوانی دیکە بدرابان بە هەرێم و پارێزگاکان بێ سەرژمێری، یان بەتایبەتکردن.

٤. گرفتی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و گاز، ماددەکانی(١١١) و(١١٢) نەیانتوانی ئەو گرفتە چارەسەر بکەن، چونکە زۆر ڕوون نین و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن، دەتواندرا چارەسەری ئەمە بە دەق بکرابایە، بەوەی کە داهاتەکانی نەوت و گاز و سامانە سرووشتییەکان موڵکی هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیەن کە لێی بەرهەم دێن، بە مەرجێك کە تەرخان بکرێت بۆ خەرجیی بەکاربردن و بەرهەمهێنان، ئەمەش بە چاودێریی حکومەتی فیدراڵ، ئەوەی کە زیادە و دەمێنێتەوە ڕەوانەی گەنجینەی ناوەندی بکرێت، بە پێچەوانەوە حکومەتی فیدراڵ کورتهێنانەکەی پڕ بکاتەوە.

٥. گرفتی دامەزراندنی دادگای دەستووریی فیدراڵ، ڕەچاوی هیچ بنچینەیەکی یاسایی و دەستووری لە دامەزراندنیدا نەکراوە، بۆیە دەبینین ئەم دادگایە کە پێش دەرچوونی دەستوور دامەزراوە، بڕیارەکانیشی بە زۆرینە دەردەکات، جا بۆ وەدیهێنانی دادپەروەریی تایبەت بەو بڕیارانەی پەیوەستن بە هەرێم و پارێزگاکانەوە، بۆیە پێویستە بڕیارەکان بە کۆی دەنگ دەربکرێن.

ئێمە پێمان وایە پێویستە دەستەیەکی دادوەری لە یاساناسانی شارەزا و خاوەن ڕابردوویەکی نیشتمانپەروەر پێك بهێنرێت، کە چاودێریی کارەکانی ئەم دادگایە بکات، بۆ دڵنیابوون لەوەی تا چەند بڕیارەکانی لەگەڵ دەستووردا یەك دەگرنەوە، هەروەها تانەلێدان لەم بڕیارانە و دواجار پەسندکردنی بڕیارەکان، پێویستە ئەم دەستەیە بە سەرۆکایەتیی سەرۆك کۆمار بێت.

٦. گرفتی نەخشەکێشانی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان، ڕاستییەکەی هەر پارێزگایەك، یان شارەوانییەك سنووری جوگرافی و ئیداریی خۆی هەیە، ئەمەش لە هەموو دەوڵەتانی جیهان کاری پێ دەکرێت، ئەمە جگە لە دەوڵەتانی فیدراڵ، کە دەبێت هەر هەرێمێك سنوورێکی دیار و ڕوونی جوگرافی و ئیداریی خۆی هەبێت، وێڕای ئەمەش پێویستە هەرێمەکە سەربەخۆیی دارایی هەبێت، واتا بوودجەیەکی سەربەخۆ، لە بەڕێوەبردنی داهاتی خۆی لە باج و ڕسومات پارەدار بکرێت، هاوکات دەبێت لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە پاڵپشتیی دارایی بکرێت، ئەگەر داهاتەکەی بەشی خەرجییەکانی بەکاربردن و وەبەرهێنانی نەکرد.

بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە هەرێمی کوردستانەوە، دەستووری عێراق دیاریکردنی سنووری هەرێمی بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)وە گرێ داوە، زاراوەی ناوچە جێناکۆکەکانی بۆ شار و شارۆچکەکان دیاری کردووە، کە بە زۆری و زۆرەملێ کوردیان لێ دەرکردووە، لە شوێنی ئەوان عەرەبی هاوردەیان لێ نیشتەجێ کردوون، بۆیە لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکەین، مادام ئەو ناوچانە لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمدا جێناکۆکن، واتا ئەو ناوچانە موڵکی هەرێم، یان حکومەتی فیدراڵن کە تا ئێستا یەکلایی نەکراونەتەوە، دواجار دەبێت بە شێوەی هاوبەش بەڕێوە ببرێن، تا ئەو کاتەی بەندەکانی ماددەی(١٤٠) ی دەستووری عێراق جێبەجێ دەکرێن. بەڵام بە پێچەوانەی دەستوور بەڕێوەبردنی ئەم ناوچانە تاکلایەنە لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە پیادە دەکرێت، بۆ نموونە پارێزگای کەرکووك، لەبەر ئەوە پێمان وایە ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانە داوا لە دادگای فیدراڵ بکەن کە لێکدانەوە و مەبەست لە ناوچە جێناکۆکەکان بخاتە ڕوو، ئایا حکومەتی فیدراڵ بۆی هەیە بە تەنیا ئەم ناوچانە بەڕێوە ببات و بە ئارەزووی خۆی کۆنترۆڵیان بکات، یان پێویستە ئەمە بە هاوبەشی بێت لە نێوان دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵ و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم، تا ئەو کاتەی بابەتەکە یەکلایی دەکرێتەوە؟ ئەمەش پۆل برێمەری حاکمی سەربازیی ئەمریکی چاك پێی زانیبوو، کاتێك کە پۆستەکانی پارێزگای کەرکووکی بەسەر هەموو پێکهاتەکانی پارێزگاکە دابەش کردبوو، وێڕای بەشداریکردنی هێزە ئەمنییەکانی فیدراڵ لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی هەرێم بۆ پاراستنی ئاسایش و سیستمی ئەو ناوچەیە، هاوکات پارێزگارێکی کوردی بۆ دانابوو، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە کورد زۆرینەن لەم پارێزگایەدا.

**بەتایبەتکردنی دەسەڵاتەکان دەبێتە هۆی هێنانە کایەی گرفتگەلی یاسایی، چونکە پرسەکان بەپێی پەرەسەندنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن**

**هەر هەرێمێک سنوورێکی دیار و ڕوونی جوگرافی و ئیداریی خۆی هەبێت، وێڕای ئەمەش پێویستە هەرێمەکە سەربەخۆیی دارایی هەبێت**

**دەستووری عێراق دیاریکردنی سنووری هەرێمی بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) وە گرێ داوە، زاراوەی ناوچە جێناکۆکەکانی بۆ شار و شارۆچکەکان دیاری کردووە**



دکتۆر محەمەد ئیحسان

سیاسەتمەدار و مامۆستای زانکۆ بۆ گوڵان:

# ڤلادمێر پوتین لە کۆڕبەندی ڤاڵدای ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد کە ڕووسیا دەتوانێت ڕێگەچارەی باش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا پێشکەش بکات

**کۆڕبەندی ساڵانەی «ڤاڵدای» کە لە هاوینەهەواری سووچی ڕووسیا بە بەشداریی چەندین وڵات و گەورە کۆمپانیا و ڕێکخراو و کەسایەتییەکان بەڕێوە چوو، لە کاتێکدایە کە جیهان لە بەردەم گۆڕانکاری و پشێویی گەورەدایە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دکتۆر محەمەد ئیحسان مامۆستای زانکۆی لەندەن و وەزیری پێشووتری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، یەکێك بوو لە بەشدارانی کۆڕبەندەکە، لە دیدارێکی تایبەتدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** کۆڕبەندی ڤاڵدای کە لە هاوینەهەواری سووچی لە ڕووسیا بەڕێوە چوو، لە کاتێکدا دێت کە جیهان لە گۆڕانکاریی بەردەوامدایە، بەو پێیەی وەکو ئەکادیمییەکی کورد بەشداریت لەو کۆڕبەندەدا کرد، ئایا دەکرێت بزانین گرنگیی ئەم کۆنگرەیە لە چیدایە؟**

- کۆڕبەندی ئابووریی ساڵانەی ڤاڵدای (Valdai Discussion Club) کە لە هاوینەهەواری سووچی لە ڕووسیا بەڕێوە چوو، لە یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی ڤاڵدای بوو کە یەکێکە لە هەرە پێگە بەهێزەکانی ئابووری و، کاری زۆر گرنگ دەکات لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا و سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کە لەژێر فەلەکی ڕووسیادا دەسووڕێنەوە، نوێنەری زۆر لە دەوڵەتان و کۆمپانیاکان و بزنێسمان و ئابووریناس و کەسانی ئەکادیمی لە سەرانسەری جیهاندا بەشداریی تێدا دەکەن، ناونیشانی ئەم ساڵی ئەم کۆڕبەندەکە «جیهانێکی فرەجەمسەر» بوو و لە مۆسکۆ دەستی بە کارەکانی کرد، ئەم دروشمە بە ڕاشکاوی ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە دروشمی «جیهانێکی هەژموونگەرایی تاك جەمسەری بەرەو جیهانێکی فرەجەمسەر» هەنگاو هەڵدەگرێت، لەم کۆڕبەندەدا کە زیاتر لە نوێنەری ٤٤ وڵات و زیاتر لە ١٤٠ گەورە توێژەری ئابووریناس و سیاسەتمەدار و دیپلۆمات و کەسایەتیی جیهانی بەشداری بوون، جیا لەوەی لە ڕۆژی یەکەمدا ڕاپۆرتی کۆڕبەندی ڤاڵدای بە ناونیشانی «جیهانێکی فرەجەمسەر» بڵاو کراوەیە، چەندین پەنێلی گرنگیش لە سەر پرسە جیهانییەکان لە کۆڕبەندەکەدا بەڕێوە چوون، زۆر بە ڕاشکاوی گفتوگۆ لەسەر ناوەڕۆکی ئەو پرس و باسانە کران، منیش وەك ئەکادیمییەکی کورد و دانیشتووی هەرێمی کوردستان کە بابەتەکانی ئەم پرسە لەگەڵ پسپۆڕیی من نزیکە، بەشداری ئەم کۆڕبەندە بووم و لە چەند پەنێلێکدا بەشداریم کرد و پرسیاری خۆمم ئاراستەی بەشداربووانی پەنێلەکە دەکرد، هەر بۆیە لە ڕۆژی یەکەمی کۆڕبەندەکەدا سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بابەتێکی گرنگی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا و شەڕی ئۆکرانیا باس کرد، جێگەی ئاماژەپێکردنە لەم پەنێلەدا ڤلادمێر پوتین سەرۆکی ئێستای ڕووسیای فیدراڵیش ئامادەبوو، لە کۆتایی کۆڕبەندەکەشدا ڤلادمێر پوتین بۆ خۆیشی پەنێلێکی هەبوو، من بەشداریم لەم دوو پەنێلەدا کرد، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە:

ئەم کۆڕبەندە (کۆڕبەندی ڤاڵدای) لە کاتێکدا بەڕێوە چوو، کە سیاسەتی ئێستای نێودەوڵەتی و سیستمی نوێی جیهان لە ناو گۆڕانکارییەکی نێودەوڵەتیی تازەدایە، بەتایبەتی لە دوای شەڕی (ڕووسیا و ئۆکرانیا) کە وا لە دوو ساڵ نزیك دەبێتەوە، بۆیە ئەم گۆڕانکارییانە دەکرێت پێی بگوترێت «لەدایکبوونی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ناو سیستمی نوێی جیهاندا». ئەم گۆڕانکارییە لەسەر ئاستی جیهان بۆ کێشەی کوردیش گرنگە و، بە بەشداربوونم لە پەنێلەکانی ئەم کۆڕبەندە توانیم بۆچوونی خۆم بخەمە ڕوو، بەوەی لە هەر سەدەیەکدا وڵاتێکی زلهێز هەژموونی بەسەر جیهاندا هەبووە، هەر بۆیە ڕاستە ئەمڕۆ سیستمە جیهانییەکە لە گۆڕاندایە و هاوپەیمانێتییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بۆ ئێمەی کوردیش گرنگە زۆر بە جددی بایەخ بەو گۆڕانکارییە تازەیە بدەین.

*** باست لەوە کرد کە گرنگترین پەنێل کە لە کۆڕبەندی ڤاڵدای بەڕێوە چوو، بریتی بوو لەپەنێلەکانی ڤلادمێر پوتین سەرۆکی ڕووسیا و**

**مێژووی ڕووسیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان مێژوویەکی کۆن و گرنگە، ڕووسیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی بەهێزی هەیە و خوازیارە دەسەڵات و پێگەی کۆنی بۆ بگەڕێتەوە**

**سێرگی لاڤرۆڤ بەم جۆرە وەڵامی دامەوە و گوتی: «ئێمە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان هاوبەشییەکی ڕاستەقینەمان لەگەڵ هەردوو لا هەیە و هەوڵی جددی دەدەین دوور لە دەستتێوەردان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ڕۆڵمان هەبێت»**

**وەزیری دەرەوەی ڕووسیا زۆر ناڕازی بوو لە کوردەکانی سووریا و ڕەخنەی هەبوو**

**ڕووسیا بەرژەوەندی و وەبەرهێنانی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە و ملیارەها دۆلاری خەرج کردووە، بۆیە ئەوان دەیانەوێت ڕۆڵێکی ڕێگەخۆشکەر ببینن و عێراق و کوردستان هاوبەشییەکی گرنگی وڵاتەکەیانە**

**بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو هەموو کات گۆڕانکارییەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیتسمی جیهانیدا کاریگەریی گەورەیان لەسەر دۆزی کورد و کوردستان هەبووە**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی بۆ دامەزراندنی نەوای ئارام لە کوردستان دەرکرد، بۆ یەکەمجار بوو لە مێژوودا بڕیارێکی نێودەوڵەتیی بەو جۆرە بۆ کورد بدرێت**

**سێرگی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە، ئایا چ پرسیارێکتان لەسەر پرسی کورد لەم دوو پەنێڵەدا هەبوو؟**

- مێژووی ڕووسیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان مێژوویەکی کۆن و گرنگە، ڕووسیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی بەهێزی هەیە و خوازیارە دەسەڵات و پێگەی کۆنی بۆ بگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە بۆچوونێکی وا هەیە، ئەمریکا لە ناوچەکەدا ڕۆڵی ڕووی لە کەمی کردووە، بۆیە لە پەنێڵەکانیاندا جگە لەوەی باس لە شەڕی ئەتۆمی و مەترسیی بەکارهێنان و کاریگەریی ئەم چەکەی لەسەر کۆی مرۆڤایەتی کرد، هەروەها باس لە بارودۆخی سیستمی نوێی جیهان و شەڕی ئۆکرانیا و سزاکان و چەندین بابەتی دیکە کرا، بەتایبەتی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانی هاوسەنگیی هێز و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا. لە پەنێڵەکەی سەرۆکی ڕووسیا و وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەدا بەشدار بووم و پرسیارەکانم زۆر بە ڕوونی لێ کردن، لە یەکەم ڕۆژ پرسیارم لە سێرگی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە کرد، بەوەی بەم نزیکانە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق سەردانی ئەو وڵاتە (ڕووسیا) دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە ناکۆکیی زۆر لەسەر چەندین دۆسیە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، بۆیە پرسیارم لێ کرد: ئایا لە ئەجێندای ئەو کۆبوونەوانەی نێوان حکومەتی ڕووسیا و سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق باس لەم پرسەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەکەن؟ سەبارەت بە بارودۆخی سووریاش ئەو پرسیارەم کرد: ئایا هیچ پێشنیار و ڕاسپاردەیەکتان نییە وەك دەوڵەتی ڕووسیا بۆ ئەوەی بیدەنە ڕژێمی سووریا بۆ چارەسەری دۆزی کورد لە سووریا، هەروەك چۆن یەفگینی بریماکۆڤ وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی یەکێتیی سۆڤیەت، کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستپێشخەریی هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لە عێراقدا و ڕۆڵی هەبوو لە گەیشتن بە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا؟

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، سێرگی لاڤرۆڤ بەم جۆرە وەڵامی دامەوە و گوتی: «ئێمە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان هاوبەشییەکی ڕاستەقینەمان لەگەڵ هەردوو لا هەیە و هەوڵی جددی دەدەین دوور لە دەستتێوەردان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ڕۆڵمان هەبێت»، سەبارەت بە پرسیاری دووەمیش کە تایبەت بوو بە سووریا، دیار بوو وەزیری دەرەوەی ڕووسیا زۆر ناڕازی بوو لە کوردەکانی سووریا و ڕەخنەی هەبوو، سەبارەت بە پەنێڵەکەی ڤلادیمێر پوتین سەرۆکی ڕووسیاش کە زۆر بە ڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکانی سەبارەت بە کوردەکانی سووریا و هەرێمی کوردستان دامەوە.

*** لەسەر هەرێمی کوردستان چ پرسیارێکت لە ڤلادمێر پوتین کرد و وەڵامەکەی چی بوو؟**

- من لەم کۆڕبەندەدا بە دەرفەتێکی گرنگم زانی لە نزیکەوە لە دەمی پوتین دیدگەی ڕووسیا بەرانبەر عێراق و هەرێمی کوردستان بزانم، بە خۆشحاڵییەوە سەرۆکی ڕووسیا جددی و ڕاشکاوانە لە بارەی کورد وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە، خواستی وڵاتەکەی خستە ڕوو کە دەیانەوێت شتێك بکەن بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سووریا و، گوتی کاردەکەین لەسەر بیناکردنی متمانە لە نێوان بەشار ئەسەد و کورد، پوتین ئەوەشی نەشاردەوە کە کێشەی کورد کێشەیەکی ئاڵۆزە لە سووریادا، سەبارەت بە عێراقیش ئاماژەی بەوە دا کە محەمەد شیاع سوودانی دێتە وڵاتەکەی و ڕووسیا بەرژەوەندی و وەبەرهێنانی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە و ملیارەها دۆلاری خەرج کردووە، بۆیە ئەوان دەیانەوێت ڕۆڵێکی ڕێگەخۆشکەر ببینن و عێراق و کوردستان هاوبەشییەکی گرنگی وڵاتەکەیانە، گوتیشی: «لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکانین و ئێمە دەتوانین زۆر ڕێگەچارە پێشکەش بکەین».

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناونیشانی کۆڕبەندەکە (جیهانێکی فرەجەمسەر) کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گۆڕانکارییەکی گەورەیە لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەو سیستمە جیهانییەی پێیان دەگوترێت «سیستمی نوێی جیهان»، ئایا بە بۆچوونی ئێوە وەك پسپۆڕێك و کەسێکی ئەکادیمی لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی و خاوەنی کتێب لەم بوارەدا، کێشەی کورد لە ناو ئەم گۆڕانکارییانەدا چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو هەموو کات گۆڕانکارییەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و




سیتسمی جیهانیدا کاریگەریی گەورەیان لەسەر دۆزی کورد و کوردستان هەبووە، لەوانەیە لە گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی و پەیماننامەی سیڤەر و هەروەها لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی و دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاگەیاندنی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و، پاشانیش بڕیاری پاکتاوکردنی ئیمپریالیزم، خوێندنەوەی باشمان بۆ ئەو گۆڕانکارییە نەکردبێت، بەڵام دوای ئەوەی عێراق کوێتی داگیر کرد و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی ڕژێمی سەدام حوسێن دروست بوو، کە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشووش ئەندامی ئەو هاوپەیمانییە بوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کۆتاییهاتنی شەڕی سارد بوو، ئێمە وەك گەلی کوردستان لە دوای کپکردنەوەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ لەلایەن ڕژێمی سەدام حوسێن و ئەنجامدانی کۆڕەو لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، ئەوە بوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی بۆ دامەزراندنی نەوای ئارام لە کوردستان دەرکرد، بۆ یەکەمجار بوو لە مێژوودا بڕیارێکی نێودەوڵەتیی بەو جۆرە بۆ کورد بدرێت، ئەو بڕیارەش بووە هۆی ئەوەی کە کوردستان بتوانێت هەڵبژاردن بکات و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت، هەر بۆیە لە ئێستادا کە ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە لە سیاسەت و سیستمی نوێی جیهاندا دەبینین، ئەوا حەتمەن هەموو شتێك گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و شێوازی هاوپەیمانی و شێوازی دروستکردنی بڕیاریش لەسەر ئاستی جیهان گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا دێت، ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان ڕاستە بەشێکن لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش پەیوەندییەکی زۆر باشمان هەیە، بۆیە زۆر بە بایەخ و جددییەوە پێویستە خوێندنەوەی زۆر ورد بۆ ئەو گۆڕانکارییە نێودەوڵەتی و جیهانییانە بکەین.

**سەرۆکی ڕووسیا جددی و ڕاشکاوانە لە بارەی کورد وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، خواستی وڵاتەکەی خستە ڕوو کە دەیانەوێت شتێك بکەن بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سووریا**




**د.نەرمین مەعرووف**
ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# نابێت چیتر مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان تێکەڵ بە گەمەی سیاسی و کێشە تەکنیکییەکانی جێبەجێکردنی یاسای بودجەی فیدراڵی بکرێت

**پرسی بودجە و مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بە یەکێك لە دۆسیە گرنگەکانی بەردەم هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق دادەنرێت، چارەسەری ئەم پرسەش پێویستی بە چارەسەری ڕیشەیی و بنەڕەتی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ د.نەرمین مەعرووف ئەندامی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ساز دا.**

*** بۆ گفتوگۆکردن و چارەسەرکردنی گرفتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، لێژنەی دارایی پەرلەمانی ڕاسپێردراوە، بەدواداچوون بۆ پرسی مووچە و بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئایا ئەم هەوڵانە بە کوێ گەیشتوون؟**

- سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لێژنەی دارایی ڕاسپاردووە بۆ بەدواداچوونی بابەتی پرسی بودجە و مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، لەم چوارچێوەیەشدا لەسەر داواکاریی نوێنەرانی کورد لێژنەکە کۆمەڵێك دیدار و کۆبوونەوەی گرنگی ئەنجام داوە، لەگەڵ وەزیری دارایی فیدراڵ و کۆمپانیای سۆمۆ و وەزارەتی نەوت و چەندین لایەنی دیکەی پەیوەندیدار، ئێستا لە چاوەڕوانیی ئەوەداین لە کۆبوونەوەیەکدا تێڕوانین و بۆچوونی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بزانین، بەتایبەتی لەسەر پرسەکانی (موچەی فەرمانبەرانی هەرێم، داهاتی نانەوتی، داهاتی دەروازە سنوورییەکان، ئەو نەوتەی دەدرێتە حکومەتی فیدراڵ، ماددەکانی ١٢ و ١٣ی یاسای بودجە، میزانیەی موراجەعە، ئەو بڕە قەرزەی کەوتووەتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و میکانیزمی پێدانەوەی، گرێبەستەکانی نێوان هەرێم و کۆمپانیا نەوتییەکان). هاوکات لە نووسراوەکەماندا کە بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرز کراوەتەوە، داوا لە وەزارەتی دارایی کراوە زانیاری پێویست لەگەڵ خۆیان بهێنن لەسەر ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەسەر هەر دوو میلاکی مەدەنی و سەربازی و بە پلەی وەزیفی و ناونیشانیان و لەگەڵ ژمارەی خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی و ژمارە و ناوی ئەو کەسانەی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە.

*** ئایا ئەم گفتوگۆیانە زامنی چارەسەری بنەڕەتی و ڕیشەیی دابینکردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەتایبەتی کە لە ئێستادا بۆ ئەمساڵ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان مووچەکانی کۆتا سێ مانگی ئەمساڵیان ڕوون نییە؟**

- وەکو ئاگادارن بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵەکانی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ واتا پێکەوە بڕیاری لێ دراوە و بۆ پشکی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکانی هەرێمیش بە هەمان شێوەیە، لەم چوارچێوەیەدا پرسی مووچەش بۆ ئێمەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا پرسێکی گرنگە و چاومان لەسەر چارەسەری بنەڕەتی و ڕیشەییە، نەك تەنیا چارەسەری کاتی و تەنیا دابینکردنی مووچەی سێ مانگی مووچەخۆران، دەبێت شایستە داراییەکانی هەرێم و لە نێویشیاندا پرسی مووچە مسۆگەر بکرێت و بە مووچەی ئەمساڵیشەوە بە تەواوەتی بدرێت و چیتر مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان تێکەڵ بەم گەمە سیاسی و گرفت و کێشە تەکنیکییەکان نەکرێن. کاتێك وەزیری دارایی عێراق هاتە لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، پێی گوتم «من ڕقم لە کورد نییە و مەزهەبی نیم و تەنیا مامەڵە لەگەڵ دەقی یاساکە دەکەم، لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵەوە بەپێی «ئینفاقی فیعلی» ٤٧ تریلیۆن دینار بووە و ٢٧ تریلیۆنی خەرجی سیادی بووە و لەو ٢٠ تریلیۆنەی دەمێنێتەوە لە ١٢،٦٧٪ بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت و مافەکەتان ٢،٥ تریلیۆنە،

**دەبێت شایستە داراییەکانی هەرێم و لە نێویشیاندا پرسی مووچە مسۆگەر بکرێت و بە مووچەی ئەمساڵیشەوە بە تەواوەتی بدرێت**

**وەزارەتی دارایی عێراق بۆ ئەم سێ مانگەش مانگی ٧٠٠ ملیار دینار دەنێرێت، کە دەکاتە دوو تریلیۆن و سەد ملیار دینار بۆ سێ مانگ، بەڵام ئەم سەودا و مامەڵە و قەرزە چارەسەری ڕیشەیی نییە و دەبێت ئەو کەموکورتییەی لە یاسای بودجەکەدا هەیە، چارەسەری بکەین**

نەوەکو ٨ تریلیۆن دینار بۆ شەش مانگ، بۆیە دەبێت جیاوازییەکەمان بدەنەوە، ئەمە قەرزە». وەزارەتی دارایی عێراق بۆ ئەم سێ مانگەش مانگی ٧٠٠ ملیار دینار دەنێرێت، کە دەگاتە دوو تریلیۆن و سەد ملیار دینار بۆ سێ مانگ، بەڵام ئەم سەودا و مامەڵە و قەرزە چارەسەری ڕیشەیی نییە و دەبێت ئەو کەموکورتییەی لە یاسای بودجەکەدا هەیە، چارەسەری بکەین و بەقەرز و قۆڵە ناتوانرێت مووچە و ژیان و بژێوی خەڵکی کوردستان بەڕێوە ببەین. فشاری سیاسی و یەکڕیزی و تەبایی نێوان هەردوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و هەمواری ئەم بڕگەیەی ئینفاقی فیعلی یاساکە بکرێتەوە.

*** کەواتە ئەم سێ مانگەش تێپەڕ بێت، دووبارە هەمان کێشە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەی ڕێگای چارەسەر چییە؟**

- چاوەڕوان دەکرێت لە شەش مانگی کۆتاییساڵدا وەکو شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵ نەبێت، کە بەپێی ١ لەسەر ١٢ی خەرجی بەکارخستنی ساڵی ڕابردوو بووە، بەڵکو بە زیادبوونی «ئینفاقی فیعلی» کە بودجەی وەبەرهێنانیشی دەکەوێتە سەر و پشکی هەرێمیش زیاد دەبێت، بەمەش دەتوانین قەرزەکە و مووچەی سێ مانگی کۆتایی ساڵیش بدرێتەوە، ئەمە چارەسەری کورتخایەنە لە چارەسەری درێژخایەن دەبێت هەمواری بڕگەی ئینفاقی فیعلی بکرێتەوە.

*** دواسەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەت کە یەکدەنگی و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکانی لێ کەوتەوە، تاچەند ئەمە بۆ ئێوەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا گرنگ بوو؟**

- بەردەوام یەکڕیزی و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا گرنگە، وێڕای ئەوەی جێگای فەخر و شانازییە، لە هەمان کاتدا لایەنی بەهێزیی کوردیش نیشان دەدات و ڕۆڵی دەبێت لە گفتوگۆ و دانوستانەکان و زامنکردنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم لە پەرلەمانی عێراقدا. سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی لایەنی کوردستانی نیشان دا و بووە هەوێنی چارەسەری کورتخایەن، بە ئومێدیشین ببێتە هۆی چارەسەری درێژخایەنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئومێدەوارم ئەمەش ڕەنگ بداتەوە لەسەر هاتنی شاندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێرەدا دەمەوێت گلەییەکیش لەو شاندانەی حکومەت بکەم کە پێشتر دەهاتنە بەغدا و پەیوەندییان بە ئێمەی پەرلەمانتارانەوە نەدەکرد، تاوەکو هاوکاریان بین و لۆبییەکی پەرلەمانیان بۆ دروست بکەین. من لێرەدا تەنیا نموونەیەك باس دەکەم، لە کاتی گفتوگۆکان لەسەر ئامادەکردنی ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای بودجە، بڕگەیەك هەبوو کە تێیدا سەقف دانرابوو، بۆ پێدانی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا، لە بنەڕەتدا لە ماددەی ١٢ ئەم سەقف و ئینفاقی فیعلییە دانراوە کە دواتر لە کاتی گفتوگۆکان و پەسەندکردنی بودجە، ماددەی ٤ لابرا، ئەم ماددەیە بووە ماددەی ١١، ئەگەرچی دەستەواژەی سەقف بۆ پشکی هەرێم لابرا، بەڵام بابەتی ئینفاقی فیعلی کە ئەو دەمەش من هۆشداریم دابوو لە مەترسیی ئەم بڕگەیە، بۆ نموونە ئەگەر ١٠٠ هەزار دینار بۆ ١٥ پارێزگاکەی عێراق خەرج بکرێت، دەبێت لە ١٢،٦٧٪ لەو بڕە پارەیە بۆ هەرێمی کوردستان خەرج بکرێت، واتە لەو پلانەی لە بودجەدا پشکی هەرێم دانراوە، پارە بۆ هەرێم خەرج ناکرێت، بەڵکو لەکۆی ئەو خەرجییەی بۆ ١٥ پارێزگاکەی دیکە خەرج کراوە، تەنیا لە ١٢،٦٧٪ بۆ هەرێم خەرج دەکرێت، ئەمەش بە پشتبەستن بەوەی لە بودجەی ٢٠١٥ ئەم دەستەواژەیە لە خولی سێیەمەوە زیاد کرا، بۆیە لەو کاتەوە هەستی پێ نەکراوە، چونکە پشکی هەرێم لە بودجە بڕابوو، کێشەیەکی دیکەشمان هەیە، ئەویش زیادکردنی داهاتی نانەوتیی هەرێمی کوردستانە کە بڕەگەی زۆرە بەراورد بە ١٥ پارێزگاکەی دیکەی عێراق، ئەمە بارگرانی دروست کردووە لەسەر ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان، بەتایبەتی بڕگەکانی پەیوەست بە باج و ڕسومات کە هەرێمی کوردستان بە هۆی

**بەقەرز و قۆڵە ناتوانرێت مووچە و ژیان و بژێوی خەڵکی کوردستان بەڕێوە ببەین**

**سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی لایەنی کوردستانی نیشان دا و بووە هەوێنی چارەسەری کورتخایەن**

**دەمەوێت گلەییەکیش لەو شاندانەی حکومەت بکەم کە پێشتر دەهاتنە بەغدا و پەیوەندییان بە ئێمەی پەرلەمانتارانەوە نەدەکرد، تاوەکو هاوکاریان بین و لۆبییەکی پەرلەمانیان بۆ دروست بکەین**

بڕینی پشکی هەرێمەوە لە بودجە لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا، بەناچاری زیادی کردووە، بۆ ئەوەی گرنگیی زیاتر بدات بە کۆکردنەوەی داهاتە نانەوتییەکان، بەپێی کۆنووسێکی نێوان هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم و بەغدا بەوەی هەرێمی کوردستان وتوویەتی ٤،٥ تریلیۆن داهاتی نانەوتی هەیە و نزیکەی ٣٢٥ ملیار دینار دەکرێتە ماڵ لە کاتێکدا لە ١٥ پارێزگای عێراق بەو هەموو ژمارەی دانیشتووانەیەوە داهاتی نانەوتی نزیکەی ١٢ تریلیۆن دینارە و داهاتی کۆکراوەشی زۆر لەم ژمارەیە کەمترە خۆی لە ٦ بۆ ٧ تریلیۆن دینار دەدات، ئەمەش لەبەر ئەوەی عێراق بودجەی هەرێمی بڕیبوو، بە ناچاری ڕوو لە زیادکردنی داهاتە نانەوتییەکان کراوە، لە کاتێکدا لە عێراق ئەو هەموو داهاتەی نەوتی لەبەردەستدا بووە، فشاریان لەسەر هاووڵاتیان دروست نەکردووە .

*** ئایا زیادبوون و هەڵکشانی خەرجییە سیادییەکان زیانی بە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق نەگەیاندووە؟**

- لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا خەرجی سیادی ئەوەندە زۆر بووە ١٨٠ ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەوەتا قەرزی نێوخۆیی و دەرەکی و بودجەی وەزارەتی بەرگری و پێدانی شایستەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان و دەیان بابەتی دیکەی دەکەوێتە سەر، ئێ خۆ لەو برە پارەیەی ٤٧ تریلیۆن دینارەی بۆ شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ دانراوە، ٢٧ تریلیۆنی خەرجی سیادی و حاکیمە بووە و ئەوەی دەمێنێتەوە ٢٠ تریلیۆن دینارە.

*** بۆچی جێبەجێکردنی هەر دوو بودجەی وەبەرهێنان و پڕۆژەکانی پترۆ دۆلار وا بە خراپی بەڕێوەدەچێت؟ ئێوە وەکو لیژنەی دارایی پەرلەمان تاچەند بە دواداچوونتان بۆ ئەم پرسە کردووە؟**

- بودجەی وەبەرهێنان و پرۆژەکانی پترۆ دۆلار کە لەناو یاسای بودجەدا ئاماژەی پێ کراوە، هەردووکی بە خاوی بەڕێوەدەچێت و کاریگەریی خراپی لەسەر لایەنی ئابووری و جێبەجێکردنی بودجەکە هەیە. هەرچی پەیوەندی بە بودجەی وەبەرهێنانەوە هەیە، هەر ١٥ پارێزگاکەی عێراق بە هۆی ڕێکارەکانی وەزارەتی پلاندانانەوە تا ئێستا بودجەی وەبەرهێنان بۆ ئەو پارێزگایانە خەرج نەکراوە، چ بۆ پڕۆژە بەردەوامەکان بێت، یان پڕۆژە نوێیەکان کە لەناو بودجەدا بڕیاری لەسەر دراوە. هەر بۆیە پەسەندکردنی ئەم پلانانە دواکەوتووە. هەرچی پەیوەندی بە پترۆ دۆلارەوە هەیە و بۆ شایستەی هەرێم و پارێزگاکان دوو تریلیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ پترۆدۆلار، پرسیارم ئاراستەی وەزیری پلاندانان کرد و ئاشکرای کرد، کە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و دیوانی چاودێریی دارایی میکانزمێکی نوێ پەیڕەو دەکەن، بۆ ئەژمارکردنی پشکی پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و گاز، جیاواز لە میکانیزمی پێشتر کە لەسەر بنەمای تێچووی بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییەکان ئەژمار دەکرا.

*** دوای ئەوەی وەزیری وزەی تورکیا ئاماژەی بەوە کرد، بۆریی کەرکوك – جەیهان ئامادەیە بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئایا دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم تا چەند بۆ ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان گرنگە؟**

- هەر چەندە هەناردەکردنی نەوت لە پسپۆڕایەتی و کاری لیژنەی دارایی نییە و پەیوەندی بە لیژنەی نەوت و سامانە سرووشتییەکانەوە هەیە، بەڵام دواجار هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ ئابووری و بودجەی حکومەتی فیدڕاڵیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی تایبەتی هەیە، هەرێمی کوردستان بەشدار دەبێت لە داهاتی حکومەتی فیدڕاڵی و زیاتر زامنی شایستە داراییەکانی خۆی دەکات، حکومەتی فیدڕاڵیش ئەم داهاتە بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەکەی گرنگە، چونکە ڕاوەستانی هەناردەکردنی ئەم نەوتەی هەرێم و لەدەستدانی ئەو داهاتە، دەبێتە هۆی زیادکردنی کورتهێنان و دەرئەنجام بە ناچاری حکومەتی عێراق پەنا دەباتە بەر قەرزکردن و هەرێمیش پشکی دانەوەی ئەو قەرزەی دەکەوێتە ئەستۆ. بۆیە خوازیارم هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکاتەوە، کە بەشێکە لە کۆی هەناردەکردنی نەوتی حکومەتی عێراق و لەناو بودجەدا هەژمار کراوە.

**لەو برە پارەیەی ٤٧ تریلیۆن دینارەی بۆ شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ دانراوە، ٢٧ تریلیۆنی خەرجی سیادی و حاکیمە بووە و ئەوەی دەمێنێتەوە ٢٠ تریلیۆن دینارە**

**بودجەی وەبەرهێنان و پرۆژەکانی پترۆ دۆلار کە لەناو یاسای بودجەدا ئاماژەی پێ کراوە، هەردووکی بە خاوی بەڕێوەدەچێت و کاریگەریی خراپی لەسەر لایەنی ئابووری و جێبەجێکردنی بودجەکە هەیە**

**ڕاوەستانی هەناردەکردنی ئەم نەوتەی هەرێم و لەدەستدانی ئەو داهاتە، دەبێتە هۆی زیادکردنی کورتهێنان و دەرئەنجام بە ناچاری حکومەتی عێراق پەنا دەباتە بەر قەرزکردن**



**پارێزەر ئیسماعیل سایەمیر**

**فەیلی پسپۆڕ لە بواری یاسایی و زانستە سیاسییەکان بۆ گوڵان:**

# مستەفا بارزانی لای کوردانی فەیلی کاریزما و ئەفسانەیەکی مێژووییە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی هەموو زوڵملێکراوێک، نەک تەنیا کورد

**هۆکاری سەرەکیی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە هۆی کوردبوونیان و پاڵپشتییان بۆ شۆڕش و کاریزمای مەلا مستەفا بارزانی بووە، ئەو تاوانە دژە مرۆڤایەتییە بە یەکێک لە دڕندەترین تاوانە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت. سەرۆک بارزانی لە کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی بۆ بە جینۆساید ناساندنی کوردانی فەیلی، پەردەی لەسەر ئەو زوڵم و جینۆسایدە هەڵدایەوە، ئەم هەڵوێستەش لای کوردانی فەیلی بیرهێنانەوەی مەلا مستەفا بارزانی بوو، بەوەی دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ کوردانی فەیلی هەبوو، پاڵپشت و بەرگریکاری مافە زەوتکراوەکانیان بوو. بۆ قسەکردن لەسەر جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵاندا دیدارێکمان لەگەڵ کەسایەتییەکی شارەزا و پسپۆڕی یاسایی و زانستی سیاسی ساز دا. پارێزەر ئیسماعیل سەیەمیر لە بنەماڵەیەکی ناسراوی «مەندەلی»یە و باوکی لە ساڵی ١٩٦٨ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ڕێکخستنەکانی پارتی لەو شارەدا.**

*** بەو پێیەی باوکت (سایەمیر هاشم) یەکەمین دامەزرێنەری ڕێکخستنەکانی پارتی بووە لە ساڵی ١٩٦٨ لە مەندەلی، با سەرەتای پرسیارەکەمان لەوەوە دەستپێبکەین، ئایا ڕۆڵ و پێگەی کوردانی فەیلی لە پاڵپشتییان بۆ مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول لەو سەردەمەدا چۆن بوو؟**

- مێژووی زوڵم و زۆرداری بەرانبەر گەلی کورد و لە ناویشیاندا کوردانی فەیلی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو دەمەی بەشێك لە خاکی کوردستانیان بە زۆر بەو دەوڵەتەوە لکاند، ئیتر لەو کاتەوە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی پاشایەتی تاوەکو کۆماری، کورد و کوردانی فەیلییان خستە بەردەم شاڵاوێکی نائەخلاقی و نایاسایی، گرفتیان بۆ ناسنامەکانمان دروست کرد و تۆپۆگرافیای بەغدا و ناوچەکانی دیالە و خانەقین و مەندەلی و بەدرە و جەسانیان گۆڕی، بەتایبەتی دوای شاڵاوی ڕاپێچکردنی بە زۆرەملێی کوردانی فەیلی بۆ ئێران و کوشتن و دەستگیرکردنی گەنجەکانیان و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵیان، هەموو ئەمانە بە هۆی کوردبوونیان و نزیکی و خۆشەویستییان بۆ ڕەمزی مقاوەمەی نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمە کاتێك باوکم و ژمارەیەك لە پیاوماقووڵان و کەسایەتییەکانی مەندەلی سەردانی مەلا مستەفا بارزانییان کرد، زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوانە خۆشەویستی بۆ کوردانی فەیلی نەشاردەوە و بەڵێنی پێ دان، کە خاك و نیشتمانەکەیان پارچەیەکی دانەبڕاوە لە کوردستان و هەرگیز سازشی لەسەر ناکەن، هەر بۆیە باوکم (سایەمیر هاشم) لە خۆشەویستی بۆ مەلا مستەفا بارزانی، ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی کردووە و ساڵی ١٩٦٨ یەکەمین ڕێکخستنەکانی پارتی

**شاڵاوی ڕاپێچکردنی بە زۆرەملێی کوردانی فەیلی بۆ ئێران و کوشتن و دەستگیرکردنی گەنجەکانیان و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵیان، هەموو ئەمانە بە هۆی کوردبوونیان و نزیکی و خۆشەویستییان بۆ ڕەمزی مقاوەمەی نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی دەگەڕێتەوە**

لە مەندەلی دامەزراندووە، وەکو لێپرسراوی ناوچەی پارتی لەوێ کاری کردووە. باوکم بۆی دەگێڕامەوە، کاتێك چەندین جار سەردانی مەلا مستەفا بارزانییان دەکرد، پێیان سەیر بوو کە بارزانی بە لەهجەیەك قسەی دەکرد، لەلایەن کوردانی فەیلییەوە زۆر بە جوانی لێی تێدەگەیشتن و بە خۆشەویستی و سادەیی و خاکەڕایی بارزانی سەرسام بوون، ئەوان دەیانگوت مستەفا بارزانی پێی ڕاگەیاندووین: «کوردانی فەیلی ڕەمزی مقاوەمەی کوردن لەناو جەرگەی بەغدا و دوژمن تا زوڵم و چەوسانەوەیان لەسەر زیاد بکات، ئەوان زیاتر سوور دەبن لەسەر کوردبوونیان، بۆیە بە هیچ شێوەیەك بڕوا مەکەن دەستبەرداری خانەقین و مەندەلی و بەدرە و ناوچەکانی دیکەی کوردانی فەیلی بین». تەنانەت کاتێك مەلا مستەفا بارزانی باسی ئازار و ئەشکەنجەدانی کوردانی فەیلی لە مەندەلی دەکرد، وەکو ئەوە بوو خۆی لەو شارە بژی و لە نزیکەوە لە ئازار و مەینەتییەکانیان ئاگادار بوو. کوردانی فەیلی لەناو دڵی مەلا مستەفا بارزانیدا جێگەو مەکانەتێکی گەورەیان هەبوو. بەردەوام مەدحی کوردانی فەیلی دەکرد و، هەرگیز کوردە قارەمانەکانی بەغدا و دیالە و کەرکوك و تەواوی ئەو ناوچانەی لەبیر نەدەکرد و باسیانی دەکرد. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵ و پێگەی کوردانی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلوول دیار و لەبەرچاو بووە و زۆربەی سەرکردەکانی پارتی کوردی فەیلی بوون، هەر لە عادل موراد سکرتێری یەکێتیی قوتابیان و زەکییە ئیسماعیل بەرپرسی ئافرەتان و یەدوڵڵا کەریم بەرپرسی لاوان و مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی کە برای جەعفەر محەمەدە و یەکێك لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی بووە. کوردانی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلوولدا هاوکاری و پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانییان بە کۆمەك و یارمەتیی داراییش دەکرد، مەلا مستەفا بارزانی و سەرۆك مەسعود بارزانی لە چەندین بۆنەدا ئەمەیان باس کردووە، تەنانەت یەکەمین ئێزگەی دەنگی کوردستان بە کۆمەك و هاوکاریی کوردانی فەیلی کڕدرا و گەیەندرایە چیا سەرکەشەکانی کوردستان. لای کوردانی فەیلی مەلا مستەفا بارزانی تەنیا کەسایەتیی و خەباتگێڕێکی گەورەی نەتەوەیی و سەرکردەیەك نەبوو، بەڵکو کاریزما و ئەفسانەیەکی ڕاستەقینەی مێژوویی بووە، لە ئازایەتی و بەرگریکردن لە مەزڵووم و پارێزگاریکردن لە هەق و دادپەروەری.

*** کەواتە هۆکاری یەکەمی جینۆسایدی کوردانی فەیلی، بە هۆی کوردبوونیانەوە بووە. ئایا ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەتایبەتی ڕژێمی بەعس بە چ پاساوێکی دیکە ئەو جینۆسایدەی ئەنجام داوە؟**

- عێراقییەکان پێش هەموو دونیا ئەو ڕاستییە دەزانن، کە کوردی فەیلی بیانی نین و هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەداوە، تاوەکو بەو شێوە دڕندەییە بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران بکرێن و، ماڵ و حاڵیان تاڵان بکرێت و، گەنجەکانیان بە بڕیاری مەجلیس قیادەی سەورە و مەحکەمەی سەورە دەستگیر بکرێن و لە سێدارە بدرێن. ئەوان لەبەر کوردبوونیان و زۆربەی ڕێژەی خێزانە کوردەکان لە بەغدا ئەم تاوانەی دژ بە مرۆڤایەتییەیان دەرهەق کراوە. ئەوان لە ڕێککەوتنەکەی ١١ی ئاداری نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتی عێراق، پاڵپشتیی ڕێککەوتنەکەیان کرد و گەورەترین ڕێپێوانیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی ساز دا. لە هاتنەوەی بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت پێشوازیی گەرمیان لێ کرد، کاتێك لە فڕۆکەخانەی موسەننا لە شاری بەغدا دابەزی، پێشوازیی هەڤاڵانی بارزانییان کرد، کە بە ڕێگەی ئاوی لە بەسرا گەڕانەوە و پێشوازییەکی گەورەیان لێکردن، لەمەش گرنگتر گەنجەکانی کوردی فەیلی خۆبەخشانە نۆرە بە نۆرە پاسەوانی ئەو شوێنەیان دەکرد کە مستەفا بارزانی لە بەغدا لێی نیشتەجێ بوو، تاوەکو بە غەدر زەفەری پێ نەبرێت. من باسی ناو ڕیزەکانی پارتی و پێشمەرگایەتی ناکەم، کە کوردی فەیلی چەند زۆر و دڵسۆز بوون، من باسی هەموو کوردانی فەیلی دەکەم بە ژن و پیاو و گەنجیانەوە، کە خۆشەویستییان بۆ بارزانی بێ وێنە بوو. بارزانی ڕەمزی بەرگریکردن و پارێزگاریکردنی مافی نەتەوەی کورد و مەزڵوومەکان بوو، بۆیە کوردانی فەیلی پشتیوانی بوون، ئەوەش وای کرد بەو شێوەیە نائەخلاقی و دوور لە هەموو

**باوکم (سایەمیر هاشم) لە خۆشەویستی بۆ مەلا مستەفا بارزانی، ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی کردووە و ساڵی ١٩٦٨ یەکەمین ڕێکخستنەکانی پارتی لە مەندەلی دامەزراندووە**

**زۆربەی سەرکردەکانی پارتی کوردی فەیلی بوون، هەر لە عادل موراد سکرتێری یەکێتیی قوتابیان و زەکییە ئیسماعیل بەرپرسی ئافرەتان و یەدوڵڵا کەریم بەرپرسی لاوان و مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی کە برای جەعفەر محەمەدە و یەکێك لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی بووە**

**عێراقییەکان پێش هەموو دونیا ئەو ڕاستییە دەزانن، کە کوردی فەیلی بیانی نین و هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەداوە، تاوەکو بەو شێوە دڕندەییە بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران بکرێن و، ماڵ و حاڵیان تاڵان بکرێت**



عورفێکی نێودەوڵەتی و تەنانەت یاساکانی عێراقیشەوە جینۆساید کران. کوردی فەیلی بەو پێیەی لەناو جەرگەی بەغدا و دیالە و خانەقین و مەندەلی و بەدرە و ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق و لە هێڵی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی تەعریب و کوشتن بوون، هەر زوو تووشی جینۆساید و ڕاپێچکردنی بە زۆرەملێ و کوشتن و زیندان بوونەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف و حەرەس قەومی و بەعسییەکان بە دڕندەترین شێوە کوردانی فەیلی ئەشکەنجە دران و ئازار و مەینەتیی زۆریان بینی و تراژیدیای کوردانی فەیلی تا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش هەر بەردەوام بوو.

*** ئایا لایەنی مەزهەبی کاریگەریی لەسەر لایەنی نەتەوەیی کوردانی فەیلی دانەناوە، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کە زۆر لە حزبە شیعە دەسەڵاتدارەکان نفووز و حوکمیان بەدەستەوەیە، هەوڵی ڕاکێشانی کوردانی فەیلییان داوە بۆ ناو حزبە ئیسلامییە شیعەکانیان؟**

- کوردەکانی فەیلی بە گەنج و بە بەتەمەنەکانیشیانەوە پاڵپشت و هاوکارێکی باشی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول بوون. کوردی فەیلی هەستی نەتەوەییان زۆر بەرزە، ڕاستە ئەوان وەکو لایەنی مەزهەبی شیعەن، بەڵام کەسانی ڕۆشنبیری گەورەیان تێدایە و

**یەکەمین ئێزگەی دەنگی کوردستان بە کۆمەک و هاوکاریی کوردانی فەیلی کردرا و گەیەندرایە چیا سەرکەشەکانی کوردستان**



**باوکم بۆی دەگێڕامەوە دەیگووت کوردانی فەیلی لەناو دڵی مەلا مستەفا بارزانیدا جێگەو مەکانەتێکی گەورەیان هەیە و مەلا مستەفا بارزانی پێی گووتووین: «کوردانی فەیلی ڕەمزی مقاوەمەی کوردن لەناو جەرگەی بەغدا و دوژمن تا زوڵم و چەوسانەوەیان لەسەر زیاد بکات، ئەوان زیاتر سوور دەبن لەسەر کوردبوونیان، بۆیە بە هیچ شێوەیەك بڕوا مەکەن دەستبەرداری خانەقین و مەندەلی و بەدرە و ناوچەکانی دیکەی کوردانی فەیلی بین»**

پشتگیری لایەنە چەپەکانیشیان کردووە، بەڵام هەرگیز خۆشەویستیان بۆ مەزهەبەکەیان لەسەر حیسابی لایەنی نەتەوەیی نەبووە، کوردانی فەیلی گرنگییەکی زۆر بە لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد دەدەن. ئەوان لەناو هەناوی کوردایەتی و شۆڕشی ئەیلوول پەروەردە بوون و خەباتیان کردووە، بۆیە هەرگیز لایەنی نەتەوەییان لەیاد نەکردووە. بەداخەوە فەرامۆشکردنی کوردانی فەیلی و توانا و دەسەڵاتدارانی حزبە ئیسلامییە شیعەکانی عێراق وای کردووە، ژمارەیەك لەو کوردانەی فەیلی ڕوو لەو حزبە شیعەیانە بکەن، دامەزراندنی ڕۆڵەکانیان و پێدانی هەلی کار لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هۆکارێکی گرنگی ڕاکێشانی کوردانی فەیلی بووە بۆ ناو حزبە شیعەکان. ئیستغلالکردنی لایەنی ڕۆحی مەزهەبیی شیعە و پێدانی دەسەڵات و دامەزراندن لە کۆلێژەکانی سەربازی و ئەمنی وای کردووە، ژمارەیەك لە کوردانی فەیلی ڕابکێشن، گەنجەکانمان دامەزراندنیان دەوێت، دامەزراندنیش لەلای ئەو حزبە شیعەیانەیە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی بە ڕۆئیایەکی دیکەوە ڕوو لە گرنگیدان بە کوردانی فەیلی بکەن و لە پۆستە سەربازی و ئەمنی و ئیداری و حزبییەکان گرنگیی زیاتر بە کوردانی فەیلی بدەن.

**لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف و حەرەس قەومی و بەعسییەکان بە دڕندەترین شێوە کوردانی فەیلی ئەشکەنجە دران و ئازار و مەینەتیی زۆریان بینی و تراژیدیای کوردانی فەیلی تا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش هەر بەردەوام بوو**

*** ئایا بۆ گەڕانەوەی تەواوی مافی کوردانی فەیلی و بەگەڕخستنی هەوڵی زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کوردانی فەیلی، پێویستە چی بکرێت؟**

- کۆنفرانسی بە جینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی کە لەسەر داوا و سەرپەرشتیی سەرۆك مەسعود بارزانی ڕێکخرا بوو، بۆ ئێمەی کوردانی فەیلی جێگای فەخر و شانازی بوو. دوای ئەوەی زەمەنێك بوو ئەو جینۆسایدەیان




بە پەراوێز خستبوو، لە هیچ شوێنێك باسیان نەدەكرد. من كاتێك لە ساڵی ١٩٩٧ لەناو ڕێكخستنەكانی پارتی بووم لە بەغدا و خانەقین و مەندەلی و لەگەڵ محەمەد بەدری نووسەر و ڕۆشنبیری كورد و حەیدەر خەسرەو و حەیدەر سایەمیر و چەند كەسایەتییەكی دیكە سەردانی سەرۆك مەسعود بارزانیمان كرد و لە نزیكەوە بەدیداری شاد بووین. سەرۆك مەسعود بارزانی پێی وتین: «ڕۆڵی كوردانی فەیلی هەرگیز لەبیر ناكەم، كە چۆن پاڵپشتیی ڕێككەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژووییان كرد، خەباتی چەندین ساڵەشیان بۆ پاڵپشتی شۆڕش كردووە». پێشتریش لە بەغدا بە دیداری سەرۆك مەسعود بارزانی شاد بووین، ئەو كاتیش پێی وتین: «كوردانی فەیلی خاوەنی مێژوویەكی پڕ لە شانازین لە پاڵپشتیكردنی شۆڕش و كوردایەتی، یەكەمین ئێزگەی دەنگی كوردستانیش لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە لە كوردانی فەیلییەوە بۆمان دابین كرا و لە هاوكاریی پێشمەرگەشدا بازرگان و كاسبكارانی كوردانی فەیلی ڕۆڵێكی گەورە و بێ وێنەیان هەبووە، بۆیە بەردەوام پاڵپشت و داواكاری گەڕانەوەی مافەكانیانم».


كاتی ئەوە هاتووە كوردانی فەیلی لە ناو جەرگەی بەغداوە دامەزراوەیەكی نەتەوەییان بۆ دابمەزرێت و ئەو دابڕانە ڕاست بكرێتەوە كە لە زەمەنی دوای مەلا مستەفا بارزانییەوە تاكو ئەمڕۆ تێی كەوتووین، ئەو دامەزراوەیە پێویستە تەنیا ئەركی كۆكردنەوە و یەكخستنی بەڵگەنامەكان لە ئەستۆ نەگرێت، بەڵكو تێكەڵ بە كاروباری مەدەنی و ئابووری و سیاسیی كوردانی فەیلیش بێت و كەسانی بەرپرس ڕابەرایەتیی كوردانی فەیلی بكەن و گەنجەكانیان لەناو دامەزراوەكانی عێراق و كوردستان و حزبدا دابمەزرێنن و ڕێگا نەدەن كەسانی دیكەی ناو حزبە شیعەكان ئەم بۆشاییە پڕ بكەنەوە.


سەرۆك مسعود بارزانی پێی وتین: «ڕۆڵی كوردانی فەیلی هەرگیز لەبیر ناكەم، كە چۆن پاڵپشتیی ڕێككەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژووییان كرد، خەباتی چەندین ساڵەشیان بۆ پاڵپشتی شۆڕش كردووە». هەروەها لە بەغداش بە دیداری سەرۆك مەسعود بارزانی شاد بووین، ئەو كاتیش پێی وتین: «كوردانی فەیلی خاوەنی مێژوویەكی پڕ لە شانازین لە پاڵپشتیكردنی شۆڕش و كوردایەتی، یەكەمین ئێزگەی دەنگی كوردستانیش لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە لە كوردانی فەیلییەوە بۆمان دابین كرا و لە هاوكاریی پێشمەرگەشدا بازرگان و كاسبكارانی كوردانی فەیلی ڕۆڵێكی گەورە و بێ وێنەیان هەبووە، بۆیە بەردەوام پاڵپشت و داواكاری گەڕانەوەی مافەكانیانم».

**كۆنفرانسی بە جینۆسایدناساندنی كوردانی فەیلی كە لەسەر داوا و سەرپەرشتیی سەرۆك مەسعود بارزانی ڕێكخرا بوو، بۆ ئێمەی كوردانی فەیلی جێگای فەخر و شانازی بوو**



# حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان
## کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی توندئاژۆیی و دەمارگیریی شۆڤێنیی دەرەوە لەژێرەوە ئاستەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دروست دەکەن





**د. قادر مەجید قەشوری**

پسپۆڕی هزری ئیسلامی

بۆ گوڵانی نووسیوە

**«ئەگەر هەر زانایەكی ئایینی ئیسلامیی كورد پرسیار لە هەر زانایەكی ئایینی ئیسلامیی پایەبەرزی عەرەب و تورك و فارس بكات و پێیان بڵێت: ئایا بەڕێزتان ڕازین كوردیش وەك تەواوی گەلانی موسڵمان ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی و كوردستان لە ژێردەستی ڕزگاری بێت؟ ئەوا ڕاستەوخۆ بە زانا كوردەكە دەڵێت: «نا. نا، نابێت، نابێت (دار الاسلام) زیاتر پارچە پارچە ببێت»، هەروەك ئەوەی (دار الاسلام) هەمووی پێكەوە نووساوە و هیچ سنوورێك پارچەی نەكردبن، ئینجا حزبە ئیسلامییەكان و زانا كوردەكانیش ئەوەندە كەسایەتییان لاوازە و كاڵفامن و بێ جورئەتن، پێیان ناڵێن: «بۆچی (دار الاسلام) چی بەسەر چییەوە ماوە؟ ئەی خاچپەرستان لەباریەكیان نەبردووە؟ ئەی نەیانكردوون بە ٢٣ دەوڵەتی عەرەبی و ٥٦ دەوڵەتی بەناو ئیسلامی؟ ئەی بۆچی هەمووتان بێدەنگن؟» یان پێیان بڵێن: «ئێوە موسڵمانانی خاوەن دەوڵەت ببن بە یەك دەوڵەتی ئیسلامیی یەكگرتوو و سنوورەكان هەڵگرن، ئەوا ئێمەی كورد هەر بەخۆی لەگەڵتانین و دەوڵەتمان نییە، لە دەستی بدەین».**

**به ناوی خوای بەخشەندە و میهرەبان**

سەرەتا ئایینی پیرۆزی ئیسلام، کۆتا ئایینی ئاسمانییە و پێغەمبەری مەزن محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا (دروودی خودای لەسەر بێت) کۆتا پێغەمبەرە. ئەم ئایینە تەنیا چارەسەری پەیوەندیی نێوان کەسەکان و خودا ناکات، بەڵکو چارەسەری گشت پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە دەوروبەریشی دەکات، هەر لە ژیانی دونیاداری تا ژیانی کۆتایی.

لە میانەی ئەم پەیوەندییانە چارەسەری لایەنی سیاسی لە ژیانی مرۆڤدا دەکات لە بازنەی سیاسەتێکی شەرعیدا، بە شێوەیێك بەپێی ئاستی پابەندبوونی هەر تاکێك بە فرمانەکانی خودای مەزن خۆشگوزەرانیی دونیا و قیامەتیان بۆ دەستەبەر دەکات، سیاسەتی شەرعی ئیسلامی پشت دەبەستێت بە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ئیسلام کە خۆیان لە قورئانی پیرۆز و ڕێڕەوی وتە و کردار و بڕیارە ڕاست و دروستەکانی پێغەمبەری مەزندا دەبیننەوە، جگە لە مانەش زانایان پەنا دەبەنە بەر چەند بنەمایێکی دیکەی دانانی ئەحکامی فقهی لە (قیاس، اجماع، استحسان، سد الذرائع، مصالح مرسلة، شرع مَن قبلنا، - عرف...) و ڕای مەزهەب و مەرجەعە ئایینییەکان. بە هەمان شێوە ئایینە ئاسمانییەکانی پێش ئیسلامیش میکانیزمی خۆیان هەبووە بۆ ڕێکخستنی ئەم جۆرە پەیوەندییانە. ئا لێرەدا هزری موسڵمانان کە بریتییە لە «دەرئەنجامی بیرکردنەوەی موسڵمانان لە بازنەی شەرعی ئیسلامدا» لە ناو موسڵماناندا زۆر کاریگەری هەبووە و هەیە، هەروەها «سیاسەتی شەرعی» لە ئیسلامدا هەبووە و هەیە کە بریتییە لە پێناسەی (ابن القيم الجوزية) و وتەی (أبی الوفاء بن عقيل الحنبلی) لەم مانایەدا: «السياسة الشرعية ما كان من الأفعال؛ بحيث يكون الناس معها أقرب إلى الصلاح وأبعد عن الفساد، وإن لم يشرعه الرسول صلى الله عليه وسلم ولا نزل به وحي»، واتا سیاسەی شەرعی بریتییە لە: «هەر کار و کردارێك خەڵك لەگەڵیدا نزیکترە لە چاکە و دوورترە لە خراپە، هەرچەندە پێغەمبەر داینەڕشتبێت و وەحی پێ دانەبەزیبێت»، لەسەر بنەمای (أينما تكون المصلحة فثم شرع الله)، واتا بەرژەوەندیی مرۆڤ لە هەر کوێیەك بێت، ئەوا شەرعی خودا لەوێیە، بە مەرجێك بەرژەوەندییەکان لە بازنەی شەرعی ئیسلام دەرنەچووبێتن و تەئویلی ناڕێکی بۆ نەکرێت. هەروەها سیاسەی شەرعی ئەوەیە: (تدبير شؤون الناس بما يكفل لهم المصلحة ويرفع عنهم المضار)، واتا: بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك بە شێوەیێك بەرژەوەندییەکانیان دەستەبەر بکات و لە زەرەر و زیانیان بەدوور بخاتەوە.

پێغەمبەری مەزن محەممەد (د.خ)، بەر لە دابەزینی وەحی بۆی و پاش دابەزینی وەحی و بوونی بە پێغەمبەر، مرۆڤێکی ڕەوشت بەرز و سیاسییەکی شەرعی بووە، هەروەك پێش دابەزینی وەحی بە ڕاستگۆ و دەستپاك ناسراو بووە، کە دوو مەرجی سەرەکین دەبێت لە مرۆڤی سیاسیی شەرعیدا هەبن، بۆ نموونە توانی بە هزرێکی سیاسی - شەرعی کێشەی دانانەوەی بەردی ڕەش لە شوێنەکەی خۆی لە ناو دیواری کەعبەی پیرۆز چارەسەر بکات، بەمەش ڕێگەی نەدا قەبیلە عەرەبە کافرە قوڕەیشییەکان بە شەڕ چارەسەری بکەن. هەروەها پاش بوونی بە پێغەمبەر و لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئیسلام بە نهێنی، سیاسەتێکی شەرعی پەیڕەو کردووە، بۆ نموونە: لە مەککە بەرنامەیێکی ئیلاهی هەبووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام و ڕێکخستنەوەی ژیان و بە گیانی خۆی و بەرگەگرتنی ئازار و ئەشکەنجدانی خۆی و هەواڵە پیرۆزەکانی و هجرەتکردن بۆ شاری (تائیف) بەرگری لێ کردووە و دەستبەرداری نەبووە، جگە لەمەش بەرنامەکەی بۆ شاندەکانی هۆزە عەرەبەکان دەخستە ڕوو لە کاتی ڕێوڕەسمی حەجکردن، و داوای لێ دەکردن، بێنە ناو بازنەی ئیسلامەوە. هەر بەم سیاسەتە شەرعییەوە و بۆ چەسپاندنی بەرنامە ئایینییەکەی و بەدەستهێنانی ئازادی، مەککە جێ دەهێڵێت و شوێنی کارکردنی دەگوازێتەوە شاری مەدینە (یثرب) و لەوێ برایەتی لە نێوان موسڵمانانی موهاجیر و ئەنسار دروست دەکات و یەکەم بارەگەی ڕەسمی بۆ عیبادەت و بڵاوکردنەوەی ئیسلام دروست دەکات کە مزگەوتی مەدینەیە.

**سیاسەتی شەرعی ئیسلامی پشت دەبەستێت بە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ئیسلام کە خۆیان لە قورئانی پیرۆز و ڕێڕەوی وتە و کردار و بڕیارە ڕاست و دروستەکانی پێغەمبەری مەزندا دەبیننەوە**

**بەرژەوەندیی مرۆڤ لە هەر کوێیەک بێت، ئەوا شەرعی خودا لەوێیە، بە مەرجێک بەرژەوەندییەکان لە بازنەی شەرعی ئیسلام دەرنەچووبێتن و تەئویلی ناڕێکی بۆ نەکرێت**

**پێغەمبەری مەزن محەممەد (د.خ)، بەر لە دابەزینی وەحی بۆی و پاش دابەزینی وەحی و بوونی بە پێغەمبەر، مرۆڤێکی ڕەوشت بەرز و سیاسییەکی شەرعی بووە، هەروەک پێش دابەزینی وەحی بە ڕاستگۆ و دەستپاک ناسراو بووە، کە دوو مەرجی سەرەکین دەبێت لە مرۆڤی سیاسیی شەرعیدا هەبن**

ئەمڕۆش لەبەر نەبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی و عادلی سەرتاسەری، سیاسەتکردن بە شێوەیێکی شەرعی لەسەر ڕەوشتبەرزیی پێغەمبەر محەمەد (د خ)، واتا بە ڕەوشتبەرزی و دوور لە ستەم و دەستبادانی یەکتری و دوور لە خیانەتکردن کارێکی دروستە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بەرژەوەندییەکان و سەرکەوتنی هەرە باشەکان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە و پاراستنی دەستکەوتەکان.

حزبە ئیسلامییەکان وەکو حزبە عەلمانی و ئایدیۆلۆژییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی دی لەسەر ئاستی وڵاتانی موسڵمانان و لە هەرێمی کوردستانیش بوونیان هەیە و شاراوە نییە کە لێرە و لەوێ کار بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دەکەن، و بە مەزندەی خۆیان دەیانەوێت بەپێی شەرعی ئیسلامی حوکمڕانییێکی مۆدێرن و گونجاو و یەکسان بەڕێوە ببەن، و بەپێی بنەماکانی ئیسلام حوکمڕانی بکەن. بەڵام ئەوەی لە ناو لایەنەکانی دیکە بڵاوە، ئەوەیە کە حزبە ئیسلامییەکان زیاتر مەیلیان بە لای یەکپارچەیی «دار الاسلام»ـە و کەمتر ددان بە پارچەبوونی (دار الاسلام)دا دەنێن، وەکو ئەوەی ئێستا لە جیهانی ئیسلامدا لە ئارادایە، و کەمتر کاری جددی بۆ ئازادکردن و سەربەخۆیی خاکی کوردستانی پارچەکراو لەلایەن ناموسڵمانان و بە دەستخۆشی موسڵمانانی عەرەب و تورك و فارس دەکەن.

لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و زانایانی ئایینی کورد و زیاتریش ئەو حزبە ئیسلامییانە کەوتوونەتە ژێر ئەزموونی توند و دەمارگیر و شۆڤێنیی بەشێکی زۆر لە زانا و حوکمڕانانی غەیری کورد و پەیوەستبوونە بە پڕۆپاگەندەی ئەوان بۆ برایەتیی موسڵمانان و(المؤمنون أخوة في الدين)، کەچی هەر نەتەوەکانی خودی ئەوان کە لە دەسەڵاتدان (لە عەرەب و تورك و فارس) خۆیان بەم ئایەتە پیرۆزە پێگیر نەبوون و ناشبن، تەنیا بۆ فراوانکردنی خۆیان و دەستبەسەرداگرتنی خاکی نەتەوەکانی دی کار دەکەن، دەرحەق بە کوردیش سۆزی برایەتیی ئیسلام و مرۆڤایەتییان بە هیچ شێوەیێك نییە و هیچ کاتێك ئاسانکارییان نەکردووە بۆ:

یەکەم: کارکردن بۆ یەکپارچەیی وڵاتانی موسڵمانان لە یەك نیشتماندا. واتا هەڵگرتنی سنوورە دەستکردەکانی نێوان دەوڵەتی موسڵمانان، بەڵکو شەرعییەت دەدەنە سنوورە دەستکردەکانی ئەو وڵاتانە.

دووەم: کار ناکەن بۆ ددانان بە مافی گەلی کوردی موسڵمان و کارکردن بۆ یەکپارچەیی خاکی کوردستانی مەزن و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان.

بەڵکو نەتەوە داگیرکارەکانی کوردستان سەرەڕای هەبوونی دژایەتی لە نێوانیان (بە حزبە ئیسلامییەکان و سیاسییەکانیشیانەوە) بەردەوام یەك دەگرن، تاکو کورد بێهێز بکەن و توانایان نەهێڵن و ڕێگەیان لێ بگرن، تاکو بە ئامانجەکانیان نەگەن. هەروەها لێرەدا ڕۆڵی حزبە ئیسلامییەکانی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و حزبە ئیسلامییە سیاسییە کوردییەکان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن بەتایبەتی، وەکو پێویست نایێتە بەرچاو، بەڵکو پەیوەندییان بە حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە دەرەوەی کوردستان بەهێزترە، هەروەها تێبینی نەکراوە، حزبە ئیسلامییە ناکوردەکان بە شێوەیێکی بەرچاو جەختیان لەسەر مافەکانی کوردانی موسڵمان کردبێتەوە، یان سەرکۆنەی ئەو دەسەڵاتانەیان کردبێت، کە لەژێر ئایەتی قورئانی پیرۆزدا، وەکو (سوورەتی ئەنفال و سوورەتی فەتح) و دروشمی «توکلنا علی اللە» جینۆسایدی نەتەوەی کوردانی موسڵمانی بێدەسەڵاتیان کردووە. بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە و سەرەڕای ژێردەستیی کورد و زانایانی کورد و پابەندبوونیان بە ڕێنماییەکانیان، ئەگەر هەر زانایەکی ئایینی ئیسلامیی کورد پرسیار لە هەر زانایەکی ئایینی ئیسلامیی پایەبەرزی عەرەب و تورك و فارس بکات و پێیان بڵێت: ئایا بەڕێزتان ڕازین کوردیش وەك تەواوی گەلانی موسڵمان ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی و کوردستان لەژێردەستی ڕزگاری بێت؟ ئەوا ڕاستەوخۆ بە زانا کوردەکە دەڵێت: «نا. نا، نابێت، نابێت (دار الاسلام) زیاتر پارچە پارچە ببێت»، هەروەك ئەوەی (دار الاسلام) هەمووی پێکەوە نووساوە و هیچ سنورێك پارچەی نەکردبن! ئینجا حزبە ئیسلامییەکان و زانا کوردەکانیش ئەوەندە کەسایەتییان لاوازە و کاڵفامن و بێ جورئەتن، پێیان ناڵێن:

**ڕەوشتبەرزی و دوور لە ستەم و دەستبادانی یەکتری و دوور لە خیانەتکردن کارێکی دروستە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بەرژەوەندییەکان و سەرکەوتنی هەرە باشەکان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە و پاراستنی دەستکەوتەکان**

**نەتەوە داگیرکارەکانی کوردستان سەرەڕای هەبوونی دژایەتی لە نێوانیان (بە حزبە ئیسلامییەکان و سیاسییەکانیشیانەوە) بەردەوام یەك دەگرن، تاکو کورد بێهێز بکەن و توانایان نەهێڵن و ڕێگەیان لێ بگرن، تا بە ئامانجەکانیان نەگەن**

**گلەیی لە هەموو حزبە ئیسلامییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستانی مەزن و دەرەوەی کوردستان هەیە، لەوانە «کۆمەڵەی ئیخوانولموسلمین»ی میسری، کە ئێستا قاڵبی جیهانی وەرگرتووە، ئەوان بە ڕواڵەت دەڵێن موسڵمانان بران و پەیڕەوی بنەما ڕاست و دروستەکانی ئیسلام دەکەن، کەچی لە جێبەجێکردندا وا نین**



**هیچ حیساب بۆ کوردی موسڵمان ناکەن و بە تەعریب و تەتریک و تەفریس و داگیرکردن دەیانەوێت کورد و کوردستان لە ناو ڕیزی «شعوبا و قبائل» بسڕنەوە**

«بۆچی (دار الاسلام) چی بەسەر چییەوە ماوە؟ ئەی خاچپەرستان لەباریەکیان نەبردووە؟ ئەی نەیانکردوون بە ٢٣ دەوڵەتی عەرەبی و ٥٦ دەوڵەتی بەناو ئیسلامی؟ ئەی بۆچی هەمووتان بێدەنگ نین؟» یان پێیان بڵێن: ئێوە موسڵمانانی خاوەن دەوڵەت ببن بە یەك دەوڵەتی ئیسلامیی یەکگرتوو و سنوورەکان هەڵگرن، ئەوا ئێمەی کورد هەر بەخۆی لەگەڵتانین و دەوڵەتمان نییە، لە دەستی بدەین. بەڵام کە ئێوە یەك ناگرن، ئێمەش لەسەر بنەمای شەرعی «التعامل بالمثل» وەکو ئێوە دەوڵەتی خۆمان دەوێت و چۆن دەبێت لە کۆنەوە زوڵمتان لێمان کردووە و ئەمڕۆش بەردەوام زوڵممان لێ بکەن؟

گلەیی لە هەموو حزبە ئیسلامییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستانی مەزن و دەرەوەی کوردستان هەیە، لەوانە «کۆمەڵەی ئیخوانولموسلمین»ی میسری، کە ئێستا قاڵبی جیهانی وەرگرتووە، ئەوان بە ڕواڵەت دەڵێن موسڵمانان بران و پەیڕەوی بنەما ڕاست و دروستەکانی ئیسلام دەکەن، کەچی لە جێبەجێکردندا وا نین، ئەگەر بە ئەوانیش بڵێی «ئێوە ڕازین کوردستانی مەزنی کوردانی موسڵمان سەربەخۆ بێت؟» ئەگەر لە ڕاگەیاندنیش ڕاییکی دژبەر نەدەن، ئەوا بە ئاشکرا پشتەوانی لە جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە مەشرووعەی کوردی موسلمان ناکەن،



بەڵکو دەبێت کورد پشتڕاست بن، کە ئەوان لەژێرەوە ئاستەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردی موسڵمان دروست دەکەن.

لەم ڕووەوە ئەو جۆرە نەتەوە و حکومەت و حزب و کۆمەڵە ئیسلامییانە دەکەونە لێواری بێ ئیمانی بە پێی فەرموودەی خودای مەزن کە دەفەرموێت: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ» [سوره الحجرات:١٣]، ئەوان هیچ حیساب بۆ کوردی موسڵمان ناکەن و بە تەعریب و تەتریك و تەفریس و داگیرکردن دەیانەوێت کورد و کوردستان لە ناو ڕیزی «شعوبا و قبائل» بسڕنەوە.

هەروەها ئەوان گوێ بە پێغەمبەری مەزنمان نادەن کە دەفەرموێت: «لا يؤمن أحدكم حتي يحب لأخيه ما يحب لنفسه» ڕوایە البخاری ومسلم، واتا «هەر یەکێکتان باوەڕدار نابێت، ئەگەر ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە، بۆ براکەشت پێ خۆش نەبێت»، بەمەش ئەو نەتەوانە و حزبە ئیسلامییەکانیان ئەوەی بۆ خۆیان پێ خۆشە لە دەوڵەتداری و سەربەخۆیی و خێر و خێرات، بۆ کوردی موسڵمانیان پێ خۆش نییە، تەنانەت ڕێگریشی لێ دەکەن، بۆیە بە تەئکید ئەوان ئیماندار نین و خودای مەزن تۆڵەیان لێ دەسێنێتەوە، هەر ئەوەشە وای لێ کردوون، بەردەوام بە پەرتەوازەیی و لە کارەستباریدا بژین.

**ئەو نەتەوانە و حزبە ئیسلامییەکانیان ئەوەی بۆ خۆیان پێ خۆشە لە دەوڵەتداری و سەربەخۆیی و خێر و خێرات، بۆ کوردی موسڵمانیان پێ خۆش نییە، تەنانەت ڕێگریشی لێ دەکەن**

**قەشە ئەلئەب جبرائیل**

**قەشەی سیمێل لە سنووری پارێزگای دهۆک بۆ گوڵان:**

# بەهاناوەهاتنی قوربانییەکانی حەمدانییە سەلماندی کە ئەم ناوچەیە بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستان

ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە هۆڵێکی ئاهەنگێرانی بووکگواستنەوە لە حەمدانییە کە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووانی ئاهەنگەکە گیانیان سپارد و بریندار بوون، هەر لە ساتی یەکەمی ڕووداوەکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەجێ بەهانایانەوە چوو، بەتایبەت لە گواستنەوەی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێر و دهۆک و چارەسەرکردنیان، پاشان سەرۆکی هەرێم لە هەولێر سەردانی بریندارەکانی کرد و ئامادەیی بۆ هەموو هاوکارییەك پیشان دا، تا ئەو ئاستەی ئەگەر پێویستیان بە دەرەوەی کوردستانیش بێت بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان، هاوکات سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەك هاوخەمی بەشداریی ڕێوڕەسمی پرسە و ماتەمینییەکەی کرد. بۆ ئەو پرسە و چەندین بابەتی دیکە، وەك گۆڤاری گوڵان ئەو دیمانەیەمان لەگەڵ قەشە ئەلئەب جبرائیل کە قەشەی سێمێل ئەنجام دا .



*** ڕووداوی حەمدانییە زۆر خەمباری کردین، بەتایبەتی کە بۆنەیەکی ئاهەنگگێڕان بوو بە ماتەم و شیوەن، لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانیش سێ ڕۆژ ماتەمینی و هاوخەمی بۆ قوربانییەکان ڕاگەیەندرا و، هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستانیش کەوتنە ئامادەباشی بۆ هاریکاری و چارەسەری قوربانییەکان، ئایا چۆن سەیری ئەو هاریکاری و هەماهەنگی و خەمخۆرییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن لەو کارەساتە دڵتەزێنەدا؟**

- بێگومان ئەو ڕووداوەی لە حەمدانییە ڕووی دا، کارەساتێکی نەخوازراوی دڵتەزێنە، بەتایبەتی کە لە نێو ئاهەنگ و شایی و خۆشییەکدا بوو، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە منداڵ و ئافرەت و گەنج و کەسانی سڤیل بوونە قوربانی و شایی و گۆڤەند بووە گریان و مەرگەساتێکی بێ وێنە، بەڵام ئەوەی جێی داخە لەو کارەساتە جەرگبڕەدا ئەوە بوو، نە پارێزگای مووسڵ و نە حکومەتی عێراقی بە دەنگ ئەو خەڵکەوە نەهاتن و فریایان نەکەوتن، بەڵام بەپێچەوانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرگای واڵا کرد و بە هەموو شێوەیەك بە دەنگ ئەو خەڵکەوە هات و ژمارەیەکی زۆر لە بریندارەکان گوازرانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر و دهۆك، هەروەها لەلایەن سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستانەوە هەموو ئامادەباشییەك ڕاگەیەندرا بۆ هاوکاری و ڕزگارکردنی بریندارەکانی ئەو کارەساتە. شایانی ئاماژەپێکردنە هەموو کات گەلی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بەتایبەت ماڵباتی بارزانی بەو پەڕی لەخۆبردوویییەوە بە هانای لێقەوماوان و خەلکی کارەساتبارەوە هاتوون، وەك بینیمان کاتێك تیرۆریستانی داعش پەلاماری شنگاڵ و مووسڵ و دەشتی نەینەوایان دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمان و بڕیاری جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو دەروازە و سنوورێکی هەرێمی بەرانبەر ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان کردەوە، ئەم جارەش لە ڕووداوەکەی حەمدانییە خەسڵەتی مرۆڤدۆستانە و سیفەت و ئاکاری جوانی کوردانە و هێزی پێشمەرگە و عەقیدەی بارزانمان بەدی کرد. لەلایەکی دیکەوە دیتمان هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان ماتەمین بوون و دڵ و هەست و گیانیان لەگەڵ

کریستیانەکانی ئەو شارە و خەڵکەکەی بوو و سێ ڕۆژ ڕاگەیاندنی ماتەمینی لە هەرێمی کوردستان لەسەر بڕیاری جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان وەك هاوسۆزی و هاوبەشییەك بۆ خەم و ماتەمینی، ئێمە هیچ کات ئەم هەڵوێستانە لە یاد ناکەین.

*** بەشێکی زۆری بریندارەکانی ئەو قوربانییانە گوازرانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتەوە بریندارەکان بەسەر کرانەوە و ئامادەییان پیشان دا، ئەگەر بریندارەکان پێویستیان بە دەرەوەی کوردستانیش بێت، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە بیاننێرێتە دەرەوەی وڵات، ئایا تاچەند ئەم بەتەنگەوە هاتنەوە ئازاری ئەو کارەساتەی لا سووك کردن؟**

- بە دڵنیاییەوە یەکەم هەنگاوی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە گواستنەوە بریندارەکان بوو بۆ نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر و دهۆك، کە بووە هۆی ئەوەی گیانلەدەستدان کەمتر ببێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە بریندارەکان بە هەوڵی پزیشك و کارمەندانی تەندروستیی شاری هەولێر و دهۆك (کە پێویستیان بە چارەسەری بەپەلە هەبوو و ژیانیان لەمەترسیدا بوو) لە مردن ڕزگاریان بوو. هەروەها سەردانی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ لای بریندارەکان لە نەخۆشخانەکانی هەولێر و ئامادەباشیی سەرۆکی هەرێم بۆ ڕەوانەکردنی هەر بریندارێك کە پێویستی بە چارەسەر لە دەرەوە هەبێت، لەسەر حیسابی حکومەتی کوردستان و بەشداریی جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە پرسەکەدا زۆر بە گرنگ و گەورە لێی دەڕواندرێت لەلایەن ئێمەی کریستیانەکان، بەتایبەت لەلایەن کەسوکاری ئەوانەی لەو ڕووداوەدا گیانیان سپارد. لەلایەکی دیکەوە بۆ ئێمە و کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا دەرکەوت کە ئێمە بەشێکین لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بە هۆی ئەوەوە کە بەرپرسێکی ئیدارەیی مووسڵ بەهانامانەوە نەهات، بەڵکو دەرکەوت تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە خۆی بە خاوەنمان دەزانێت، بە شەخسی ڕێزداران جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت هاوخەممان بوون، بە چەشنێك خاوەن پرسەکان دەڵێن هەموو ئەمانە دەیسەلمێنێت کە ئێمە بەشێکی دانەبڕاوی هەرێمی کوردستانین.

*** ئەم کارەساتە دڵتەزێنە ئەوەی پیشان داین کە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان لە خۆشی و ناخۆشیدا هاریکار و خەمخۆری یەکترن و وەك هاووڵاتیی یەك نیشتمان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئایا ئێوە وەك کریستیانەکان چۆن سەیری پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دەکەن لەم نیشتمانەدا؟**

- پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان تەنیا زادەی ئەمڕۆ نییە، چونکە ئەگەر سەیری لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کوردستان بکەین، بەتایبەتی لە سەردەمی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان و لەسەر دەستی ڕابەری نەتەوەییمان بارزانیی نەمر، دەبینین هەموو نەتەوەکان لە کوردستان بە ئایین و ئایینزاکانەوە، موسڵمان و کریستیان و ئیزدی و کاکەیی، هەموو بە یەکەوە بەشداربوون و لەسەر یەك خاك شەهیدیش بوون، پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان ڕەگ و ڕیشەی خۆی پتەو کردووە، لە ئێستاشدا، بەتایبەتی لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو بە هۆی بەرنامە و پلانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوەژیان چووەتە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووتر و بووەتە جێگەی سەرنجی وڵاتانی دونیا، بەتایبەتی ڤاتیکان و قەداسەتیی پاپا. من وەك پیاوێکی ئایینی مەسیحی ئەوە پشتڕاست دەکەمەوە کە هەرێمی کوردستان تاکە ناوچەی هێمن و سەقامگیرە بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان لە ناوچەکەدا.

*** ڕێژەی هەرە زۆری کریستیانەکانی عێراق و ئایینەکانی دیکەش لە پارێزگاکانی عێراقەوە کۆچیان کردووە و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون، تەنانەت ئامۆژگای پێگەیاندنی قەشەش لە بەغداوە گواسترایەوە بۆ هەولێر و ئێستا ئەم ئامۆژگایە لە عەنکاوەیە، ئایا ئەو هۆکارانە چین کە کریستیانەکانی عێراق لە کوردستان هەست بە ئارامیی زیاتر دەکەن، لەچاو پارێزگاکانی دیکەی عێراق؟**

- لە ڕاستیدا ئاشکرایە کە بەشی هەرە زۆر لە کریستیانەکان و ئایین و ئایینزاکانی دیکەی عێراق، ڕوو دەکەنە هەرێمی کوردستان، بۆ کریستیانەکانی عێراق و دونیاش ڕوون بووەتەوە

**ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە لەو کارەساتە جەرگبڕەدا، نە پارێزگای مووسڵ و نە حکومەتی عێراقی بە دەنگ ئەو خەڵکەوە نەهاتن و فریایان نەکەوتن**

**هەموو کات گەلی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بەتایبەت ماڵباتی بارزانی بەو پەڕی لەخۆبردووییەوە بە هانای لێقەوماوان و خەلکی کارەساتبارەوە هاتوون**

**لە ڕووداوەکەی حەمدانییە خەسڵەتی مرۆڤدۆستانە و سیفەت و ئاکاری جوانی کوردانە و هێزی پێشمەرگە و عەقیدەی بارزانمان بەدی کرد**

**سێ ڕۆژ ڕاگەیاندنی ماتەمینی لە هەرێمی کوردستان لەسەر بڕیاری جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان وەک هاوسۆزی و هاوبەشییەک بۆ خەم و ماتەمینی، ئێمە هیچ کات ئەم هەڵوێستانە لە یاد ناکەین**

**یەکەم هەنگاوی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە گواستنەوەی بریندارەکان بوو بۆ نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر و دهۆک، کە بووە هۆی ئەوەی گیانلەدەستدان کەمتر ببێتەوە**

کە هەرێمی کوردستان لانکەی پێکەوەژیانە، بۆیە هەموو کریستیانەکان هەوڵیان داوە بێنە هەرێمی کوردستان، هاوکات کریستیانەکان نەك تەنیا خۆیان، بەڵکو پاتریك و سەرۆکایەتیی کریستیانەکانیش گوازرایەوە بۆ شاری هەولێر .

*** کریستانەکانی کوردستان بەشدارییەکی بەرچاویان لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا هەبووە، بێجگە لەوەی چەندین پەرلەمانتاریان هەیە، لە هەمان کاتدا لە ناو حکومەتیشدا وەزیر و چەندین ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتییان هەیە، ئەم بەشدارییەی ئێوە لە پەرلەمان و حکومەت تا چەند ئێوەی وەك هاووڵاتییەکی کوردستان ئاسوودە کردووە و هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆتان دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا ئێمەی کریستیان بە چەشنی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان، لە سایەی سیستەم و دەسەڵاتی بە ماف و بەرژەوەندییەکانیان بگەن، چونکە لە هەموو بۆنەیەکدا جەنابی سەرۆك بارزانی کە مەرجەع و ڕابەر و کاریزمای گەلی کوردستانە، لەسەر زیاتر گرنگیدان بە سەرجەم پێهکاتەکانی کوردستان جەخت دەکاتەوە.

*** زۆر کەم پیاوانی ئایینی کریستیان خۆیان تێکەڵاوی کاروباری سیاسی دەکەن، بەڵام لە پرسێکدا کە ئەویش مانەوەی سەرۆك بارزانی بوو، وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەنیسەکانی کوردستان هەڵوێستی سیاسییان هەبوو، لەسەر ئەوەی سەرۆك بارزانی کۆڵەگەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانە، ئایا ئەم هەڵوێستە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئێمە هەموو حکومەت و گەلی کوردستان بە هاوکار و هۆکاری سەرەکیی مانەوەی

**رێزداران جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت هاوخەممان بوون، بە چەشنێک خاوەن پرسەکان دەڵێن هەموو ئەمانە دەیسەلمێنێت کە ئێمە بەشێکی دانەبڕاوی هەرێمی کوردستانین**



هۆڵی ئاهەنگ گێڕان لە حەمدانیە لە کاتی ئاگرکەوتنەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت کابینەی ئێستا بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی، ئاسوودە و خۆشبەختین و هەست بە ژیان و سەقامگیری و هێمنیەکی زۆر دەکەین، بەتایبەت کە بینیمان لە کابینەی نۆیەمدا لە هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت بەشدارین و وەزیرێکی تایبەت بە کاروباری ئایینەکان دامەزراوە و ئێمە و هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان نوێنەر و ئەندام پەرلەمانمان هەیە و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و یەکەی ئیداری بۆ کریستیان و ئێزدی و ئایین و ئایینزاکانی دیکە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دامەزراوە، پێشبینییش دەکەین ساڵ لە دوای ساڵ هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر سەقامگیری دەزانین، بەتایبەت بۆ ئێمەی کریستان. لەلایەکی دیکەوە جەنابی سەرۆك بارزانی بە باوك و خەمخۆر و هاوکار و پاڵپشتیی سەرەکیی خۆمان دەزانین. ئەوەی لە کوردستان بۆ ئێمە دەکرێت، لەهەر لایەکەوە بێت بە پشتیوانیی جەنابی سەرۆك بارزانی دەزانین، چونکە جەنابیان وەك مرۆڤدۆستێك لەگەڵ هەموو گەل و پێکهاتە و نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان هەڵسوکەوت دەکات. هەر بۆیە نەك لە ڕابردوو و ئێستادا، بەڵکو بۆ داهاتووش ئێمە پشت و پەنا و کۆڵەگەی سەرەکیی بەردەوامیی ژیانمان لە کوردستان و ناوچەکە و دونیاش بە جەنابی سەرۆك بارزانی سپاردووە.

**من وەک پیاوێکی ئایینی مەسیحی ئەوە پشتڕاست دەکەمەوە کە هەرێمی کوردستان تاکە ناوچەی هێمن و سەقامگیرە بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان لە ناوچەکەدا**



ماهیر محەمەد ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە بڕوای بە بیروباوەڕی نەتەوەیی و ئاشتی نییە، بۆیە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێتەوە

# پەکەکە بووەتە چەند گرووپێکی چەکداری بەکرێگیراوی وڵاتان و دوژمنانی کوردستان و بۆ مەرام و ئەجیندای ئەوان کار دەکەن

پەکەکە لە دروستبوونییەوە بڕوای بە هێڵی نەتەوەیی و ئاشتی نەبووە، هەمیشە دژی ڕزگارکردنی کوردستان و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بووە، هەروەها پێشڕەویی داگیرکاران و دوژمنانی کورد دەکات و لە هەرێمی کوردستان ئەجێندا و مەرامی وڵاتانی دژ بە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکات. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ماهیر محەمەد ئەندامی پێشووی پەکەکە ساز دا.

*** پەکەکە ماوەیەکە جموجووڵە گوماناوییەکانی دژی هەرێمی کوردستان زیاتر کردووە، ئایا کێ لەپشت ئەم کارەوەیە و مەبەست و مەرامی پەکەکە چییە؟**

- پەکەکە کاتێك خۆی ناساند و بووە هێزێکی چەکداری لە کوردستانی باکوور، ئەو دەمە شۆڤێنییەتی تورك لەو پەڕی توندوتیژیدا بوو، بەتایبەتی بەرانبەر گەلی کورد، بۆیە کوردی باکووری کوردستان بۆ کەسانێك دەگەڕان پەنایان بۆ بەرن، تاوەکو لەو زوڵم و چەوسانەوەیە ڕزگاریان بکات، لەو سەردەمەدا پەکەکە جەماوەری کوردستانی باکووری فریو دا و بە لافی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە خەڵکانێکیان لە خۆیان کۆکردەوە، بەڵام دواتر بەرنامەکەیان دەرکەوت کە بەرنامەیەکی کۆمۆنیستییە و کار بۆ یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەکەن، دژی هەموو پارت و گرووپ و لایەنێکی سیاسییش ڕاوەستانەوە کە نەتەوەیین و بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەوڵ دەدەن، هەر لەبەر ئەم دوژمنکارییەی هێڵی نەتەوەیی و نیشتمانییە پەکەکە دوژمنی سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، چونکە ئەم حزبە گرنگییەکی زۆری بە لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی داوە و بە پارێزەری ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان دادەنرێت. لەو کاتەوەش کە هەرێمی کوردستان بووەتە قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ و سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی خۆی هەیە، ئەوەندەی دیکە پەکەکە و تاقمەکەی قەندیل دژی هەرێمی کوردستان ڕاوەستاونەتەوە و، هەموو هەوڵ و پیلانێکیان بۆ تێکدانی بارودۆخی ئەم هەرێمە ئازاد و سەربەخۆیە بووە، هەر بۆ ئەوەش بوو کە بارەگە و کارە گێرەشێوێنەکانیان لە باکووری کوردستان گواستەوە بۆ باشووری کوردستان، ئەمەش بە داگیرکردنی قەندیل و ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت، چەکدارانی پەکەکە بەهۆی ئەو پەرشوبڵاوبوونەوەیەیان لە چەندین شوێنی باشووری کوردستان وەك دەڤەری ڕاپەڕین و ماوەت و پێنجوێن و سلێمانی و شنگال و گەرمیان کە لێرە و لەوێ بە گرووپی چوار کەسی و پێنج کەسی چەکدار دەردەکەون، لە هەوڵی نانەوەی خراپەکاری و تێکدانی بارودۆخی سەقامگیریی هەرێمی کوردستاندان، تەنانەت هەندێ کردەوەی وا دەکەن کە زۆر دوورە لە ڕەفتاری مرۆڤایەتییەوە، بەڵکو هەموو مرۆڤێك بێزیان لێ دەکاتەوە.

*** لەگەڵ ئەم کارە تێکدەرانە و دوژمنکارییانەش کاروچالاکیی پەکەکە نەك تەنیا لە ناو باکووری کوردستان و تورکیا، بگرە لە هەرێمی کوردستانیش توانای سەربازییان زۆر کەم بووەتەوە، ئایا ئەمە بە هۆی چییەوەیە؟**

**پەکەکە جەماوەری کوردستانی باکووری فریو دا و بە لافی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە خەڵکانێکیان لە خۆیان کۆکردەوە، بەڵام دواتر بەرنامەکەیان دەرکەوت کە بەرنامەیەکی کۆمۆنیستییە و کار بۆ یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەکەن**

**سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیل لە ئێستادا ئەوەندەی سەرقاڵی پارە کۆکردنەوە و داهاتی کاری ناڕەوا و قاچاخچێتی کردنن، ئەوەندە سەرقاڵی کاری پارتیزانی نین دژی سوپای تورکیا**

- سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیل لە ئێستادا ئەوەندەی سەرقاڵی پارە کۆکردنەوە و داهاتی کاری ناڕەوا و قاچاخچێتی کردنن، ئەوەندە سەرقاڵی کاری پارتیزانی نین دژی سوپای تورکیا، ئێستا سەرقاڵی پاوانخوازین لە ناو قولایی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوەی زیاتر سوپای تورکیا ڕابکێشنە ناو هەرێمی کوردستان و زیان بە هەرێمەکە و گوندنشینەکان بگەیەنن. لایەنگرانی پەکەکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم بوونەتەوە، تەنانەت ئەو گوندانەی لە پەکەکەوە نزیك بوون، ئەوانیش گوندەکانیان چۆڵ کردووە، لەو ماوەیەی پێشوودا لە ترسی هێرشی درۆن و فڕۆکەکانی تورکیا، پەکەکە ویستیان بارەگاکانیان بگوازنەوە ئەو ناوچانەی کە پێشتر حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێ بووە، لە کاتێکدا ئەو شوێنانە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پاسەوانانی سەرسنوور پڕ دەکرێنەوە و ڕێگە نادرێت هیچ فەراغێکی سەربازی دروست ببێت، ئەوەی ماوەتەوە پشتیوانی و پاڵپشتیی چەکدارانی پەکەکەیە لەلایەن هەندێك گرووپی حەشدی شەعبییەوە، کە بە پشتگیریی وڵاتانی ئیقلیمی پشێوی و نائارامی لە هەرێمی کوردستان دەنێنەوە.

*** مەبەستت کاری ناڕەوا ئەو کارە تیرۆرستی و ئاژاوەنیە کە لە کوردستان ئەنجامی دەدەن، وەك تیرۆر و تەقاندنەوە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی سڤیل؟**

- بەڵێ، لە ڕاستیدا چەکدارانی پەکەکە هەرگیز نەتەوەیی نەبوون و بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەوڵیان نەداوە. پەکەکە بووەتە چەند گرووپێکی چەکداریی بەکرێگیراو و کار بۆ ئەو لایەن و وڵاتانە دەکەن کە داگیرکەر و دوژمنی کوردستانن، هەروەها لە مێژووی کورد و هەموو حزبەکانی کوردستاندا بیر لە کردەوەی تیرۆریستی نەکراوەتەوە، کەچی لەلایەن چەکدارانی پەکەکەوە ئەو کار و کردەوانە بەشێکی دانەبڕاون لە پیلان و بەرنامەکانیان، لەسێ تا چوار ساڵی ڕابردوودا چەندین کاری تیرۆریستی و قێزەونیان ئەنجام داوە لە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تەواوی خەڵکی هەرێمی کوردستان، هەر وەك ئەوەی دیتمان کە چەندین جار مین و تەقەمەنییان لە پێش هاتووچۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان داناوەتەوە و هەوڵی تیرۆری شەخسییان داوە و لەم دواییانەشدا هەستان بە دانانەوەی TNT لە ناوجەرگەی شاری هەولێر و لەسەر پردێکی پەڕینەوەی پیادە، تەنانەت پەکەکە کاری تیرۆریستی بەرانبەر چەکدارانی خۆشیان پیادە دەکەن، هەر ئەمەشە وای کردووە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە دەیان کەس لە ئەندامانی دڵسۆزی کورد کە ڕاستیی ئەوانیان بۆ دەرکەوتووە لە دەرفەتێکدا خۆیان ڕزگار کردووە و پەنایان بۆ ژێر ئاڵای هەرێمی کوردستانی ئازاد هێناوە، کەچی پەکەکە لێرەش تیرۆریان کردوون و بەردەوام هەڕەشەیان لێ دەکەن.

*** چەکدارانی پەکەکە چی دەکەن لە هەرێمی کوردستان، بۆ ناچن لە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خۆیان خەبات بکەن؟ بۆچی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و لێرەش کێشەی زۆریان ناوەتەوە، ئایا ئەمە چی پێ دەگوترێت؟**

- هەموو لایەن و حزبێکی نەتەوەیی و کوردستانی کە لە هەر پارچەیەکی کوردستان دروست دەبێت، بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی ئەو بەشە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی خۆی کردووە، هەماهەنگی و هاوکاریی یەکتریشان کردووە، هەر وەك مێژووش سەلماندوویەتی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمەی لەسەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی دەستی بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی بۆ کوردستان کرد، تا ساڵی ١٩٩١ و ئێستاکەش بە سەرۆکایەتیی جەنابی مسعود بارزانی سەربەستی و ئازادییەکیان بۆ باشووری کوردستان مسۆگەر کردووە، بەرهەمەکەشی خۆی لە سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و فیدراڵییەت بۆ عێراقدا بینییەوە، ڕاستە لە هەندێ کات و قۆناغدا بە ناچاری پەنایان بردووەتە بەر بەشەکانی دیکەی کوردستان، چ ڕۆژهەڵات، چ ڕۆژئاوا، چ باکوور بێت، بەڵام قەت نەبوونەتە سەرئێشە و نانەوەی بارودۆخی نەخوازراو و خراپ بۆ ئەو بەشانەی دیکەی کوردستان. چەکدارانی پەکەکە بەپێچەوانەوە لەو ڕۆژەی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەو چەند ساڵەی دواییدا لەبری ئەوەی لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان کە

**ئەوەی ماوەتەوە پشتیوانی و پاڵپشتیی چەکدارانی پەکەکەیە لەلایەن هەندێک گرووپی حەشدی شەعبییەوە، کە بە پشتگیریی وڵاتانی ئیقلیمی پشێوی و نائارامی لە هەرێمی کوردستان دەنێننەوە**

**پەکەکە بووەتە چەند گرووپێکی چەکداریی بەکرێگیراو و کار بۆ ئەو لایەن وڵاتانە دەکەن کە داگیرکەر و دوژمنی کوردستانن**

**چەندین جار تەقینەوەیان لە پێش هاتووچۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان داناوەتەوە و هەوڵی تیرۆری شەخسییان داوە و لەم دواییانەشدا هەستان بە دانانەوەی TNT لە ناوجەرگەی شاری هەولێر و لەسەر پردێکی پەڕینەوەی پیادە**

**لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە دەیان کەس لە ئەندامانی دڵسۆزی کورد کە ڕاستیی ئەوانیان بۆ دەرکەوتووە لە دەرفەتێکدا خۆیان ڕزگار کردووە و پەنایان بۆ ژێر ئاڵای هەرێمی کوردستانی ئازاد هێناوە**

باکووری کوردستانە کار و خەبات بکەن، کەچی هاتوونەتە باشووری کوردستان و دەستی هێز و سەرباز و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیایان ڕاکێشاوە بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان، بەمەش نەیانهێشتووە نزیکەی ٦٠٠ گوند ئاوەدان بکرێنەوە، یان ئاوەدانیش کرابن، دووبارە چۆڵیان کردووەتەوە.

لە ئێستادا چەکدارانی پەکەکە جگە لە سەرئێشە و زیانی گیانی و ماددی بۆ هەرێمی کوردستان، هیچ کار و بەرهەمێکیان لە ناو خاکی باکووری کوردستاندا نەماوە، ئەوان بە گرووپ گرووپی بچووك بۆ ئاژاوە و پشێوی لە دەڤەری سلێمانی و ڕاپەڕین و گەرمیان دەسووڕێنەوە و بەدوای کۆکردنەوەی پارەن بە شێوەی نایاسایی و نائەخلاقی، هەموومان ڕووداوەکەی فڕۆکەخانەی عەربەتمان بینی، کە چۆن ڕۆڵەی کورد بە هۆی کاری قێزەوەنی ئەوانەوە بوونە قوربانی، لە ئێستادا بە هۆی چەکدارانی پەکەکەوە هیچ شوێنێك پارێزراو نییە لە بەردەم درۆنی تورکیا کە پەکەکەی لێ بێت.

*** حکومەتی هەریمی کوردستان دەیەوێت بە ڕێگەی ئاشتی کێشەی چەکدارانی پەکەکە چارەسەر بکات، کەچی چەکدارانی پەکەکە مین بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنێن و پێشمەرگە شەهید دەکەن، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ پەکەکە بکرێت کە لە زمانی ئاشتی و دیالۆگ تێناگەن؟**

- پەکەکە ئیستغلالی ئەوەیان کردووە کە سەرۆك بارزانی شەڕی کورد لەگەڵ کوردی حەرام کردووە، ئەوان کاتێك هاتنە باشووری کوردستان و لەلایەن حزبە کوردستانییەکانەوە پاڵپشتییان لێ کرا تەنیا بۆ ئەوە بوو بە فریای کوردی باکوور بکەون، ئێمە کە ئەندامانی کۆنی پەکەکەین، کاتێ بە مەبەستی نەتەوەیی و کوردستانی شەرەفی ئەوەمان پێ بڕابوو، خزمەتێك بە خوێنی خۆمان بە کوردستان بکەین، بۆمان ئاشکرا بوو کە پەکەکە ئەوە نییە کە کورد پشتی پێ ببەستێت، هاتینە باشووری کوردستان و لەژێر ئاڵای بەرزی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی ئازاد و خاوەن یاسا دەژین، دەبێت هەموو کەس و لایەنێکیش لە کوردستانی باشوور و پارچەکانی دیکەی کوردستان بزانن کە وشەی ئاشتی لە پەیڕەو و بەرنامەی چەکدارانی پەکەکەدا نییە، جگە لەوەش هەموو کات ئەو گرووپە لە هەوڵی نانەوەی شەڕ و دووبەرەکیدان، هەر بۆیەش لەو کاتەی جەنابی سەرۆك بارزانی هەوڵی دا پڕۆسەی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و تورکیا بگەیەنێتە ئەو شوێنەی کە کورد و باکووری کوردستان بکەونە قۆناغێکی باش و دوور لە شەڕ و لەناوچوون و خەڵکی سڤیل مافەکانیان بەدەست بهێنن، کەچی پەکەکە بە فیت و دەستی وڵاتانی ناوچەکە پرۆسەی ئاشتییان تێکدا و شەڕی خەندەقیان هەڵگیرساند و ڕۆڵە و گەنجی کوردیان بە کوشت دا لەپێناو ویست و خواستی دەرەکی، ئەوان دەزانن لە کار و پڕۆسەی ئاشتیدا بەرژەوەندییان لەبار دەچێت، تەنانەت پەکەکە فەرمانی جەنابی سەرۆکیان بە دەرفەت زانی بەوەی شەڕی براکوژی حەرام کردووە، بۆیە زیاتر کێشە و گرفتیان بۆ باشوور و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروست کرد.

*** ئەم شکست و لاوازییەی پەکەکە وای کردووە لەگەڵ حەشدی شەعبی و هەموو ئەو دەزگا سیخوڕی و هەواڵگری و سەربازییانەی ناوچەکە، دژی هەرێمی کوردستان دەست تێکەڵ بکەن، بۆ نموونە لە شنگال و مەخموور و پێنجوێن و گەرمیان و زۆر شوێنی دیکە، چۆن ئەمە تەفسیر دەکرێت؟**

- پەکەکە پێش ئەوەی لاوازیش بێت و شکستی گەورەی لێ بکەوێتەوە، دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان بووە، بۆیە نەیارانی کورد و دوژمنانی کوردستان ئەم هەلەیان قۆستووەتەوە، تاوەکو یارمەتیی دارایی و هاوکاریی سەربازیی پەکەکە بکەن، ئەوەتا ئەو بارودۆخە نەخوازراو و ناسەقامگیرەی لە شنگال هەیە لە دوای داعش بۆ چەکدارانی پەکەکە دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لە ڕفاندن و هەڵخەڵەتاندنی کچ و کوڕانی خوار تەمەن ١٨ساڵان و چەکدارکردنیان، ئەگەر چەکدارانی پەکەکە بۆ هاوکاریی خەڵکی شنگال هاتوون، ئەوا ئێستا کاریان کۆتایی هاتووە، دەبێت ناوچەکە چۆڵ بکەن و نەبنە ڕێگر لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال.

**هەموو لایەن و حزبێکی نەتەوەیی و کوردستانی کە لە هەر پارچەیەکی کوردستان دروست دەبێت، بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی ئەو بەشە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی خۆی کردووە، هەماهەنگی و هاوکاریی یەکتریشان کردووە**

**لە ئێستادا چەکدارانی پەکەکە جگە لە سەرئێشە و زیانی گیانی و ماددی بۆ هەرێمی کوردستان، هیچ کار و بەرهەمێکیان لە ناو خاکی باکووری کوردستاندا نەماوە**

**هەموومان ڕووداوەکەی فڕۆکەخانەی عەربەتمان بینی، کە چۆن ڕۆڵەی کورد بە هۆی کاری قێزەوەنی ئەوانەوە بوونە قوربانی، لە ئێستادا بە هۆی چەکدارانی پەکەکەوە هیچ شوێنێک پارێزراو نییە لە بەردەم درۆنی تورکیا کە پەکەکەی لێ بێت**

**پەکەکە ئیستغلالی ئەوەیان کردووە کە سەرۆک بارزانی شەڕی کورد لەگەڵ کوردی حەرام کردووە**

مایکڵ مۆسۆ، پرۆفیسۆری سیاسەت و ئاسایش و کاروباری نێودەوڵەتییە لە زانکۆی سەنتراڵ فلۆریدا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پەیوەندیی نێوان هەلومەرجە ئابوورییەکان و دامەزراوە و ناکۆکییەکان دەدات و، خاوەن تیۆرێکی تایبەتە کە پەیوەستە بەوەی چۆن دەرفەتی یەکسان لە بازاڕدا بایەخ دروست دەکات، بۆ لیبراڵ دیموکراسی و هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتەکاندا. مۆسۆ پشتیوانی لەوە دەکات کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان هەوڵی ئەوە بدەن، دەرفەتی بەربڵاوی ئابووری بۆ ئەو وڵاتانە بڕەخسێنن، کە کەمتر گەشەکردوون، چونکە پێی وایە ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاشتییەکی هەمیشەیی و دادپەروەرانە لەسەر ئاستی جیهان. لەم ڕووەوە گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پرسی ئەوەی چۆن پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان نەبوونەتە هۆی بەرگرتن بە شەڕ، و پرسی ئەوەی ئایا سزا ئابوورییە سەپێندراوەکان بەسەر ڕووسیادا دەبنە هۆی ئەوەی جیهان بەرەو لێکدابڕانی ئابووری ببات و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## پرۆفیسۆر مایکڵ مۆسۆ بۆ گوڵان:

# چەندین دەوڵەتی دیموکراسیی کەمداهات پشتیوانیی ڕووسیا دەکەن

# دیمانەی تایبەت



* **زۆر جار باس لەوە کراوە کە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان دەبنە هۆی دروستبوونی بارودۆخێك کە تێیدا دەوڵەتان بیر لە هەڵگیرساندنی شەڕ ناکەنەوە و پەنای بۆ نابەن، بەڵام ڕەنگە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ناچارمان بکات، بەم بیرۆکەیەدا بچینەوە و هەڵوەستەی لەسەر بکەین، دید و بۆچونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە بە دڵنیاییەوە ڕووسیا وڵاتێك بوو کە بۆ فرۆشتنی نەوتەکەی و دەستکەوتنی داهاتەکەی بە ڕاددە و ئاستێکی گەورە پشتبەستوو بوو بە دەوڵەتە دیموکراتییە پیشەسازییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری دا، کە قوربانی بەم سەروەت و سامانە زۆر و زەوەندە بدات بۆ بەدیهێنانی خەونەکە، بۆ دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنی ئۆکرانیا. لەم ڕووەوە زۆرێك لە توێژەران و سیاسەتمەداران لەو باوەڕەدا بوون، کە ئەم پشتبەستنەی ڕووسیا بە فرۆشتنی نەوت و بەدەستهێنانی داهاتەکەی، دەبنە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە کارێکی لەم چەشنە نەکات، بەڵام لە ئێستادا دەرکەوت کە ئەمە بۆچوون و لێکدانەوەیەکی هەڵە بوو. ئەوەتا لە ئێستادا دەبینین کە زۆرێك لەو دەوڵەتانەی پاڵپشتی و پشتیوانیی ئۆکرانیا دەکەن، خۆیان لە کڕینی نەوتی ڕووسیا بە دوور دەگرن، هەرچەندە ئەمە بارگرانی و

**زۆرێک لەو دەوڵەتانەی پاڵپشتی و پشتیوانیی ئۆکرانیا دەکەن، خۆیان لە کڕینی نەوتی ڕووسیا بە دوور دەگرن، هەرچەندە ئەمە بارگرانی و تێچوونێکی گەورەشە بۆ ئەو وڵاتانە**

**هەرگیز دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکانی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ یەکدیدا ناپچڕێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە کار بکەن لەسەر پچڕاندنی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتە دەستدرێژیکارە فراوانخوازەکاندا**

**ئەم دەوڵەتە فراوانخوازانە وەک ئامرازێکی شەڕ لە بازرگانی دەڕوانن، وەک هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی هێز و توانای زیاتر لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجی گەورەتر، یان زاڵبوون و باڵادەستبوون بەسەر جیهاندا**

**ڕێچکەیەک نییە کە بتوانین بڵێین دەبێتە هۆی نەهێشتنی هۆکارە ڕیشەییەکانی شەڕ، چونکە هەقیقەتە مێژووییەکان ئەم بۆچوونە پشتڕاست ناکەنەوە**

تێچوونێکی گەورەشە بۆ ئەو وڵاتانە. کەواتە لەم ڕووەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بە لای کەمەوە هەندێ لە دەوڵەتە گەورە و مەزنەکان پتر بایەخ بە هێنانەدی و برەودان بە بەرژەوەندییە سیاسی و ئەمنییەکانیان دەدەن، زیاتر لەو قازانج و داهاتەی کە دەکرێت لە بواری بازرگانیدا بەدەستی بهێنن. لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین: کاریگەری و ئاکامی هەرە بەرچاو و دیاری دەرککردن بەوەی کە تیۆری پشتبەیەکبەستنی ئابووری و بازرگانی کەموکووڕی لەخۆ دەگرێت لە پەیوەندی بە وڵاتی چینەوە. چونکە تاوەکو ساتەوەختی هەڵگیرسانی شەڕی ئۆکرانیا، زۆرێك لە سیاسەتمەدارانی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئومێدی ئەوەیان دەخواست کە هەڵکشان و زیادبوونی قەبارەی پشتبەیەکبەستنی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ وڵاتی چیندا جۆرێکە لە چارەسەر و دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە خۆی بە دوور بگرێت لە پەنابردنەبەر شەڕ و بەکارهێنانی هێز بۆ بەدیهێنان و برەودان بە ئامانجەکانی. کەواتە لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێ کرد و لە سۆنگەی ئەوەی کە زانیمان ترسی لەدەستدانی بەرژەوەندییە بازرگانییەکان نەبوونە هۆی ئەوەی ڕووسیا پەنا بۆ ئەو شەڕە نەبات، ئەوا چیدی ناتوانن دڵنیا بین لەوەی کە ترسی لەدەستدانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، بەربەست و ڕێگرییەك دروست ناکەن لە بەردەم چیندا و نابنە هۆی ئەوەی بیر لە پەنابردن بۆ شەڕ نەکاتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دووبارە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن دەکاتەوە بۆ ئاکام و دەرهاویشتە ئەمنییەکانی بازرگانیکردن لەگەڵ وڵاتی چیندا.

*** هەر لە پەیوەندی بە ڕەهەندی ئابووریی ئەم شەڕەوە، بەڵام ئەمجارەیان وەك دەرئەنجامێکی دوای شەڕەکە، ئەوا ئاشکرایە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چەندین سزا و ڕێکاری ئابووری و داراییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئایا ئەمە سەرناکێشێت بۆ ئەوەی وڵاتان زیاتر لێکدابڕێن لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە و ئەگەر دۆخەکەش بەم شێوەیە بێت، ئایا ئەمە نابێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی زیاتر لە داهاتوودا؟**

- من پێم وایە هەرگیز دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکانی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ یەکدیدا ناپچڕێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە کار بکەن لەسەر پچڕاندنی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتە دەستدرێژیکارە فراوانخوازەکاندا. هەروەك لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێ کرد، شەڕی ئۆکرانیا پەردەی لەسەر کەموکورتی و هەڵەی ئەو ئومێدە هەڵماڵی کە پێی وایە بازرگانی دەبێتە هۆی جڵەوگیرکردنی وڵاتانی وەك چین و ڕووسیا. لە دەرئەنجامی هەموو ئەوانەوە زۆرێك لە سیاسەتمەداران دەرکیان بەوە کردووە، کە ئەم دەوڵەتە فراوانخوازانە وەك ئامرازێکی شەڕ لە بازرگانی دەڕوانن، وەك هۆکارێك بۆ بەدەستهێنانی هێز و توانای زیاتر لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجی گەورەتر، یان زاڵبوون و باڵادەستبوون بەسەر جیهاندا. بەم شێوەیە، لە ئێستادا دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان بایەخ و سەرنجی زیاتر دەخەنە سەر ئاکامە ئەمنییەکانی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئەم وڵاتانە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی، نەك گەورەکردنی ئەگەری شەڕ، چونکە دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەردوو وڵاتی چین و ڕووسیا، دەشبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشەیەی دروستی دەکەن لەسەر سیستەمە جیهانییەکە، ئەو سیستەمەی کە دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان سەرکردایەتی دەکەن و بەرگری لێ دەکەن.

*** تیۆرێکی دیکە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە پێی دەوترێت «ئاشتی دیموکراتییانە»، بەو واتایەی کە دەوڵەتە دیموکراسییەکان پەنا نابەنە بەر شەڕ لەگەڵ یەکتریدا، تێڕوانینی ئێوە چییە لە بارەی ئەم تیۆرەوە و ئایا پێتان وایە ڕێچکەیەك، یان تیۆرێکی سەرکەوتووە بۆ نەهێشتن و چارەسەرکردنی هۆکارە ڕیشەییەکانی هەڵگیرسانی شەڕ؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئاشتیی دیموکراتییانە باوەڕێکە کە پێی وایە کە دەوڵەتە دیموکراسییەکان ئاشتیخوازترن بەراورد



بە وڵاتانی دیکە، بەلای کەمەوە لەگەڵ یەکتردا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێچکەیەك نییە کە بتوانین بڵێین دەبێتە هۆی نەهێشتنی هۆکارە ڕیشەییەکانی شەڕ، چونکە هەقیقەتە مێژووییەکان ئەم بۆچوونە پشتڕاست ناکەنەوە. بەڵکو ئەمە زیاتر بۆچوونێکە کە ڕیشەی لە نێو کەلتووری ئەمریکادا هەیە. خۆ ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووییەوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا دەوڵەتە دیموکراسییە داهات کەمەکان- بە چەشنی سەرجەم دەوڵەتەکانی دیکە- شەڕ و ناکۆکیی سەربازییان لەگەڵ یەکدیدا هەبووە. ناکۆکییە سەربازییەکان لەم ڕووەوە بریتین لەو ململانێیانەی لە نێوان ئیکوادۆر و پیرۆ، تورکیا و یۆنان، هیندستان و پاکستاندا ڕوویان داوە. من پێم وایە زۆرێك لە سیاسەتمەدارانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن وشە و دەستەواژەی دیموکراسی بە چەشنێك بەکار دەهێنن کە مەبەستیان دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییە داهات بەرزەکانە و ئەو ڕاستییە نادیدە دەگرن، کە پتر لە نیوەی دەوڵەتە دیموکراسییەکان لە جیهانی ئێستادا ئابوورییەکی داهات نزم، یان نزمتریان هەیە. لە ئێستادا ئێمە ئەوە دەزانین کە تەنیا دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییە داهات بەرزەکان کەمتر تووشی شەڕ دەبنەوە لەگەڵ یەکتریدا، ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت، کە سەرکردە و بڕیاربەدەستانی ئەم وڵاتانە، زیاتر گرنگی و بایەخ بە گەشەی درێژخایەنی ئابووریی وڵاتەکانیان دەدەن، بەراورد بە سەرکردەی وڵاتانی دیکە کە پتر سەرقاڵن بە کێشە و ناکۆکییەکانی پەیوەست بە خاك و سنوور و پرسە پەیوەندیدارەکان بە ناسنامەوە لە نێو سیاسەتی دەرەکییاندا. لە ئێستادا زۆربەی سیاسەتمەداران و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا وەك شەڕی نێوان دیکتاتۆریەت دژ بە دیموکراسیەت وەسف و وێنا دەکەن. بەڵام ئەمە بەهەڵەداچوونە، چونکە بە ئاشکرا ئەوە دەبینین کە زۆرێك لە دەوڵەتە دیموکراسییە داهات کەمەکان لە جیهاندا پشتیوانی لە ڕووسیا دەکەن، وەك هیندستان، ئەفریقای باشوور و تورکیا.

**زۆربەی سیاسەتمەداران و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا وەک شەڕی نێوان دیکتاتۆریەت دژ بە دیموکراسیەت وەسف و وێنا دەکەن**




شاون شافێر، پرۆفیسۆری بەشی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنە لە زانکۆی دەنڤەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پسپۆڕ و شارەزا و وانەبێژی چەند بوارێکی دیاریکراوە، وەك یاسای ڕاگەیاندن، ئەخلاقییانەی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەگەریی ئازاد، ژێری دەستکرد لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بەو دژواری و ئەو کێشانەی ئێستا ڕووبەڕووی ڕۆژنامەگەریی ئازاد بوونەتەوە، بەتایبەتی بە هۆی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا و چۆنیەتی کارکردن لەسەر چارەسەرکردنی بابەتەکانی پەیوەست بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و بێ بنەما و چەواشەکاری و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

### پرۆفیسۆر شاون شافێر بۆ گوڵان:

# هێشتا ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی بایەخی خۆی لە دەست نەداوە، بەڵام مایەی سەرسامییە هەتا ئێستاش ڕۆژنامەنووسان بە هەمان شێوە ڕووداوەکان ڕوماڵ دەکەن

*** بە دڵنیاییەوە وەك کەسێکی شارەزا و وانەبێژی بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری دەزانن کە لە ئێستادا ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی لە هەلومەرجێکی تەواو جیاوازدا کار دەکات، ئەو کێشە و گرفتانەش کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە جیاوازن بەراورد بە ڕابردوو، لەم ڕووەوە دەمانەوێت بپرسین لە تێڕوانینی ئێوەدا گرنگترین، یان دژوارترینی ئەو ئاڵنگاری و کێشانە چین کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی بوونەتەوە؟**

- من پێم وایە گەورەترین ئاڵنگاری کە ئێستا ڕووبەڕووی بووینەتەوە، ئەوەیە کە کەسانێك لە ئارادان وا هەڵسوکەوت دەکەن و وا کار دەکەن، وەك ئەوەی ڕۆژنامەنووس بن، بۆیە لە ئێستادا زۆر زەحمەتە بتوانرێت بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زانیاریی بابەتییانە لەسەر ڕوودا و پرسەکان دەستەبەر بکرێت، لە ڕاستیدا کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسان ناتوانن بە باشی لە نێو ئەم هەلومەرجانەدا سەرنجەکانیان لەسەر کار و ئەرکەکانیان چڕ بکەنەوە.

**ئێستا زۆر زەحمەتە بتوانرێت بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زانیاریی بابەتییانە لەسەر ڕوودا و پرسەکان دەستەبەر بکرێت**

*** ئایا مەبەستی ئێوە گۆڕانکاری و تا ڕاددەیەك پشێوییە کە هاتۆتەئاراوە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە؟**

- بەڵێ، ئەمە پوختکردنەوەیەکی دروستە بۆ ئەوەی من ئاماژەم پێ کرد، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوە نادیدە بگرین، کە خودی ڕۆژنامەگەری لە نێو گۆڕانکاریدا کار دەکات و ڕەنگە بتوانین بڵێین ڕۆژنامەنووس لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکاندا دەکات. هەر لە پەیوەندی بە تەکنەلۆژیاوە، ئەوا گۆڕانکارییەکە

ئەوەیە کە لە ئێستادا بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەگەری و بابەتە ڕۆژنامەگەرییەکان بەردەست بن، بەڵام زەحمەتییەکە لەوەدایە کارێك بکەین کە خەڵکی کلیك لەسەر بابەتەکانمان بکەن و بیانخوێننەوە. چونکە ئاشکرایە کە ئێستا زۆرێك لەو خەڵکانەی بابەتە ڕۆژنامەگەرییەکان دەخوێننەوە بە شێوازە تەقلیدییەکە ئەم کارە ناکەن و نزیکەی هەموویان بابەتەکان بە ئۆنلاین دەخوێننەوە. ئەگەر پوختی بکەمەوە، ئەوا هێشتا خەڵکی چەندین کاتژمێری خۆیان لە ڕۆژدا بۆ سەیرکردنی بابەتەکان تەرخان دەکەن، بەڵام هەروەك باسم کرد، تەحەددییەکە ئەوەیە بتوانیت کارێك بکەیت کە بابەتەکانی تۆ بخوێنرێنەوە و وێنەیەکی دروست و واقیعی لە هەلومەرجەکە بە خەڵك بگەیەنیت.

*** بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو بەرەوپێشچوون و گۆڕانکارییانەش ئایا دەتوانین بڵێین هێشتا ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی ڕۆڵی خۆی لەدەست نەداوە و هێشتا دەتوانێت پەیامی خۆی ئەدا بکات؟**

- بە دڵنیاییەوە هێشتا ڕۆژنامەگەری تەقلیدی ڕۆڵ و پێگەی خۆی لە دەست نەداوە، بگرە یەك لەو شتانەی مایەی سەرسامییە ئەوەیە کە هێشتا چەندین ڕۆژنامەنووسی تەقلیدی هەن ڕووماڵی ڕووداو و پەرەسەندنەکانی نێو کۆمەڵگە دەکەن و خەڵکیش لە ڕێیانەوە زانیاری پێ دەگات لەبارەی ئەوەی بە ڕاستی دەگوزەرێت و ڕوو دەدات. ڕاستە هەندێ لە کارەکان بابەتە تەرفیهیشی تێکەڵ کراوە و ئامانجەکەش ئەوەیە کە کەسەکە بۆ درێژترین ماوە بهێڵێتەوە لەسەر ئەو پەیجە، یان وێبسایتە، هەروەها ڕاستە ڕووماڵکردنی کاروبار و سیاسەتەکانی حکومەتێکی مەحەلی، یان ئەنجومەنی شارێك پڕ جۆشترین کارێك نییە کە بیکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە کارێکی گرنگ و پڕ بایەخە. واتە ئەوە ڕاستە کە خەڵکی هەندێ جار وەك شیرینییەکی دوای نانخواردن حەز بە بابەتێکی تەرفیهی دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاری ڕۆژنامەگەری گرنگە و بابەتە بایەخدارەکانیان پێشکەش دەکات و دەکرێت وەك ژەمە خۆراکە سەرەکییەکە ئاماژەی پێ بکەین کە تەندروستیت پێویستی پێیەتی.

*** لایەنێکی نەرێنیی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا ئەوەیە کە ئێستا هەر کەسێك دەتوانێت لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە و بەتایبەتی لە سۆشیال میدیا زانیاری بڵاو بکاتەوە و، تەنانەت ڕوودەدات زانیاری هەڵە و ساختە و بێ بنچینە و بنەماش بڵاو بکەنەوە، بە بۆچوونی ئێوە چۆن دەکرێت بەرەنگاری ئەم حاڵەتە ببینەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی کاری ڕۆژنامەگەری جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسەکان لە کارەکانیاندا سەرچاوەیان هەیە، و زانیاری و ڕاستییەکان لە کەس و سەرچاوەکەوە وەردەگرن و بڵاوی دەکەنەوە، ئەمە بە پێچەوانەی هەندێ لە زانیاریی دیکەوە کە بڵاو دەبنەوە و کاتێك دەتەوێت بەدوای سەرچاوەکەی بگەڕێیت، ئەوا ناتوانیت پشتڕاستی بکەیتەوە و لێی دڵنیا بیت. ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژنامەنووسەکان زانیارییەکان لە چەند لایەك و چەند سەرچاوەیەکی پشتڕاست دەکەنەوە. یەکێك لەو شتانەی هەمیشە فێری قوتابییەکانمی دەکەم، ئەوەیە کە نابێت تەنها وتە و لێدوان و زانیاری لە کەسێکەوە بگوازنەوە لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو دەبێت بچنە نێو واقیعەکە و بزانین ڕای گشتی چییە و بزانن ئەو کەسانەی کاریگەرن بەم بابەتەوە چۆن لەم مەسەلەیە دەدوێن و لێی دەڕوانن. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە لایەنی پشتڕاستکردنەوەی ڕاستییەکان و دروستیی زانیارییەکان لایەنی هەرە قورس و زەحمەتی کاری ڕۆژنامەگەریی تەقلیدییە، بەڵام هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کارەکەی بایەخدار و بەهادار بێت. بەڵام ئەوەی ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ داوە ڕاستە، کە ئێستا دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە دەستی هەموو کەسێکدان و هەر کەسێك مۆبایلێکی پێ بێت، دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە ڕۆژنامەنووسە و لەوانەیە دیمەنێك ببینێت و وێنەی بگرێت و بڵاوی بکاتەوە و لێدوانی خۆی لەسەر بدات، بە بێ ئەوەی بە کاری سەختی پشتڕاستکردنەوە و بەدەستهێنانی سەرچاوەدا تێپەڕێت، کە ئەمە ڕاستی و دروستیی زانیاری و هەواڵەکانت بۆ یەکلا دەکاتەوە، نەك ئەوەی کە بڵێیت ئەمە هەستی منە لەبارەیەوە.

**ڕۆژنامەنووس لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکاندا دەکات**

**ڕاستە کە خەڵکی هەندێ جار وەک شیرینییەکی دوای نانخواردن حەز بە بابەتێکی تەرفیهی دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاری ڕۆژنامەگەری گرنگە و بابەتە بایەخدارەکانیان پێشکەش دەکات و دەکرێت وەک ژەمە خۆراکە سەرەکییەکە ئاماژەی پێ بکەین کە تەندروستیت پێویستی پێیەتی**

**یەکێک لەو شتانەی هەمیشە فێری قوتابییەکانمی دەکەم، ئەوەیە کە نابێت تەنها وتە و لێدوان و زانیاری لە کەسێکەوە بگوازنەوە لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو دەبێت بچنە نێو واقیعەکە و بزانین ڕای گشتی چییە**




*** بەڵام ئەگەر تەکنەلۆژیا دۆخێکی دروست کردبێت کە بتوانرێت زانیاریی هەڵە و چەواشەکارانە بڵاو بکرێتەوە، ئایا ناکرێت هەر سوود لە تەکنەلۆژیاش وەربگرین بۆ جیاکردنەوەی هەواڵی دروست لە هەواڵی ساختە و ناڕاست؟**

- بە دڵنیاییەوە دەکرێت، بەڵام یەکێك لەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی هەواڵ و زانیارییەکان دەخوێننەوە، کاتێکی خۆیان تەرخان ناکەن بە چەشنی ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسێك ئەم کارە دەکات، مەبەستم ئەوەیە کاتێك گوێیان لە هەواڵێك، یان قسە و باسێك، یان ئەگەرێك دەبێت، بەدواداچوون و پشتڕاستکردنەوەی بۆ ناکەن و هەوڵ نادەن بگەنە سەرچاوەی ئەو قسە و باسە و لە ڕاست و دروستییەکەی بکۆڵنەوە و کێی دیکە ئەم قسە و زانیارییەی لا هەیە و کێ دەتوانێت ئەمە پشتڕاست بکاتەوە، کە لە میانەی ئەم کارەدا و لە دەرئەنجامی ئەم بەدواداچوونەدا دەتوانیت خۆت یەکلا بکەیتەوە و بڕیار بدەیت کە ئەوەی دەیخوێنیتەوە هەواڵێکی ڕاست و دروستە، یان تەنیا قسە و باسێکە و بۆ سەرقاڵکردنە. ئێوە لە پرسیارەکەتاندا باسی تەکنەلۆژیاتان کرد کە دەکرێت لەم ڕووەوە هاوکار بێت، کە لە ڕاستیدا هەندێ شێواز و ڕێگە هەن، بۆ نموونە دەکرێت ئەو وێنەیەی بڵاو کراوەتەوە لە نێو گووگڵدا بگەڕێیت و لێی دڵنیا بیت، یان ئەو کەسەی لێدوان و قسەیەکی کردووە، دەتوانیت لە ئەنتەرنێتدا بگەڕێیت بۆ ئەوەی بۆت یەکلا ببێتەوە، ئایا ئەم کەسە تایبەتمەندە لەو بوارەدا و دەتوانێت لەم بوارەدا قسە بکات؟ کە ئەم بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیە ئەو کارەیە کە ڕۆژنامەنووسان ئەنجامی دەدەن، بەڵام ئەگەر ڕاشکاو بین، ئەوا زۆربەی خوێنەرانی هەواڵ ئەم کاتەیان نییە بۆ ئەوەی بە چەشنی ڕۆژنامەنووسان ئەم کارە ئەنجام بدەن. کەواتە دەکرێت تەکنەلۆژیا هاوکار بێت، بۆ نموونە ئێوە پەیوەندیتان پێوەکردین و ئێمەش دەتوانین لەوە دڵنیا ببینەوە کە ئێوە وێبسایتێکی ئینگلیزیتان هەیە و بوونتان هەیە و ئەم کارە و ئەو کارە دەکەن، مەبەستم ئەوەیە ئێمە هەمووومان دەتوانین ئەم کارە ئەنجام بدەین، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەوەی زۆربەی جار بەدی دەکەیت، ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی هەواڵ و زانیاری و بابەتە ڕۆژنامەگەرییەکان دەخوێننەوە، یان ئەوەی دێتە بەردەستیان دەیخوێننەوە و دواتر هاوبەشی پێ دەکەن لەگەڵ کەسێکی دیکەدا، بە بێ ئەوەی بچنە بنج و بنەوانی و ڕاستی و دروستیی ئەو هەواڵ و زانیارییە ساغ بکەنەوە.

**زۆربەی ئەو کەسانەی هەواڵ و زانیاری و بابەتە ڕۆژنامەگەرییەکان دەخوێننەوە، دواتر هاوبەشی پێ دەکەن لەگەڵ کەسێکی دیکەدا، بە بێ ئەوەی بچنە بنج و بنەوانی و ڕاستی و دروستیی ئەو هەواڵ و زانیارییە ساغ بکەنەوە**

# لە ساڵڕۆژی جیهانیی دروستیی دەروونی، مافەکانی تاکی کورد لە بارودۆخە دەروونییەکان و هەڵوەستەیەک

**ڕۆژی جیهانیی دروستیی دەروونی، ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ لە ژێر دروشمی «ئەقڵمان، مافەکانمان».**

**World Mental Health Day، October 10، 2023 «Our minds، our rights.**

مافەکانی تاکی کورد لە بارودۆخە دەروونییەکان لە کوێن؟ وەك مرۆڤ تەندروستیمان و تەندروستیی ئەو کەسانەی کە گرنگی پێ دەدەین، بابەتی نیگەرانیی ڕۆژانەمانە. بەبێ گوێدانە تەمەن، ڕەگەز، لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، یان نەتەوەییمان، ئێمە تەندروستیی خۆمان و ئازیزانمان بە گرنگترین و سەرەکیترین سەرمایەی خۆمان دەزانین، لە بەرانبەردا نەخۆشی دەتوانێت ڕێگریمان لێ بکات لە چوونە قوتابخانە، یان بۆ کار، لە گرنگیدان بە بەرپرسیارێتییە خێزانییەکانمان، یان بەشداریکردنی تەواو لە چالاکییەکانی کۆمەڵگەکەماندا. بە هەمان شێوە ئێمە ئامادەین قوربانیی زۆر بدەین، ئەگەر تەنیا ئەوە گەرەنتی تەمەنێکی درێژتر و تەندروستتر بێت بۆ ئێمە و خێزانەکانمان.

**ئێمە تەندروستیی خۆمان و ئازیزانمان بە گرنگترین و سەرەکیترین سەرمایەی خۆمان دەزانین**

بە گوێرەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)، تەندروستی حاڵەتێکە لە سەلامەتی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەنیا نەبوونی نەخۆشی نییە، بەڵکوو هەستکردنە بە ئارامی و ڕەزامەندییشە لە ژیان.

بە شێوەیەکی گشتی لە جیهاندا لە هەر هەشت کەسێکدا یەکێکیان لە بارودۆخی خراپی دەروونی دەژیت، کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر تەندروستیی جەستەیی و چۆنیەتی پەیوەندیکردنی لەگەڵ کەسانی دیکە و بژێویی ژیانی هەبێت. لە سەرانسەری جیهاندا ٩٧٠ ملیۆن کەس لە لەگەڵ هەندێك نەخۆشیی دەروونی، یان بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکاندا دەستەویەخەن، لە هەر چوار کەس، یەکێکیان لە قۆناغێکی ژیانیدا تووشی نەخۆشییەکی دەروونی دەبێت، هەروەها ١٤،٣٪ی مردنەکان لە جیهاندا، واتە نزیکەی ٨ ملیۆن مردن لە ساڵێکدا دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی دەروونی. ڕێژەی بڵاوبوونەوەی هەموو نەخۆشییە دەروونییەکان لە سەرانسەری جیهاندا بە ڕێژەی ٥٠٪ زیادی کردووە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ بۆ ٢٠١٣ لە ٤١٦ ملیۆنەوە بۆ ٦١٥ ملیۆن کەس، ئەم ڕێژەیە بەردەوامە لە زیادبوون. ئەم ئامارە جیهانییە دەروونییانە تێڕوانینێکی گشتیمان پێ دەبەخشن کە چۆن نەخۆشییە دەروونییەکان کاریگەرییان لەسەر مرۆڤەکان دەبێت.

**تەندروستی حاڵەتێکە لە سەلامەتی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەنیا نەبوونی نەخۆشی نییە، بەڵکوو هەستکردنە بە ئارامی و ڕەزامەندییشە لە ژیان**

نەخۆشیی دەروونی و تەندروستی پرسەکانی مافی مرۆڤن و پێویستە لە جیهانی ئەمڕۆدا باسیان لێ بکرێت، بەڵام هەرگیز بوونی حاڵەتی دەروونی نابێتە هۆکارێك بۆ بێبەشکردنی مرۆڤ لە مافە مرۆییەکانی، یان دوورخستنەوەی لە بڕیاردان لە بارەی تەندروستیی خۆیەوە، لەگەل ئەوەشدا لە سەرانسەری جیهاندا، ئەو کەسانەی کە حاڵەتی دەروونییان باش نییە، بەردەوامن لە ئەزموونکردنی کۆمەڵێك پێشێلکاریی بەرفراوانی مافەکانیان، بۆ نموونە زۆرێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی دوور خراونەتەوە و جیاکارییان لەگەڵ دەکرێت، لە کاتێکدا زۆرێکی دیکە ناتوانن دەستیان بەو چاودێریی تەندروستیی دەروونی بگات کە پێویستیانە.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) بەردەوامە لە کارکردن لەگەڵ هاوبەشەکانی بۆ دڵنیابوون لە بەهادان و بەرەوپێشبردنی و پاراستنی دروستی دەروونی، و ڕێوشوێنی بەپەلە دەگیرێتە بەر بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن مافە مرۆییەکانی خۆیان بەکاربهێنن و دەستیان بەو چاودێرییە کوالێتییە تەندروستییە دەروونییە بگات کە پێویستیانە.

ڕێبازی دروستی دەروونیی گشتیی مۆدێرن لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا لەسەر گۆڕەپانی جیهانی سەری هەڵدا و کۆمەڵێك بەڵگەی نوێی لەسەر گرنگیی دروستیی دەروونی و کاریگەریی ڕێبازە یەکگرتووەکان لەخۆ گرتبوو. پەیامی سەرەکیی ئەم ڕێبازە بریتییە لە: تەندروستیی تاك بەبێ دەروونێکی سەلامەت نایەتە دی. ئەم ڕێبازە گشتگیرە تا ڕادەیەك نوێیە و ئاماژەیە بۆ چۆنیەتی تێگەیشتن لە «مافی ئاستی ژیانی گونجاو بۆ تەندروستی و خۆشگوزەرانی»، کە بۆ یەکەمجار ٧٠ ساڵ لەمەوبەر لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا جێگیر کرابوو.



**د. هیوا عەبدولعەزیز جەمیل**

**زانکۆی سۆران، بەشی دەروونزانی**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

ڕۆژی جیهانیی دروستیی دەروونی دەرفەتێکە بۆ خەڵك و کۆمەڵگەکان بۆ باشتر ئاشنابوون بە بابەتی دروستیی دەروونی، هەروەها بۆ یەکگرتن لە پشت تەوەری «دروستیی دەروونی مافێکی گشتگیری مرۆڤە». ئەم ڕێبازە هێشتا ڕووبەڕووی تەحەددای گەورە دەبێتەوە، دابەشبوونی مێژوویی- چ لە سیاسەت و چ لە پراکتیکدا- لە نێوان تەندروستیی دەروونی و جەستەیی، بەداخەوە بووەتە هۆی دابڕانی پیشەیی و جوگرافی؛ و پەراوێزخستن و چەواشەکردنی چاودێریی دروستیی دەروونی.

خەمڵاندنەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٤ ئاماژە بەوە دەکەن، لە ئاستی جیهانیدا، تەنیا لە سەدا حەوتی بودجەی تەندروستی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی دەروونی تەرخان کراوە. زیاتر تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کە لە وڵاتانی کەم داهاتدا ساڵانە کەمتر لە دوو دۆلار بۆ هەر کەسێك بۆ پرسی دروستیی دەروونی خەرج دەکرێت. بۆچی ئەوەندە کەم گرنگی بە چاودێریی دەروونی دەدرێت، لە کاتێکدا لە هەر چوار کەس یەکێکیان بە درێژایی تەمەنی تووشی حاڵەتێکی دەروونی دەبێت؟

ڕاپۆرتێکی نووسینگەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو کەسانەی کە کێشەی بارودۆخی دەروونییان هەیە و ئەوانەی کەمئەندامی دەروونی کۆمەڵایەتییان هەیە، تەمەنی تووشبوونیان کەم بووەتەوە — دابەزینی ٢٠ ساڵ بۆ پیاوان و ١٥ ساڵ بۆ ژنان - بە بەراورد لەگەڵ دانیشتووانی گشتی. هەروەها ستیگما (پەڵەی شەرمەزاری) ڕێگرییەکی دیکەی بەرچاوە بۆ کەمیی چاودێریی کوالێتی و دەستڕاگەیشتن بە تەواوی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە نەخۆشەکان پێویستیان پێی هەیە. پچڕان، یان سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن، دەرفەتی کاری قازانجدار بۆ ئەو کەسانەی کە بارودۆخی دەروونییان باش نییە و ئەوانەی کەمئەندامی دەروونی کۆمەڵایەتییان هەیە، سنووردار دەکات، بەمەش نایەکسانیی کۆمەڵایەتی بەردەوام دەبێت، کوردستانیش بە دەر نییە لەم قەیرانە دەروونییە، ڕۆژانە چەندین حاڵەتی خۆکوشتن، کوشتنی کەسانی دیکە، جیابوونەوەی هاوسەران، لەسەر بابەتی جیاجیا دەبینین، جگە لە زیادبوونی بەردەوامی نەخۆشییە دەروونییەکانی وەك خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و...هتد، ئەمانە ئەگەر هەر هۆکارێکی لە پشتەوە بێت، یەکێك لە سەرەکیترین هۆکارەکانی گرنگینەدانە بە لایەنی دەروونیی تاکەکان و نائاشنایی تاکی کورد بە هەستیاریی ئەم بابەتە لە پەروەردەکردنی منداڵەوە بگرە تا هۆشیارکردنەوەی گەوران و گرنگیدان بە دۆخی دەروونیی بەساڵاچووان و هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە. لێرەوە هەر بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی دەروون دروستی و لەژێر دروشمی «ئەقڵمان مافمانە»، داوا دەکەم کە حکومەت هەوڵی زیاتر بدات بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی دەروونی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە و دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە بارودۆخی دەروونییان باش نییە بۆ چاودێریکردنیان. دەروونناسان دەتوانن بەشداریی کارایان لەم بابەتە بەنرخەدا هەبێت، هەروەها هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاکاری و مامەڵەکردن لەگەڵ دروستیی دەروونی لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ لە پرۆگرامەکانی دەروونناسیدا هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، بە جێبەجێکردنی ڕاهێنانی سیستماتیکی و هۆشیاری بۆ پیشەکارانی تەندروستی، هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (NGO) بۆ بەشداری و ئەنجامدان و هاوبەشیکردنی توێژینەوە لەگەڵ دامەزراوە ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان، گرنگیدانی زیاتر بە کردنەوەی نەخۆشخانە دەروونییەکان و پێشکەشکردنی ڕێنمایی و چارەسەری دەروونی لە بنکە تەندروستییەکان و دامەزراندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ زیاتر هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر نەخۆشییە دەروونییەکان و نیشانە ئاگادارکەرەوەکان کە ئەمە بە سەرەتاییترین و سەرەکیترین ماف دادەنرێت، کە تا ئێستا تاکی کورد لێی بێبەشە و پێویستە کاری جددی لەبارەوە بکرێت.

**لە سەرانسەری جیهاندا ٩٧٠ ملیۆن کەس لە لەگەڵ هەندێک نەخۆشیی دەروونی، یان بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکاندا دەستەویەخەن**

**نەخۆشیی دەروونی و تەندروستی پرسەکانی مافی مرۆڤن و پێویستە لە جیهانی ئەمڕۆدا باسیان لێ بکرێت**

## ئارەزوو جەبار شوانی:

# لە ڕێگەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، هەوڵی جددیم بۆ دەستەبەری ماف و داواکارییەکانی کچان و ئافرەتانی شارەکەم دەبێت

**کەرکووک لە دوای ١٨ ساڵ بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکات، کە بڕیارە لە ١٨ـی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەبچێت، لەوەتەی عێراقی فیدراڵی دامەزراوە، لە کەرکووک تەنیا یەک جار هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەڕێوەچووە، ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو، کە تێیدا کورد زۆرینەی کورسییەکانی مسۆگەر کرد و، بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی یاسایی ئیدارەی پارێزگاکەی بە دەستەوە گرت.**

**بۆ ئەمجارەش کوردانی کەرکووک بە فرە لیست بەشدار دەبن، هاوکات لە ناو بەربژێرەکاندا ژمارەیەکی باش لە خانمانی بەتوانا خۆیان کاندید دەکەن و، لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ٩ ئافرەتی بەتوانا و بە ئەزموون بۆ پۆستی ئەنجومەنی پارێزگاکان کاندیدن. ئارەزوو جەبار شوانی، وەك کاندیدی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەربژێرە ، خانمێکی بە هەڵوێست و داکۆکیکارێکی سەرسەخت و پارێزەری مافەکانی خەڵکی سڤیلی شاری کەرکووك بووە و، لە کەرتی پەروەردە وەکو مامۆستا خزمەت دەکات، هاوکات پاڵپشت و خەمخۆری خانمان و کچانی شارەکەیەتی. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە باسی بەرنامەکانی کاری خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

مامۆستام و خزمەتم لە بواری پەروەردەدا هەیە، هەوڵ دەدەم خزمەتی هاووڵاتیانی کەرکووکی دڵی کوردستان بکەم، هەوڵی بە جێگەیاندنی ئەو یاسایانە دەدەم کە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی کوردن لە شاری کەرکووك و بە جددی کار بۆ پاراستنی ناسنامە و کوردستانیبوونی کەرکووك دەکەم.

پاراستنی پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە پێکهاتەکان و گەیاندنی خزمەتگوازی و لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتیان کاری سەرەکیم دەبێت.

لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی داوای یاسایی هەوڵی بە سزاگەیاندنی ئەو کەس و بەرپرس و لایانەنە دەدەم کە دەیانەوێ گەندەڵی بکەن و سامانی گشتیی قۆرخ بکەن.

گەڕەك بە گەڕەك هەر لە ڕەحیماوە تا شۆڕجە و ئیمام قاسم و ئیسکان و پەنجا عەلی و گەڕەکی کوردستان و هەموو گەڕەکە کوردنشینەکان لە خزمەتیان دەبم و هەوڵی گەیاندنی داخوازییەکانیان دەدەم.

لە ڕێگەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك، هەوڵی جددیم بۆ دەستەبەری ماف و داواکارییەکانی کچان و ئافرەتانی شارەکەم دەبێت، بەشێوەیەك کە ببێتە هۆی بەشداریی زیاتری کچانی شارەکەم لەو کار و چالاکییانەی کە لە کەرکووکدا دەکرێن.

هەروەها هەموو تواناکانم دەخەمە گەڕ تاوەکو کچانی کەرکووك بەشداریی کارایان لە جومگە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی کەرکووکدا هەبێت، لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەت لە بواری سیاسی و چالاکییە ڕۆشنبیرییە کەلتوورییەکانی تایبەت بە خزمەتکردنی ئافرەتان لە کەرکووك.

ئامانجم ئەوەیە زۆرترین هەلی کار بۆ کچان



و ئافرەتانی کەرکووك بڕەخسێنم، ئەویش لە ڕێگەی دامودەزگا حکوومییەکانی شارەکە، بەشێوەیەك کە پشکی شێریان لە خزمەتی داهاتووی کەرکوودا بەر بکەوێت.

وەك ئاشکرایە کەرکووك شاری پێکەوەژیان بووە لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا، لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوو هەمیشە و بەردەوام شاری کەرکووك بە ناوچە کوردستانییەکانیشەوە، جوانترین سیمای پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکان بووە، کورد کە زۆرینەی شاری کەرکووك پێکدەهێنێت، بەردەوام بێ جیاوازی پارێزەری ئەو پێکەوەبوون و یەکدەنگییە بووە، بەردەوام ئامانجی ئەوە بووە کە لەگەڵ خۆیدا پێکهاتەکانی دیکەش بە سەرسەبەستی و سەربەرزانە بێ گرفت بژین و لە مافەکانیان بێبەش نەکرێن.

ئەم سیما جوانەی کۆدەنگی و تەناهی لە دیدگای (سەرۆك مەسعود بارزانی)ییەوە، سەبارەت بە کەرکووك سەرچاوەی گرتووە، وەکو بینیمان و لەبیرمانە، لە شەڕی تیرۆر و بەتایبەت (تیرۆریستانی داعش)

چۆن هێزەکانی پێشمەرگە توانییان خاکی پیرۆزی کەرکووك لە تیرۆریستان بپارێزن، بەبێ جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکان.

ئەوەی گرنگە و ئەرکی هەموومانە، ئەوەیە کە دەبێت بە هەموولایەك لە خزمەت شاری کەرکووکدا بین، کەرکووك مێژوویەکی پڕشکۆ و پڕ بایەخی لە مێژوویی کورد و ناوچەکە و جیهاندا هەیە، کەرکووکییەکان بۆ ساتێکیش لە قوربانیدان و خەبات سڵیان نەکردووەتەوە، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست خزمەت نەکراون و بەردەوام مافەکانیان لێ زەوت کراوە.

ئەرکی هەموومانە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە وەکو ئەرکی سەرشانمان، لە خزمەت گەڕەك بە گەڕەکی شاری کەرکووکدا بین، لە هەر کوێیەك کەموکووڕی هەبوو، بۆ چاکبوونەوەی هەنگاو بنێین، لە شوێنێك زوڵم و ستەم هەبوو، هەوڵی ڕەتکردنەوە و ڕاستکردنەوەی بدەین، بە دڵ و بە گیان شارەکەمان بپارێزین، لەپێناو سەقامگیری و ئەمانەتی کەرکووك هەموو هەوڵەکەمان دەخەینەگەڕ.



# میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی هاوسەرگیریی پێشوەخت دەخرێنەڕوو

هاوسەرگیریی پێشوەختەی کچان، هەمیشە کاریگەری خراپ و نەرێنی لەسەر داهاتوویان دروست دەکات، بەتایبەتی کە زۆربەیان دەستبەرداری خوێندن دەبن و لە داهاتوودا ناتوانن خاوەن داهات و ئابووریی سەربەخۆیان ببن. لە کاتێکدا لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ کە لە ڕێکەوتی (٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٥٩) دەرچووە، لە ماددەی (١٩)دا، باس لە پاراستنی مافەکانی منداڵ دەکات و هۆشداری دراوە لە ئەنجامدانی هەر توندوتیژییەك بە هەموو جۆرەکانیەوە دەرهەق بە منداڵان، هاوسەرگیریی پێشوەختیش بە جورێك لە توندوتیژی و پێشێلکاریی مافەکانی منداڵ هەژمار دەکرێت. ئەگەرچی لە کوردستاندا ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بە لۆکاڵی و نێودەوڵەتییەوە، ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە زیانەکانی بەشوودانی کچانی منداڵ و ڕێگریکردن لەو جۆرە هاوسەرگیرییە، بەڵام لێرە و لەوێ وەکو حاڵەت کچانی خوار تەمەنی یاسایی بە شوو دەدرێن، زیاتریش لە نێو ئاوارەکان و خێزانە هەژار و کەمدەرامەتەکان ئەو حاڵەتانە ڕوو دەدەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو پرسە کۆمەڵایەتییە تاوتوێ دەکەن.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

**پێویستە وەزارەتی ئەوقاف لە ڕێگەی پیاوانی ئایینییەوە باس لە گرنگی و پیرۆزیی هاوسەرگیری بکەن و ئەوە لە گەنجان تێبگەیەنن کە هاوسەرگیری تەنیا جووتبوون و منداڵبوون نییە**

**بۆ ڕێگریکردن لە هاوسەرگیری، یاسا سزای داناوە، تاکو هیچ کەسێک نەتوانێت بیێتە زۆر بکات، یان ڕێگری لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری بکات، کە لە دەقی ماددەی (٩)ی یاساکە هاتووە**


**هاوسەرگیریی پێشوەخت تەنیا لەو کۆمەڵگەیانە بوونی هەیە کە ژیان و ئازادیی تاکەکان بە بۆنەی کۆمەڵێک قەید و شەرتی دینی و دابونەریتی تەسک کراوەتەوە**

**هاوسەرگیری تەنیا کراسێکی سپی و ئاهەنگگێڕان نییە، بەڵکو بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە کە ڕاستەوخۆ و بەردەوام کاریگەری لەسەر ڕەوتی خێزان و کۆمەڵگە دەبێت**

تانیا جەمال سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات، «هاوسەرگیریی پێش وەخت بە لای هەندێکەوە پێش ١٨ساڵی دەگرێتەوە، بەپێی شەریعەتیش لە ١٥ ساڵییەوە لە ڕێگەی وەلی ئەمرەوە دەتوانرێت کچ بە شوو بدرێت، ئەگەر ڕای خۆی لەسەر بێت، لە هەردوو حاڵەتدا هاوسەرگیری پێش ١٨ ساڵی جگە لەوەی لێکەوتەی تەندروستی و دەروونی لێ دەکەوێتەوە، کە ئەو کچە ئامادە نییە بۆ شووکردن و منداڵبوون، لێکەوتەی کۆمەلایەتیشی لێ دەکەوێتەوە، کە ئامادەی ژیانێکی نوێ و بەخێوکردنی منداڵ و تێکەڵبوون لەگەڵ ماڵە خەزووران و دروستکردنی پەیوەندیی نوێ و هەڵگرتنی بەرپرسیارەیتی ماڵ و.. هتد نییە. هەموو ئەمانە ئەرکی قورسن و هێشتا لەو تەمەنە ئامادە نەکراوە بۆ ژیانێکی لەو جۆرە، لەبەر ئەوە دەرئەنجامی زۆر باشی نابێت و، هاوسەرگیرییەکە دەبێتە کێشە بۆ خۆیان و خانەوادەکەیان و لە کۆتاییشدا بۆ کۆمەڵگە، بەتایبەتی کە ئێستا هەموو کێشەیەکی بچووک و گەورە بە بێ ڕەچاوکردنی لێکەوتەکانی دەبێتە هەواڵی بە پەلەی سۆشیال میدیا».

تانیا جەمال جەخت لەوە دەکاتەوە کە «میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پەیوەندیی بە هۆشیارکردنەوەی خەڵك هەیە و پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی لەو بوارەدا ڕۆڵی خۆیان ببینن»، نموونەشی بەوە هێناوە کە «وەزارەتی پەروەردە لە قوتابخانەکاندا باس لە مەترسییەکان و بەرپرسیاریەتییەکانی هاوسەرگیری بکەن، بۆ قوتابیان و بەتایبەتیش بۆ کچان، هەروەها لە ڕێگای کۆبوونەوەیان لەگەڵ دایك و باوکان ئەو بابەتانە بخەنە بەرنامەی و باسی دروستی مامەڵەیان و پەیوەندییان بە کچەکانیانەوە بۆ بکەن. پێویستە وەزارەتی ئەوقاف لە ڕێگەی پیاوانی ئایینییەوە باس لە گرنگی و پیرۆزیی هاوسەرگیری بکەن و ئەوە لە گەنجان تێبگەیەنن کە هاوسەرگیری تەنیا جووتبوون و منداڵبوون نییە و زۆر لەوە گەورەتر و گرنگترە و پێویستە ئەو دوو کەسەی بیر لە هاوسەرگیری دەکەنەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادە بن. هەروەها ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و لە ژێر چاودێریی کەسانی پسپۆڕ بەرنامە و هەواڵەکانیان بڵاو بکەنەوە. جگە لەوەی وەزارەتی کار لە ڕێگای توێژەران و پسپۆڕانی وەزارەتەکەی سەردانی مەیدانی خێزانەکان بکەن و توێژینەوە و دیراسە و هۆکاری مەترسییەکان بخاتە ڕوو. لە کۆتاییدا دەکرێت، بە توانا و هەوڵی هەموو لایەك ڕێگری لەم بابەتە بکرێت کە خەریکە لە دیاردەش دەردەچێت».





**تانیا جەماڵ:**

**هاوسەرگیری پێش ١٨ ساڵی جگە لەوەی لێکەوتەی تەندروستی و دەروونی لێ دەکەوێتەوە، کە ئەو کچە ئامادە نییە بۆ شووکردن و منداڵبوون، لێکەوتەی کۆمەڵایەتیشی لێ دەکەوێتەوە**



**حاجی عزەدین:**

**یاسا مەرج و ڕێوشوێنەکانی ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری دیاری کردووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە پرۆسەی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا و بەتایبەتی لە تەمەنی منداڵی بەردەوامە**

حاجی عزەدین ڕاوێژکاری یاسایی لە ڕوانگەی یاساوە ئەم پرسە شرۆڤە دەکات و دەڵێت: «هاوسەرگیری گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە، پێویستە لەلایەن دوو کەسی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو ئەنجام بدرێت، بۆیە شەرع و یاسا کۆمەڵێك مەرجیان بۆ داناوە، بەتایبەتی لێهاتوویی (أهلية) کە پشت دەبەستێ بە تەمەنی کەسەکان، ئەگەر هیچ ڕێگریەکی یاسایی و عەقڵی نەبێت. بۆیە دەبێت بە ڕەزامەندیی تەواو بێت و هیچ کەسێك بۆی نییە بەبێ پاساو و بە ناڕەوا ڕێگری بکات لەکەسێك (نێر بێت، یان مێ) بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکات، ئەگەر هاتوو لێهاتوویی و توانای جەستەیی هەبێت و تەمەنی یاسایی ڕێگەپێدراو بێت بۆ پرۆسەکە.

ئەو یاسانانە گوتیشی: «وەك بنەڕەت هەر کەسێك تەمەنی ١٨ ساڵی تەواو کردبێت و هیچ ڕێگرییەك نەبێت، دەتوانێت هاوسەرگیری بکات، بەڵام لە ماددەی (٨) یاسای باری کەسیی بەرکار ڕێگەی داوە بەوانەی تەمەنی (١٦) ساڵیان تەواو کردووە، لە دادگا داوای هاوسەرگیری بکەن، و دادوەر بۆی هەیە ڕێگە بدات ئەگەر دەرکەوت لێهاتوویی و توانای جەستەیی هەیە، لە دوای ڕەزامەندیی بەخێوکارەکەی (سەرپەشتیار) شەرعی، ئەگەر هاتوو بەخێوکار ڕێگر بوو، دادوەر داوای لێ دەکات، لە ماوەیەکی دیاریکراو ڕەزامەند بێت، ئەگەر ڕەخنەی نەگرت لە پرۆسەکە، یان ڕەخنەکەی جێگەی بە هەندوەرگرتن نەبوو، دادوەر ڕێگە دەدات بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری. هەروەها ئەوانەی تەمەنی (١٥) ساڵیان تەواو کردووە، ئەگەر ئەوپەڕی پێویستی لە ئارادا بێت و لێهاتوویی و پێگەیشتووییان هەبێت و لە ڕووی جەستەیی توانایان هەبێت، بە ڕەزامەندیی بەخێوکار دادوەر ڕێگە دەدات بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکەن».

ئەوەشی خستەڕوو کە «بۆ ڕێگریکردن لە هاوسەرگیری، یاسا سزای داناوە، تاکو هیچ کەسێك نەتوانێت ببێتە زۆر بکات، یان ڕێگری لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری بکات، کە لە دەقی ماددەی (٩)ی یاساکە هاتووە.

١- نابێت هیچ خزمێك، یان کەسێکی بیانی یەکێك ناچار بکات، (نێر بێت، یان مێ) بۆ هاوسەرگیری بە بێ ڕەزامەندیی خۆی و گرێبەستی بەزۆرداری بەنادروست دادەنرێت، ئەگەر نەچووبێتە پەردە و لەگەڵی جووت نەبووبێت و ئەگەر چووبێتە پەردەوە ڕادەگیرێت.

هەروەها کەسێك لە خزمان، یان جگە لەوانیش ڕێگە لە یەکێك بگرێت کە شایستەی هاوسەرگیرییە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ هاوسەرگیری.

٢- هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگە(١)ی ئەم ماددەیە بکات، سزا دەدرێت، بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەك لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، ئەگەر لە خزمەکانی پلە یەك بێت، بەڵام ئەگەر سەرپێچی کار لە ئەوان نەبوو، سزاکەی زیندانیکردن دەبێت بۆ ماوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت، یان بەندکردن بۆ ماوەیەك لە ١٠ ساڵ زیاتر نەبێت. هەروەها دایك بە سەرپەرشتیار دادەنرێت، لە پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەگەر هاتوو مێردەکەی مردبێت، یان دیار نەبێت (بێسەروشوێن) بێت، دایك خۆی منداڵەکەی بەخێو کردبێت و لەلای خۆی بێت.

کەواتا پرسی سەرپەرشتیاری (ولی) تەنیا بۆ (نێر) پیاو نییە، بەڵکو لەو حاڵەتانەی سەرەوە دایك بە سەرپەرشتیار دادەنرێت و هیچ یەکێك لە خزم و کەس و کار بۆیان نییە ڕێگری، یان زۆرداری لە هاوسەرگیری کەسێك بکەن. بەڵام لە هەر سێ حاڵەتەکە، یەکەم تەمەنی یاسایی دیاری کراو کە تەواوکردنی (١٨) ساڵی و دووەم (١٧) ساڵی و سێیەم گەیشتن بە (١٦) ساڵی، پێویستە پرۆسەی هاوسەگیری لە دادگا ئەنجام بدرێت و، لە هەردوو حاڵەتی دووەم و سێیەم بە ڕەزامەندیی دادوەر دەبێت، بە پێچەوانەوە سزایی یاسایی دەسەپێندرێت لەسەر سەرپێچیکار لەبارەی نەگرتنەبەری کارڕایی یاسایی بڕیار لێدراو بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە.

کەواتە یاسا مەرج و ڕێوشوێنەکانی ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری دیاری کردووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە پرۆسەی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا و بەتایبەتی لە تەمەنی منداڵی بەردەوامە، بە هۆکار و پاساوی جۆراوجۆر، لەوانە: دابونەریت، هەڵەتێگەیشتن لە ئایین، لاساییکردنەوە، خۆشەویستیی ڕووکەش، بەرژەوەندی و سامان، ترس لە قەیرەیی، هەژاری و بێکاریی بەخێوکاری خێزان، نەخوێندەواری و وازهێنان لەخوێندن، ناوشیاریی دایك و باوك و... هتد.

میکانیزمی بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیشە بەمجۆرە خستەڕوو:

خێزان بنەمای دروستبوونی کۆمەڵگەیە، دروستی و ئارامیی خێزان خۆشگوزەرانی و جێگیری و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دەهێنێتەدی، بۆیە پێویستە بەرەنگاری هەر کێشە و ئاڵنگارییەك ببینەوە بۆ ئەوەی خێزانێکی ئارامان هەبێت و

دواتریش کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو. هەروەها بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە پێویستی بە کاری دەستەجەمعی و هەماهەنگی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکان و میدیا و چالاکانی کۆمەڵگە هەیە بۆ کارکردن لە ڕووی:

وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بارەی لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی پێشوەخت. ڕاگەیاندن ڕۆڵی کارای هەبێت، لە ڕێگەی بەرنامە و پرۆگرامی بەردەوام لەسەر ئەم پرسە بە میوانداریی کەسانی شارەزای بوارەکە. مامۆستایانی ئایینی پرۆسەی هاوسەرگیری بە وردی شی بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئایین نەبێتە پاساوی ئەنجامدانی، کە لەبنەڕەتەوە بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵك هاتووە، نەك دروستکردنی کێشە. وەزارەتی پەروەردە هاوکار و یارمەتیدەری خێزانەکان بێت و کارئاسانی زیاتر بکات، بۆ ئەوەی کچان لە خوێندن بەردەوام بن. وەزارەتی خوێندنی باڵا لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی پشتبەست بە ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری، چارەسەری گونجاو بۆ ئەم پرسە دەستنیشان بکات. وێڕای جێبەجێکردنی یاساکان وەك خۆی و سزادانی هەموو ئەوانەی سەرپێچی حوکمەکانی دەکەن».

بەهزاد تاهیر سەلیم، مامۆستای زانکۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هۆکارەکانی هاوسەرگیریی پێشوەخت زۆرن و کەلتوور و دابونەریت و ئایین و هەندێ هۆکاری دیکە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر دیاردەی هاوسەرگیریی پێشوەخت هەیە. بۆ نموونە یەکێك لە هۆکارەکان کە پەیوەندی بە دابونەریت و ئایینەوە هەیە، بریتییە لە تێکەڵنەبوونی ڕەگەزی نێر و مێ لە نێو کۆمەڵگە و ئاسایی نەبوونی حەز و ئارەزوویان، ئەمەش وادەکات، کەسەکان زووتر بڕیار لەسەر هاوسەرگیری بدەن. هەروەها یەکێك لە هۆکارەکان بریتییە لە حەزی دایکان و باوکان بۆ هاوسەرگیریی پێشوەختی منداڵەکانیان، بۆ ئەوەی تووشی کاری بەدڕەوشتی و سێکسی ناشەرعی نەبنەوە، بە تایبەت بۆ کچەکانیان. هۆکاری دیکە بۆ ئەم پرۆسەیە بریتییە لە کەوتنە داوی خۆشەویستی لە نێوان کوران و کچان لە تەمەنی زۆر بچووك، کە دیسان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دابونەریت و بەربەستە ئایینییەکان و لێکجیاکردنەوەی کوران و کچان لە ناوەندەکانی خوێندن، کە وادەکات ئەو دوو ڕەگەزە لە تەمەنێکی بچووکدا زۆر تامەزرۆی تێکەڵاوی و ناسینی یەکتر بن و بڕیار لە پرۆسەی هاوسەرگیری بدەن.»

ئەو مامۆستایەی زانکۆ گوتیشی: «هاوسەرگیریی پێشوەخت تەنیا لەو کۆمەڵگەیانە بوونی هەیە کە ژیان و ئازادیی تاکەکان بە بۆنەی کۆمەڵێك قەید و شەرتی دینی و دابونەریتی تەسك کراوەتەوە، ئەگەر سەیری خەریتەی جیهان و سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتان بکەین، زۆر بە ڕوونی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هۆکارەکانی چین و بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە پێویستە کار لەسەر عەقڵییەتی خەڵکی ئەو وڵاتانە بکرێت و شێوازی بیرکردنەوەیان لە هەمبەر ژیان و ئازادیی تاکەکان و هەندێ بیرباوەڕی سەقەت وەلابنێن». گوتیشی: «ڕێژەی جیابوونەوە لەو جۆرە هاوسەرگیرییانەدا یەکجار زۆرە و هۆکاری سەرەکیشی بریتییە لە نەسازان. لەدەستدانی دەرفەتی خوێندن و ناچارکردن بە ژیانی کۆلەمەرگی و چەندان خراپیی دیکەی ئەو دیاردەیە دەتوانین باس بکەین. بۆ خۆڕزگارکردن لەو دیاردەیە پێویستە خۆمان ڕزگار بکەین لە کۆمەڵێك لە قەید و شەرت و دابونەریت کە نەتەنیا لەو بوارە، بەڵکو لە زۆر بواری دیکەش گورزی زۆر گەورەی لێ داوین».

دوریا شێروانی چالاکی مەدەنییە و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە دژی هاوسەرگیریی پێش وەختەن و هۆکاریشی بۆ «دابونەریتی کۆمەڵگە و چاولێکەریی گەنجان و نەبوونی هۆشیاریی پێویست لەبارەی پرۆسەی هاوسەرگیری دەگێڕێتەوە. هاوکات دەڵێت: «هاوسەرگیری تەنیا کراسێکی سپی و ئاهەنگگێڕان نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە کە ڕاستەوخۆ و بەردەوام کاریگەری لەسەر ڕەوتی خێزان و کۆمەڵگە دەبێت، بێگومان کاریگەری نەرێنیشی زۆر دەبێت، لەوانە جیابوونەوەی هاوسەران و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگە و بوونە قوربانیی منداڵەکان لە نێوان ناکۆکی و جیابوونەوەی دایك و باوکیان، بۆ چارەسەری ئەم بابەتەش دامەزراندنی ناوەندێکی فراوانی هۆشیاری بۆ هاوسەران و دروستکردنی لیژنەی هۆشیاری لە دادگاکان زۆر پێویستن. وێڕای ئەوەش لە سوشیال میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەبێت کاری جددی بکرێت و کۆڕ و سیمینار لە لادێ و ناوچە دوورە دەستەکان ئەنجام بدرێت، بۆ ئاگاداربوون لە مەترسیی ئەم بابەتە لە ڕووی تەندروستی و کۆمەڵایەتییەوە .» گوتیشی: «کاردانەوەی هاوسەرگیریی پێش وەختە، پەشیمانبوونەوە و دواکەوتنە لە پرۆسەی خوێندن و خودپێگەیاندن، زۆر جاریش جیابوونەوەی هاوسەران و کێشەی کۆمەڵایەتی و خیانەتی هاوسەری و زەرەرمەندبوونی منداڵەکانی لێ کەوتووەتەوە».



بەهزاد تاهیر:

**یەکێک لە هۆکارەکان بریتییە لە حەزی دایکان و باوکان بۆ هاوسەرگیریی پێشوەختی منداڵەکانیان، بۆ ئەوەی تووشی کاری ناشەرعی نەبنەوە، بە تایبەت بۆ کچەکانیان**



دوریا شێروانی:

**کاردانەوەی هاوسەرگیریی پێش وەختە، پەشیمانبوونەوە و دواکەوتنە لە پرۆسەی خوێندن و خودپێگەیاندن، زۆر جاریش جیابوونەوەی هاوسەران و خیانەتی هاوسەری و زەرەرمەندبوونی منداڵەکانی لێ کەوتووەتەوە**

پرژە کەریم:

# دەتوانین مۆبایلەکەی دەستمان بکەینە سەرچاوەی داهات و فێربوون و پێشکەوتن



**سەلیقە و دەسترەنگینیی خانمان ژمارەیەکی زۆریانی بە ناوبانگ کردووە و بە دونیای کاریان بناسێنێت، ئەگەرچی هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ ئافرەتی کورد حەزی ماڵداری و سەرمایەداری هەر هەبووە، لە ئێستاشدا بە هۆی نەبوونی هەلی دامەزراندن و کەمیی دەرفەتی کار لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت، ڕێژەیەکی زۆری خانمان بەهرە شاراوەکانیان دەرخستووە و لەو بوارەی کە شارەزاییان تێیدا هەیە ئەسپی خۆیان تاوداوە و هەوڵی پێشکەوتن و خۆپێگەیاندن دەدەن.**

**پرژە کەریم خانمە کابانێکی گەنجی دانیشتووی شارە ڕەنگینەکەی دهۆکە و وەك خۆی باسی دەکات، ماوەی دوو ساڵە لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە فێرکاری و شێوازی دروستکردنی خواردنەکانی پۆست دەکات. لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان زیاتر باس لە چۆنیەتی کارەکانی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

پرژە کەریم تەمەنی ٢٣ ساڵە و لە دایکبووی ڕانیەیە و دانیشتووی شاری دهۆکە، ئەو دەرچووی کۆلێژی زانستی زانکۆی دهۆکە، تا ئێستا هەلی دامەزراندنی بۆ نەڕەخساوە، ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و دایکی کوڕێکە، وەك خۆی باسی کرد، ماوەیەکە خۆبەخشانە کاری فێرکاریی هونەری چێشتلێنان دەکات. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ماوەی دوو ساڵە لە ڕێگەی پەیجی تایبەتی خۆمەوە بۆ هەوادارنم شێوازی ئامادەکردنی خواردن و شیرینییەکانم پۆست دەکەم و بەردەوامیش دەبم و بە دڵنیاییەوە بایەخی زیاتری پێ دەدەم. کارەکەم زیاتر فێرکاری و هاندانە و هانی ئەو گەنجانە دەدەم کە بەهرەیەکیان هەیە، بۆ ئەوەی ئەوانیش دەست پێ بکەن و بەهرە جیاوازەکانیان بخەنەڕوو، بۆیە دەمەوێ پەیامەکەم ئەمە بێت، وەك دەزانین لە ئێستادا بارودۆخەکە بەگشتی سەخت بووە و دوای تەواوکردنی خوێندن دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بێکار دەمێننەوە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە دەستەوەستان بوەستین، هەرچەندە کارکردن و دۆزینەوەی هەلی کار هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەوێت، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا بە مۆبایلەکەی دەستمان دەتوانین وەکو سەرچاوەی داهات و سەرچاوەی فێربوون و پێشکەوتن سوودی لێ ببینین، چونکە لە ڕێگەی مۆبایلەوە بە ئاسانی دەگەینە خولی فێرکاری و کۆرسی زمان، ئەمەش بۆ داهاتوو بە تایبەت لە دۆزینەوەی هەلی کار سوودی هەیە و کارئاسانی زۆرمان بۆ دەکات».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە هاوکار و هاندەری خۆت کێ بوون؟ گوتی: «هەر لە سەرەتاوە کە دەستم بەم کارەم کرد، خانەوادەی خۆم و هاوژینەکەم زۆر هاوکارم بوون، بەتایبەت هاوژینەکەم تاوەکو ئەمڕۆش هاوکار و پاڵپشتم بووە، هەمیشە هانم دەدات و پێم دەڵێت بەردەوام بە پشتیوانت دەبم».

سەبارەت بە خەون و بەرنامەشی بۆ داهاتۆی خۆی گوتی: «من بەشبەحاڵی خۆم زۆر دەمێکە حەزم بە دروستکردنی شتی جیاوازە، حەزم لە نوێکارییە، دیارە کاری چێشتخانە بەر لە هەموو شتێك هونەرە بەڵام پێویستی بە سەلیقە و تاقەت هەیە. تا ئێستا کارەکانم تەنیا فێرکارییە، بەڵام ئەگەر خوا تەمەن بدات، لە داهاتوودا کارێکی باشمان دەبێت بۆ خۆم و خانمانی دەوروبەرم، پەنا بەخوا دەبێتە سوپرایزێکی گەورە، هەم لە ڕووی جلوبەرگ و هەم لە ڕووی خواردن شتی جیاوازمان دەبێت. بەڵام لە ئێستادا بە هۆی ئەوەی منداڵەکەم بچووکە و زیاتر پێویستی بە ناز و خۆشەویستیم هەیە، پرۆژەکەم دواخستووە، بەڵام هەروەکو گوتم، بۆ داهاتوو لەگەڵ چەند خانمێکی بەتوانا کاری زۆر باشمان دەبێت».

**زیاتر فێرکاری و هاندانە و هانی ئەو گەنجانە دەدەم کە بەهرەیەکیان هەیە، بۆ ئەوەی ئەوانیش دەست پێ بکەن و بەهرە جیاوازەکانیان بخەنەڕوو**

**بارودۆخەکە بەگشتی سەخت بووە و دوای تەواوکردنی خوێندن دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بێکار دەمێننەوە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە دەستەوەستان بوەستین**



# ڕچەی ڕۆمانتیک

(٢-٢)

لەم زنجیرە وتارەی لە بارەی (ڕچە) نەك (قوتابخانە)کانی هونەری شێوەکارییەوە دەیاننووسم، دەخوازم لە لایەك زاراوەی قوتابخانە کە وەك چەمکێك لە زمانی ڕەخنەی شێوەکاریی عەرەبییەوە هاتووەتە نێو زمانی ڕەخنەی شێوەکاریی کوردییەوە، ڕوون بکەمەوە، بەوەی لە بنەڕەتدا ئەوروپاییی کە خاوەنی چەمکەکەن، ناڵێن قوتابخانە، بەڵکوو بە ڕەوت و ڕچەی ناو دەبەن. دەشخوازم هەم ڕچەکانی هونەری شێوەکاری بە خوێنەران و قوتابیانی هونەر ئاشنا بکەم، هەم ئەو چەمك و زاراوانەی پەیوەست بە مێژووی هونەری شێوەکاری و ڕچەکانین، بە کوردییەکی ڕوون و پڕ بە پێستی واتا، بخەمە بەردەم هونەرمەند و ڕەخنەگرانی بوارەکە. بۆ هەر چەمك و زاراوەیەکی پەیوەست بە هەر ڕچەیەکی هونەر، هەوڵی زۆر دەدەم بە قووڵی و وردی پێناسەی بکەم و لە ڕۆحی واتای هەر چەمکێکەوە، زاراوەیەکی کوردیی پەیوەست بە واتای هەر ڕەچەیە بخەمە ڕوو. تا چەند لەو کارەمدا سەرکەوتوو دەبم، ئەوەیان بۆ ئێوەی خوێنەر جێ دەهێڵم. گرنگە بزانین، ڕچەی ڕۆمانتیك لەسەر چەند بنەمایەك دامەزراوە، زۆر بە چڕی ئەمانەن:

تاریق کارێزی

خۆخۆیی (تاکایەتی)، گرنگترین بنەمای ڕۆمانتیکە، خۆخۆیی بریتییە لە هەستی خەمباری، خەمۆکی و هیوا، جاری واش هەیە، شۆڕشی دژ بە کۆمەڵ، ڕزگار بوون لە کۆت و بەندی ئاوەز و واقیعیش دەگەیەنێت، بۆیە لە ڕۆمانتیکدا مرۆڤ بە نێو دنیای خەیاڵ و وێنە و خەوندا لە شەققەی باڵ دەدات.

بە گوێرەی ئەم ڕچەیە، لە گوزارشت کردن و دەربڕیندا، جەخت دەکرێتە سەر خۆڕسکی و خۆبەخۆیی، سەرسەختانە ڕوو لە شۆڕش دەکات، لە ڕووی ئایدیاوە پەیوەستە بە ڕەهایی و بێ سنووری. ئازادیی تاک بە لای ڕۆمانتیکە پیرۆزە، بۆیە لە نێویاندا کەسی زۆر ئیماندار چەشنی (شاتۆبریان) و کەسی بێ ئیمانی چەشنی (شیلی) هەن. زۆربەشیان خۆیان لە ئایدیا و باوەڕ بەدوور گرتووە.

بنەمایەکی دیکەی ڕۆمانتیك بایەخدانە بە سروشت، داوا دەکات بەرەو بێگەردی و خۆڕسکییەکی دروست و بێ خەوش بگەڕێینەوە، (ڕۆسۆ) بانگەشەی بۆ ئەمە دەکرد. ئاکار و وێژە لە یەکدی جیا دەکاتەوە، پەیوەستییەك لە نێوانی ئەم دوو بوارەدا نابینێت. (ئەرستۆ) پێی وا بوو داهێنانی هونەر و وێژە، لاسایی کردنەوەی ڕواڵەت و دەرکەوتەکانی ژیانە، ڕۆمانتیك پێی وایە بەرهەمی هونەر و وێژە، ڕاز و نهێنیی ژیان ئاشکرا دەکات. هونەرمەندی ڕۆمانتیك بایەخ بە بابەتی دژباو دەدات، ڕوو لە سروست و دنیای ڕۆژهەڵات دەکات، تابلۆی تەژی لە هەست و سۆز بەرهەم دەهێنێت، دنەی هەستی و خولیای نەتەوەیی و نیشتیمانی دەدات، زێدەڕۆیی لە وێنا کردنی گرتەی درامی دەکات. باوەڕی وایە ئاوەز چاوگی ڕاستی و جوانییە نەك چاو، پشتی لە ژیانی ڕۆژانە کرد و بەرەو ڕابردووی دوور گەڕایەوە.

لەو کاتەی ئەورووپا بەرەو ئاوەزدار کردنی سروشت هەنگاوی دەنا، تا لە ڕووی زانینەوە پشت بە ئاوەز و فەلسەفەی ئەزموونکار ببەستێت، میراتی ئەخلاق و هەست و سۆزی کەسانی، لە ڕووی جۆشدانی ڕەفتاری مرۆڤ دوور خستەوە، ئەمە بە ڕۆشنخوازیی ئەورووپا ناسرا و چاوگی ڕێنیسانسیش بوو، بەدەم ئەم ڕەوتی ڕێنیسانسەوە، ڕەوتێکی دژ بە ئەویش پەیدا بوو، کە بە ڕۆمانتیك ناسرا و جەختی کردە سەر ئەوەی هەستی تاك چاوگی ڕەسەنی ئەزموونی جوانخوازانەیە. ئەم ڕەوتە لە ئەڵمانیاوە پەلی بەرەو سپانیا و ئینگلتەرا و فەرەنسا هاویشت.

باشە لەبەر چی ئەورووپا پشتی لە ڕۆشنخوازی کرد و ڕووی کردە ڕۆمانتیك؟ ئەو جەنگ و کاولکارییەی لە سەردەمی ناپلیۆن بەسەر وڵاتانی ئەورووپادا هات، دۆخەکەی بەرەو هەڵگەڕانەوە لە ڕۆشنخوازی برد، ئەو وێرانییەی جەنگ بەسەر ئەورووپای هێنا، گەلانی ئەورووپای تاساند، دروشمەکانی ڕۆشنخوازی (یەکسانی، ئازادی، داد) بەدی نەهاتن، دابڕان لە دنیای خەیاڵ و ڕابردوو، نەبوو بە هۆی گەشە کردنی دەسەڵاتی ئاوەز و فراوان کردنی ڕووبەری زانین، وەك ئەوەی ڕۆشنخوازی مژدەی دەدا، بە دیوێکدا ڕۆشنخوازی کە پشتی لە ئاکار و نەریت و ئایین کرد، بەرەو کەناری دڕندەیی و زبری چوو. بیرمەند و فەیلەسووفانی وەك (ڕۆسۆ، کانت، ڤۆلتێر) جەختیان کردە سەر شکۆدار کردنی ئاوەز بۆ ڕزگار بوون لە میتافیزیك و هزری ئایین و ملهوڕیی پاشا و کڵێسە، ئەمەش لە شێوەی شۆڕشی پیشەسازی و فراوان بوونی بازرگانی و جووڵەی سەرمایە و گەشە کردنی دانیشتووان و گەورە بوونی شاراندا، خۆی نواند. ئا لێرەوە، ڕۆمانتیك وەك پەرچە کردارێکی دژ بە شۆڕشی پیشەسازی و ڕۆشنخوازی و گۆشەگیر کردنی خەیاڵ و نەریت و ئایین، بەرانبەر بە زێدەڕۆیی کردن لە ئاوەزخوازی وەستایەوە. ڕۆمانتیك ڕەوتێك بوو بۆ هەڵاتن و دوور کەوتنەوە لە کۆت و بەندی ئاوەز و ڕۆشنخوازی، کە خەون و خەیاڵیان سڕیبووەوە.





### نرخەکەی ١٠ ملیۆن دۆلارە

# ئایا کیم جلی مارلین مۆنرۆی لەناوبرد؟

وا دیارە ئەو جلە مێژووییەی مارلین مۆنرۆ لەبەریکردبوو و کیم کارداشیان لە ساڵی ٢٠٢٢ لە ئاهەنگی مێت گالادا نمایشی کردبوو، بە گوتەی چاودێران زیانی پێگەیشتووە، لە کاتێکدا یەکێکە لە گرانترین کراسەکان و نرخەکەی دەگاتە ١٠ ملیۆن دۆلار.
مارلین مۆنرۆ لە هەژماری ئینستاگرامی خۆی وێنەی نوێی ئەو جلە سەرسوڕهێنەرەی بڵاو کردەوە کە مۆنرۆ لە ئاهەنگی لەدایکبوونی جۆن کێنێدی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٢ لەبەری کردبوو.
بەپێی زانیارییەکانی ئەکاوەنتەکە ئەو جلە هەندێك ئەڵماسی بەنرخی تێدا نەبووە و هەندێکی دیکەش وەك ئەوەی (بە پەتێکی باریکەوە هەڵواسرابن)وا دیارە مەترسی کەوتنەخوارەوەیان لەسەر بووە،
کارداشیان تەمەن ٤١ ساڵیدا بەڵێنی دابوو هیچ دەستکارییەك لە جلی جلوبەرگەکەدا نەکات - کە پسپۆڕێکی فیلم و مۆدە بە (گەنجینەی نیشتمانی) وەسفی کردبوو.
ئەستێرەی ڕیاڵیتی تیڤی ناچار بوو ڕێجیمێکی توند پەیڕەو بکات بۆ ئەوەی ئەو جلە لەبەر بکات، ئەمەش وای کرد نزیکەی هەشت کیلۆ کێشی لەشی دابەزێت، بەڵام ئەو جلە تەسك بوو و دانەخرابوو، ئەمەش وای کرد کیم بە شاڵێکی سپی پڕ لە پەڕ خۆی داپۆشێت، لە کاتێکدا لە فێستیڤاڵەکەدا لەسەر فەرشی سوور بوو.
کارداشیان ددانی بەوەدا نا کە سەرەتا هەوڵدانی لەسەر ئەو جلە داوە و نەیتوانیوە لەبەری بکات، بۆیە ناچار بووە ئەو چالێنجە قبوڵ بکات و کێشی لەشی دابەزێنێت، بۆ ئەوەی لە مەراسیمەکەدا بەو جلە دەربکەوێت.
مۆزەخانەی (باوەڕ بکە یان باوەڕ مەکە) لە ئۆرلاندۆ لە ساڵی ٢٠١٦دا ئەو جلەی بە بڕی ٤.٨ ملیۆن دۆلار کڕیوە و دوای باج و ڕسومات، کۆی نرخەکەی بە زیاتر لە پێنج ملیۆن دۆلار خەمڵێندراوە، بەرپرسانی مۆزەخانەکە ئاماژەیان بەوەش کردووە، ئەو جلە گرانترین جلە لە جیهاندا کە لە زیادکردنێکی ئاشکرادا دەفرۆشرێت، بەهاکەی لە ئێستادا زیاتر لە ١٠ ملیۆن دۆلارە.
کیم کارداشیان لەلایەن بەشێك لە پسپۆڕان و کۆکەرەوەی ئەنتیکەکانەوە ڕەخنەی زۆری لێ گیرا، بەهۆی لەبەرکردنی ئەو جلە مێژووییە (زۆر ناسکە) کە بەرکەوتەی دەبێتە زیان یان دڕان، کە پێدەچێت لە ڕاستیدا ڕووی دابێت، شارەزایەکیش ڕوونی کردەوە، تەنانەت ئارەقە و بۆن و ماکیاژ زیان بە جلەکە دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی پەڵە بە شێوەیەك کە بە ئاسانی لانابرێت.
لە لایەکی دیکەوە نوێنەری مۆزەخانەکە ڕایگەیاندووە کە ئەستێرەی ڕیاڵیتی تیڤی (ئەوپەڕی ڕێزی) بۆ ئەو جلە نیشانداوە و هیچ زیانێکی پێ نەگەیشتووە.



# گەلەریی جیهان پەیکەرسازانی عێراق لە هەولێر کۆدەکاتەوە

سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆکانی جیهان، لە نوێترین چالاکیی هونەری خۆیدا، لەگەڵ دەستەیەک لە هونەرمەندانی پەیکەرسازی بە ناوی (ئەزامیل)، کە دامەزراوەیەکی هونەرییە و لە ساڵی ٢٠١٥ لە بەغدای پایتەختی عێراق لەسەر دەستی کۆمەڵێک پەیکەرتاشی ناسراو دامەزراوە پێشانگایەکی هونەری لە هەولێر دەکاتەوە، کە بەشێکە لە هونەر و داهێنانی هونەرمەندانی بەشداربوو، کە لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا تا بە ئەمڕۆ دەگات سەرقاڵی نوێگەرین لە نێو بزوتنەوەی هونەری پەیکەرتاشیدا.

لەم بارەیەوە ئەندازیار بورهان سابیر سەرۆکی ڕۆشنبیری زانکۆکانی جیهان بە «گۆڤاری گوڵان»ـی ڕاگەیاند: پڕۆژە هاوبەشەکەمان لەگەڵ ئەو گرووپە هونەرییە خاوەن ئەزموونەی کە ژیانیان پێشکەش کردووە بە هونەری ڕەنگ و داتاشینی بەرد و پێشکەش کردنی دەیان پەیکەری کەسایەتییەکان و بە دیکومێنت کردنی کارەساتە نامرۆییەکانی لە عێراق، زەمینە خۆشکەرە بۆ ئاشنابوون بە کولتووری هاوبەشی نێوان ئێمە و هونەرمەندانی عەرەب و ئاشناکردنی زوڵم و تاوانکارییەکان لە ساڵانی پەنجاکان تا دەگات بە کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، کە هونەرمەندان هەوڵیانداوە بە هونەر ئازارەکانیان دەربڕن، بۆیە لەم پڕۆژە هاوبەشەی جیهان و هونەرمەندانی عەرەب دەمانەوێت ئامادەبووانی سەنتەرەکەمان لەم دیدارە هونەرییەدا بەبیر هێنانەوەیەک بکەین و مێژوو بە پەیکەر نیشانی بینەر بدەین.





## ژاڵە بۆ گوڵان:

# یەکەم ئاف



*** سەرەتا با لە دوایین کار و کاری داهاتووت دەست پێبکەین؟**

- دوایین کاری من گۆرانی (هاواری ژینگە) بوو ئێستاش سەرقاڵی کارێکی زۆر زۆر جوانم کە، ئەویشیان سەبارەت بە ژینگە و جوانیی کوردستانە. راستییەك هەیە کە کاپیتاڵیسم بۆ قازانجی زیاتر و تێرنەبوونی و هەوڵدانی بو دەستخستنی قازانجی زۆرتر، هۆکاری یەکەمی نالەبار بوونی ژینگەیە، مەبەستم لە وڵاتانی ڕۆژئاواییە، بۆ نموونە دورستکردنی ئۆتۆمبیلی زۆر و فروشتنی بە وڵاتانی جیهانی سێیەم. سیاسەتی ڕیکلامکردن و بە فاشیۆن کردن و فەرهەنگسازی بۆ فروشتنی شتومەك، مەزنترین سیاسەتەکانی کاپیتاڵیزمە.

من دەتوانم چەندین کاتژمێر باس بکەم کە چون سیستمی کاپیتاڵیستی بەسەر دنیادا زاڵە و هۆی یەکەمی لە ناوبردنی ژینگەیە لەسەر گۆی زەوی، بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەم و گۆرانییەك بۆ ئەم بابەتە گرنگە دروست بکەم، چونکە ئەم بارودۆخە وا بڕوات مرۆڤت بە دەستی خۆی ژیان لە ناوە دەبات.

*** پێتوایە توانیبێتت ڕچەبشکێنی، بەتایبەتی کاتێك لە کلیپێکی خۆتدا سەمات کرد؟**

- بەڵێ من یەکەم ئافرەت بووم کە لە پێش کامیرا سەمام کرد. چونکە هەستم کرد ئەم کارەی من هەستێکی پۆزەتیڤ و باوەڕبەخۆ بوون بە ئافرەتانی داماوی کۆمەڵگەکەم دەدات، ئەگەر سەرنج بدەن من بەبێ میکیاژ و خۆجوانکردن سەما دەکەم. ئەوە بچووکترین کارە کە خەڵکانی دیکە ساڵەهای ساڵە دەیکەن، بەڵام بە داخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە دا دەبێت ڕەچەشکینیی بۆ بکریت.

*** ئەوەی ئێستا هەندێك ئافرەت بەناوی هونەرەوە پێشکەشی دەکەن چی ناو دەنێی؟**

- هەر کەسێك ژن یان پیاو و لە هەر بەشێك لە بوارەکانی ژیاندا، پێویستە بزانێت چ دەکات و بۆ دەیکات و کارەی کاریگەرییەك لەسەر کۆمەڵگەکەی دادەنیت. ئەگەر ئیشی باش بکات ئەوا کاریگەریی ئیجابی خۆیەتی لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکەی خوی و ئەگەر نەزانێت دەڕواتە قاڵبی هەڵەکردن بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی، بەداخەوە هەست بە خۆدەرخستن و ناودار بوون، بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر ئافرەتی ناشارەزا دەرکەون و کۆمەڵگەکەمان بەرەو دواوە ببەن.

*** بەڕای ئێوە مەرجەکانی سەرکەوتنی هونەرمەندی ئافرەتی کورد چین؟**

- یەکەم دەبێت هەست بە بەهیز بوون بکات پێش دەرکەوتنی، ئەگینا دەرەقەتی کیشەو گرفتەکانی کۆمەڵگە نایەت. دووەم خاوەنی بیر و فیکرێکی ڕوونـاك بێت، بۆ ئەوەی نەبێتە یاری بەدەس کەسانی دیکەوە. سێیەم: ئافرەت دەتوانێت تێکستی باش و موسیقای باش هەڵبژیریت و بە شیۆەی باش دەربکەوێت.

*** لە هەڵبژاردنی تێکستدا پشت بە چی دەبەستیت؟**

- من هەر لە سەرەتای دەرکەوتنم دەمزانی چیم دەوێت و بۆچی دەردەکەوم، بە تەواوی ئامانجم ڕوون بوو، بۆیە هەوڵم دا کە هیچ هەڵەیەك لە کارەکانمدا نەبێت. زور بە بڕوابەخو بوونەوە هاتمە بواری هونەرەوە، لە یەکەم ئەلبوومدا بە ناوی (خۆشم دەوێی ئازیزم) هەوڵی زۆرم دا کە باشترین شیعرەکان هەڵبژێرم، باشترین موسیقا بەکار بهێنم و خزمەت بە موسیقای گەلەکەم بکەم. هۆنراوە بۆ من زۆر گرنگە، چونکە پەیامی من دەباتە نیۆ دڵی خەڵکەوە، هەردەم هەوڵی زۆرم داوە تیکستەکانم بەس دڵداری نەبێت، بەڵکو ئێش و ئازاری کۆمەڵگەی تیدا ڕەنگ بداتەوە، وەکو ئەلبوومی سێیەمم.

# ـــــرەت بووم لە پێش کامیرا سەمام کرد

**ژاڵە کە بە ژاڵە (سنەیی)ش ناسراوە، بەشی هەرەزۆری تەمەنی لە خزمەتکردنی هونەری کوردیدا بەسەربردووە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**



*** ماوەی چەند ساڵێك بوو دەرکەوتنت وەك پێویست نەبوو، ئەمە چ سوودێکی هەبوو بۆ لە ڕووی هونەرییەوە؟**

- ڕاستە من لە چەند ساڵی ڕابردوو زۆر دەرنەکەوتووم بە هۆی بارودۆخی سیاسی کوردستانەوە، بایەخ نەدان بە کاری باش و کۆرۆنا و هەندێك بابەتی تایبەت هۆی سەرەکی بوون، هەڵبەتە کەم تا زۆر لە ئەوروپا دەردەکەوتم، ئەمە هیچ سوودیکی بۆ من و کومەڵگەکەیشم نەبووە.

*** پێوەرەکانی سەرکەوتنی ئافرەتی هونەرمەندی کورد چین؟**

- پێویستە بەهونەرەکەی خزمەت بە نەتەوەکەی بکات و بیر و هزرێکی ڕووناکی هەبێت، هەروەها ئامانجی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی هەبێت لە ڕێگەی کاری هونەریی جوانەوە، هونەر دەبێت جوان بێت نەك بەس بۆ خۆجوانکردن بێت یۆ ئەوەی جوان دەرکەویت، جوانی لە بیر و فکر و کاری باشدایەنەك ڕوخسار.

*** گەورەترین ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووت دەبنەوە چین؟**

- گەورەترین گرفت لە دەرەوەی وڵات بریتییە لە پەیداکردنی مۆسیقا و شاعیری باش، چونکە هەریەکە و لە وڵاتیك دەژین.

*** ڕۆژانە چەند کاتت تەرخان دەکەی بۆ سۆشیال میدیا؟**

- من زۆر لەسەر سوشیال میدیا کاتم بە فیڕۆ نادەم، گوێ لە بەشێك لە هەواڵەکان دەگرم و بەس.

*** تا چەند سوودت لە سوشیال میدیا وەرگرتووە وەك هونەرمەندێك؟**

- زۆر کەڵکم لێی وەرنەگرتووە، شتیکی باشە بو بڵاوکردنەوەی کاری هونەری، بەڵام جاری وا هەیە بێزارت دەکات، بۆیە من بە وریاییەوە بەکاری دەهێنم



سەیران سەرحەد

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی شێروانە:

# هەموو جووڵە و یاریکردنێک پێویستی بە ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی کۆمەڵگە هەیە

یانەی شێروانەی سەر بە ئیدارەی گەرمیان یەکێك لەو قەزایانەی کە گرنگیی تایبەت بە بواری وەرزشی دەدەن لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولە جۆراوجۆرەکان بەردەوام لە کێبڕکێ دابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی شێروانە (سەیران سەرحەد)ـە کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ و پێشتر یاریی بۆ هەریەك لە یانەکانی ڕزگاری و شێروانە کردووە، ئێستاش بەردەوامە لە تیپی گۆڕەپان و مەیدانی کچانی شێروانە، گۆڤاری گوڵان لەنزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- هەر لە منداڵییەوە خولیا و ئارەزوویەکی تایبەتم بۆ یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان هەبووە، لە تەمەنێکی بچووکەوە دەستم پێکرد کە هەموو ساڵێك بەشداریم دەکرد لە فیستیڤاڵی ساڵانەی چالاکیی وەرزشیی قوتابخانەکان.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- نەخێر بۆ من وەرزشێکی ئاسان و خۆشە.

*** بۆچی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- گرنگی نەدان بەم یارییە لەلایەن لایەنی بەرپرس و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و نەبوونی کادری پسپۆڕ لەم بوارەدا، وای کردووە ئەم یارییە لە ئاستی پێویستدا نەبێت، کەچی بە بووکی یارییەکانیش ناسراوە.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە لە ئاستی کچان پێشوازیی باشی لێ نەکراوە لە شارەکان؟**

- بە دڵنیاییەوە هەموو جووڵە و یاریکردنێك پێویستی بە ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی کۆمەڵگە هەیە، یان پێویستی بە هاندان و پشتگیریی ماددی و مەعنەوییەوە هەیە، بەداخەوە لە کوردستان ئەم هەلە نەڕەخساوە یان باشتر بڵێین پشتگوێ خراوە و گرنگی بە یارییە تاکەکان نەدراوە.

*** ئاستی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-بەداخەوە گرنگی بە یارییەکان نادرێت بە تایبەتی کچان، لەکاتێکدا تیپ و یاریزانی زۆر باش هەیە لە کوردستان دەتوانن کێبڕکێ بکەن لەسەر نازناوەکان.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- یەکەم دەبێ متمانە دروست بکرێت تاوەکو یاریزانی کچ هەست بە دڵنیایی بکات لە هەموو ڕوویەکەوە، دووەم خولێکی تایبەت بکرێتەوە بۆ دروستکردنی ڕاهێنەر، سێیەم هاندانی خەڵك و ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار بۆ تێگەیشتنی خەڵك لەم یارییە تاوەکو بە چاوێکی نامۆوە نەڕواننە ئەم یارییە بەتایبەت بۆ کچان.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە پاڵەوانێك؟**

-بەرنامەم وایە لە داهاتوودا ببم بە یاریزانێکی باش و سەرکەوتوو لە بوارەکەی خۆمدا.

***یانەی شێروانە چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- یانەکەم هاوکارێکی باشی منن، بەتایبەت هەردوو ڕاهێنەران بەهار ڕەحیم و بەختیار، کە زۆر ماندوون لەگەڵمان.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

- یەکەم ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە، دووەم نەبوونی متمانە لای کچان و کەسوکاریان، سێیەم گرنگی نەدان بەم یارییە بەتایبەت بۆ کچان.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-خەونم ئەوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانم ببم بە یاریزانێکی جیهانی و بەشداریی ئۆلۆمپیاد بکەم.

*** حەز دەکەی هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

- بێگومان ئەوە خەونی هەموو یاریزانێکی کوردە.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە ؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات لە تەواوی کوردستان.

**هەر لە منداڵییەوە خولیا و ئارەزوویەکی تایبەتم بۆ یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان هەبووە**

**بەرنامەم وایە لە داهاتوودا ببم بە یاریزانێکی باش و سەرکەوتوو لە بوارەکەی خۆمدا**



# سەرۆکی پێشووی بەرشلۆنە هاتە دەنگ

ساندرۆ ڕۆسێل سەرۆکی پێشووی بەرشلۆنە دێتە دەنگ و باس لە کەیسی نێگرێرا دەکات ئەم کەیسەی ئێستا بووەتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر یانە کەتەلۆنییەکە.

ڕۆسێل دەڵێت: هەڵایەکی گەورە کراو و هەیە و هەر ٤-٥ ساڵ جارێک بابەتێکی لەمشێوەیە دروست دەکرێت و بووەتە مێژوو هەر جارێک بەرشلۆنە لە بابەتێک تۆمەتبار دەکەن.

ڕۆسێل پێیوایە دوایین کەیس نابێت لەسەر بەرشلۆنە دروست دەکرێت و ئەم بابەتە بەردەوام دەبێت سەرۆکەکەی پێشووتری بەرشلۆنە بە تەنزەوە هێما بۆ ئەوە دەکات: ئەگەر ئێمە ساڵانە ٤٠٠ هەزار یۆرۆ بدەین بەرامبەر ١٠٠ ڕاپۆرت مانای ئەوەیە هەر ڕاپۆرتێک بە ٤ هەزار یۆرۆ دەبێت و کەواتە لەم ڕێگەیەوە دەتوانیت لە کارتی زەرد یان لێدانی سزا ڕزگارت ببێت.

ڕۆسێل دەشڵێت: ئێمە بۆسکێتس و مێسی و ئالبا و ئەنێستا و چەند ئەستێرەیەکی دیکەمان هەبوو دەبێت هەمووان لەوە تێبگەن بەرشلۆنە لەم قۆناغە واتە چی؟ تەنانەت یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا پێشتر ڕایگەیاندووە، کە هیچ کاریگەریان لەسەر ناوبژیوانان نییە وای دەبینم ئێمە بە کوشتن تۆمەتبار کراوین، بەڵام لە ڕاستیدا نازانرێت کوژراوەکە لە کوێیە.

ڕۆسێل لە درێژەی قسەکانی دەڵێت: دادوەر بەرشلۆنە بە پێدانی بەرتیل تۆمەتبار دەکات بەڕاستی سەرنجراکێشە، چونکە ئەم جۆرە تۆمەتانە کاتێک ڕوودەدات، کە تۆ بەرپرسێکی گشتی بیت، بەڵام ئەوان شتەکانیان گۆڕیوە، چونکە لە لێکۆڵینەوەکانیان هیچ یارییەکیان نەدۆزیوەتەوە، کە مێسی و یاریزانەکانی دیکە یان ڕاهێنەرەکان بە شایستەیی سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنابێت بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی تۆمەتبارمان بکەن بەبێ ئەوەی پێویستیان بە بەڵگە هەبێت.



ڕۆسێل دەڵێت: یارییەکم پیشان بدەن، کە ناوبژیوان هاوکاری ئێمەی کردبێت من دەتوانم زۆر یاریتان پیشان بدەم، کە ناوبژیوان هاوکاری نەکردووین، بەڵێ ئێمە لە ٢٠١٤ بەهۆی هەڵەی ناوبژیوان لە دوا هەفتەی خولی ئیسپانیا نازناوەکەمان لە دەست دا دواتریش ناوبژیوانەکە ئاشکرای کرد، کە هەڵەی کردووە.



# پێرێز تۆمەتبار دەکرێت

خۆسێ مانوێل ڤیاریخۆ، کۆمیساری پێشووی پۆلیسی ئیسپانیا وردەکاریی زۆری لە بارەی کاریگەرییەکانی فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی ڕیال مەدرید، بەتایبەتی لە دەسەڵاتی دادوەریدا بۆ «RAC ١» ڕوونکردەوە.

ڤیاریخۆ گوتی: فلۆرێنتینۆ پێرێز پێش بەرشلۆنە بەرتیلی بە ناوبژیوانان داوە، بەڵام کەس جوڵەی نەکرد، چونکە ئەو لە ئیسپانیا هێڵی سوورە، خۆیشی دەزانێت بۆچی؟.

ئاماژەی بەوەشکرد، هەر کەسێک بوێرێت سەرکۆنەی فلۆرێنتینۆ پێرێز بکات مەیلی خۆکوشتنی هەیە مەحاڵە دادگا بڕیار لەسەر هیچ شتێک بدات، کە کاریگەری لەسەر فلۆرێنتینۆ پێرێز هەبێت.

ئەو پۆلیسە خانەنشینە باسی لە دۆخێک لەگەڵ ئەلفرێدۆ پێرێز روبالکابا سیاسەتمەداری پێشوو و جێگری پێشووی سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا کرد گوتی: روبالکابا ئامۆژگاری کردم، کە هەرگیز بەدواداچوون بۆ ئەم کارەی ریال مەدرید نەکەم.

سەبارەت بە لێدوانەکانی ڤیاریخۆ هەمان سەرچاوە بڵاویکردەوە، کە خوان لاپۆرتای سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە پەیامێکی دەنگی بۆ ساندرۆ ڕۆسێلی سەرۆکی پێشووی یانەکەی ناردووە بۆ پووچەڵکردنەوەی تۆمەتەکانی ڤیاریخۆ، کە تۆمەتبار کرا بە دزەپێکردنی زانیاری، کە دواتر یارمەتیدەربوون بۆ دەستگیرکردنی ساندرۆ ڕۆسێل لە ساڵی ٢٠١٧.

بەپێی ڕادیۆی کەتەلۆنی لاپۆرتا ویستوویەتی بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ ساندرۆ بکات بۆ ئەوەی تۆمەتەکانی کۆمیساری پێشووی پۆلیس ڕەتبکاتەوە، بەڵام ڕۆسێل وەڵامی نەدایەوە بۆیە پەیامێکی تۆمارکراوی بۆ بەجێهێشتووە.

هەمان سەرچاوە ڕایگەیاند، کە لاپۆرتای سەرۆکی بەرشلۆنە هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی دەگرێتە بەر سەبارەت بە ئەو لێدوانانە.




# پێکانەکەی میسی قورسە

ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی ڕایگەیاند لیۆنێل میسی تا کۆتایی وەرز لە ئەنتەر مەیامی دادەبڕێت.

کادین دیلیسا ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی، کە گرنگییەکی زۆر بە ئەتنەر مەیامی دەدات لە تویتەری خۆی ئاشکرای کردووە پێکانەکەی ئەژنۆی میسی قورسە و بەهۆیەوە تا کۆتایی ئەم وەرزە لە ئەنتەر مەیامی دادەبڕێت.

دیلیسیا نووسیویەتی: سەرچاوەیەک پێی ڕاگەیاندووە میسی تووشی لێکترازانی بەستەرەکانی ئەژنۆی بووە و لە تیشکی موگناتیسی دەرکەوتووە پێکانەکەی قورسە و تا کۆتایی وەرز دوور دەکەوێتەوە.

سەرچاوەکە هێمای بۆ ئەوەش کردووە سەرەتا ئەم پێکانەی میسی لە یارییەکەی ئەرژنتین و ئیکوادۆر لە پاڵاوتنەکان بووە پێش ئەوەی پێکانەکەی بەرامبەر تۆرنتۆ گەورەتر بێت.

میسی، کە لەم وەرزە ١٢ یاری بۆ ئەنتەر مەیامی کردووە لە کۆتا سێ یاریی ئەم وەرزە دادەبڕێت، کە خولی ئەمەریکا لە بیست و دووی ئەم مانگە تەواو دەبێت.

میسی لە کۆی ١٢ یاری لە سەرجەم خول و پاڵەوانیەتیەکان ١١ گۆڵ و ٥ ئەسیستی تۆمار کردووە.

# ڕانیەش دەستی بە ئامادەکارییەکان کرد



بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ دەستپێکی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە ساڵانە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بۆ یانە بەشداربووەکانی خولەکە ئەنجامی دەدات، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی ڕانیەی دەڤەری ڕاپەڕین، ئەمساڵ یەکێك لە یانە بەشداربووەکانی خولە بەهێزەکەی کوردستان دەبێت، لەم پێناوەشدا کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ (ڕەفیق سەعید) ڕاهێنەری پێشووی یانەکانی سۆران و ڕەواندوز مۆر کردووە، بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە لەم وەرزەدا، تا بتوانێ شانبەشانی یانە گەورەکانی کوردستان شەڕی ئەنجامی گەورە بکەن وەکو تیپی سەرکەوتووی پلە یەکی کوردستان، کارگێڕیی یانەکەش گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانان تازە کردەوە، کە بریتین لە (دانەر بایز، داستان چەلاوی، میلاد کوروش، چالاك سەرکەوت، ئاراز عەبدولرەحمان، لازۆ عەلی، ئارام بابانی، کادۆست عەلی ) یانەکە بەردەوامیش دەبێت لە هێنانی یاریزانی بەتوانا، بۆ ئەوەی پێکهاتەی یانەکەی تەواو بکات و ئامادەکارییەکانیان درێژە پێ بدەن، هەروەها ئەمساڵ یانەی ڕانیە تاکە نوێنەری دەڤەری ڕاپەڕین دەبێت لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یانەکانیش کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە و مسۆگەرکردنی پلەکانی پێشەوە، یانەی ڕانیە وەرزی ڕابردوو توانی ئاستێکی بەرز لە خولی پلە یەکی کوردستان پێشکەش بکات و شانبەشانی یانەی هەولێر پلێتی خولی نایابی یانەکانی کوردستانیان مسۆگەر کرد.

# پەروەردەی قەزاکان فێستیڤاڵی وەرزشی ئەنجام دەدەن

بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕەوشی وەرزش لە ناوەندەکانی خوێندن و دەستپێکردنەوەی چالاکییەکان لە سنووری پەروەردەی قەزاکانی سنووری پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی چالاکی وەرزش و دێدەوانی لە پەروەردەی گشتی هەولێر و، سەرجەم بەرپرسی چالاکییە وەرزشییەکانی سنووری پەروەردەی قەزاکان کۆبووە، کە پێکهاتبوو لە پەروەردەی قەزاکانی (ناوەندی هەولێر، دەوروبەر، بنەسلاوە، شەقڵاوە، کۆیە، خەبات، مەخموور)، بۆ دروستکردنی تیپی هەڵبژاردەی هەولێر بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی پەروەردە گشتییەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لە بارەی دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانیش (مامۆستا بێجان ئیبراهیم) بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزش و دێدەوانی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، لەم بارەیەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچی لە توانامان بێت لەپێناو خزمەتکردنی بواری وەرزشی لە سنووری پارێزگای هەولێر ئەنجامی دەدەین، تا وەرزش وانەیەکی گرنگ بێت لە ناوەندەکانی خوێندن و پشتگیری تەواوی وەرزش بکەین بۆ سەرخستنی لە سنووری پەروەردەی گشتیی هەولێر، لەگەڵ بەرپرسی چالاکییەکانیش کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجام دا، بۆ دەستپێکردنەوەی وەرزی تازەی چالاکییە وەرزشییەکان و ئەنجامدانی فێستیڤاڵی وەرزشی لە سنووری پەروەردەی قەزاکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، سوپاسی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێریش دەکەین، کە بەڵێنی هاوکاری و پاڵپشتیی تەواوی پێداین بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانمان و سەرخستنی تیپەکانی پارێزگای هەولێر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان».



# ئەکاد بوونە پاڵەوانی باڵەی عێراق

بە سەرپەرشتیی یەکێتی ناوەندی باڵەی عێراقی و بە بەشداریی ١١ یانەی شارەکانی عێراقی، پاڵەوانێتیی باڵەی کچانی یانەکانی عێراقی لە هەولێری پایتەختی کوردستان بۆ ماوەی یەك هەفتە بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتییەشدا کچە یاریزانانی ئەکادی عەنکاوە توانییان ئەم وەرزە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ببنە پاڵەوانی ئەم وەرزەی عێراقی لە سەرجەم یارییەکان، کچانی سەنحاریب-ی شاری دهۆکیش شانبەشانی یانەی ئەکاد شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی گرنگیان دەکرد، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری، هەردوو یانەی ئەکاد و سەنحاریب لە یاریی کۆتاییدا ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە، لەم یارییەشدا کە ڕێژەیەکی زۆری هاندەری قەزای عەنکاوە ئامادە بوون، کچە یاریزانانی هەردوو یانە ئاستێکی بەرزی یارییان پێشکەش کرد، سەرئەنجامیش یانەی ئەکاد توانی بە ئەنجامی (٣-٠) گێم یارییەکە بباتەوە و ببێتە پاڵەوانی باڵەی کچانی یانەکانی عێراقی و، ببێتە نوێنەری عێراق لە پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەبی، کچانی سەنحاریبی پاڵەوانی وەرزی ڕابردووش پلەی دووەمیان بەدەست هێنا، یانەی ئەفرۆدێتی شاری سلێمانییش پلەی سێیەمی خولەکەی پێ برا، یانەی ئەکاد لە مێژووی یانەکەیدا بۆ حەوتەمین جار بووە پاڵەوانی باڵەی عێراقی، ئەم وەرزە یانەکانی بەشداربوو گرێبەستیان لەگەڵ چەندین یاریزانی بەتوانا مۆر کردبوو، بۆ ئەوە بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر تیپ و یاریزانە سەرکەوتووەکان دابەش کرا.



# بەهای خۆراکیی مانگۆ



میوەی مانگۆ Mango بە کالۆرییەکی نزمەوە دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ و ماددەی دژەئۆکسانەکانی پۆلیفینۆلەکان Polyphenols، ڤیتامینەکانی A، B1، B2، B6، B9، C، E، K لەگەڵ کانزاکانی پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، مس (کۆپەر). سوودە تەندروستییەکانی مانگۆ: باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس بەوەی کە ڕێژەیەکی بەرزی لە ڕیشاڵی تواوە تێدایە، کە هاندەرە بۆ ڕێگرتن لە قەبزی و کۆبوونەوەی گاز لە ڕێڕەوەکانی هەرسدا، هاوکات لەگەڵ هێشتنەوەی هاوسەنگیی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش لە ڕێگەی هێشتنەوەی هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی زۆر کە هاندەرە بۆ کەمتر خواردن، باشکردنی تەندروستیی پێست و قژ، هاندانی دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL لە خوێندا، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن بە هۆی ڕێژە بەرزەکەی پۆتاسیۆم لە مانگۆدا، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، پاراستنی تەندروستیی دڵ، پاراستنی تەندروستیی چاو، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی پێست، مێشك، ئێسك، سییەکان، کۆڵۆن، لەگەڵ شێرپەنجەی مەمك و ملی منداڵدان لە ئافرەتدا.

# چۆن چاویلکەی هەتاویی دروست هەڵدەبژێریت؟



ئایا چاویلکەی هەتاوی سوودبەخشە بۆ تەندروستیی چاوەکان؟ چۆن جۆری دروست هەڵدەبژێریت؟ چاویلکەی هەتاویی دروست زۆر سوودبەخشە بۆ پاراستنی چاو لە کاریگەرییە خراپەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەییی هەتاو. تیشکی سەرووی وەنەوشەیی ناو تیشکی خۆر، بە چاو نابینرێت و سێ جۆری هەیە، کە بریتین لە UVA، UVB لەگەڵ UVC. UVA کە درێژترین شەپۆلی هەیە (٣٢٠-٤٠٠ نانۆمەتر) باوترینە، چونکە ٩٥٪ی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی کە دەگاتە زەوی پێك دەهێنێت و لە هەموویان زیانبەخشترە بۆ چاو، چونکەچینی کۆرنیا و هاوێنەی چاو دەبڕێت و دەگاتە تۆڕەی چاو، بۆیە زیادبەرکەوتنی چاو بەم تیشکە هۆکارە بۆ دروستبوونی ئاوی سپیی چاو Cataract، هەروەها زیان بە بەشە گرنگەکەی سەنتەری تۆڕەی چاو دەگەیەنێت، کە بە ماکیولا Macula ناسراوە و بەرپرسە لە بینینی تیژ. UVB کە درێژی شەپۆلی کورترە (٢٨٠-٣٢٠ نانۆمەتر)، زۆربەی لە چینی ئۆزۆن ڕادەگیرێت و بەشێکی کەمی دەگاتە زەوی و توانای گەیشتنی بە بەشی پێشەوەی چاو هەیە و زیان بە چینی کۆرنیا و هاوێنەی چاو دەگەیەنێت. UVC کە درێژی شەپۆلی ٢٠٠-٢٨٠ نانۆمەترە، بە تەواوی لە چینی ئۆزۆندا ڕێگەی لێدەگیرێت و ناگاتە زەوی، بەڵام بە مەترسیدارترن جۆر دادەنرێت و تەنیا لە هەندێك سەرچاوەی ڕووناکیی دەستکردی وەکو لایتی جیوەیی و تیشکی لەیزەر و تیشکی لەحیمکردندا پەیدا دەبێت. بۆ پاراستنی ١٠٠٪ی چاو لە جۆرەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، پێویستە کە هاوێنەکانی چاویلکە بە تەواوی ڕێگە لە تیشکی شەپۆل تا ئاستی ٤٠٠ نانۆمەتر بگرن، کە UVA و UVB و UVC دەگرێتەوە و بە هاوێنەی UV400 ناسراون، وا باشترە کە ڕەنگەکەی سەوز، خۆڵەمێشی یان قاوەیی بێت، تاکو بینینی ڕەنگە سرووشتییەکان نەشێوێنێت، هەروەها تا هاوێنەکان گەورەتر بن هێندە ڕووبەرێکی زیاتری چاو دادەپۆشن.

# ئایا زیاد خواردنەوەی ئاو زیانبەخشە؟



زیاد خواردنەوەی ئاو یان ژاراویبوون بە ئاو Water intoxication حاڵەتێکی دەگمەنە و زیاتر لە هەندێك وەرزشوانانی تایبەتدا ڕوو دەدات و بریتییە لە خواردنەوەی بڕی زیادی ئاو لە ماوەیەکی کەمدا. زیاد خواردنەوەی ئاو ڕێژەی خوێی لەش کەم دەکاتەوە، کە هۆکارە بۆ تێکچوونی هاوسەنگیی کانزاکانی لەش وەکو سۆدیۆم، پۆتاسیۆم، کلۆراید، کالسیۆم، مەگنسیۆم، فۆسفۆر، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر فرمانی هەموو خانەکانی لەش، کە چەند نیشانەیەك پەیدا دەکات. زیاد خواردنەوەی ئاو یان ژاراویبوون بە ئاو، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەندێك خوێی گرنگ لە لەشدا، بۆنموونە ڕێژەی سۆدیۆمی خوێن کەمتر دەبێت لە ١٣٥ میللی ئیکویڤالێنت لە هەر لیترێکی خوێندا، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستی، و خانەکانی مێشك دەئاوسێن و فرمانەکانیان دەشێوێت، هاوکات لەگەڵ تێکچوونی فرمانی گورچیلەکان. پسپۆرانی تەندروستی ڕێنمایی دەکەن کە خواردنەوی ئاو ڕۆژانە بۆ ئافرەت زیاتر نەبێت لە ٢,٧ لیتر و بۆ پیاویش لە ٣,٧ لیتر زیاتر نەبێت. نیشانەکانی زیاد خواردنەوەی ئاو: کاڵبوونی ڕەنگی میز، زیاد میزکردن کە زیاترە لە ٨ جار لە ٢٤ کاتژمێردا، سك ئێشە، هێڵنج، ڕشانەوە، سکچوون، سەرئێشە، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، لەگەڵ کەمبوونەوەی ئاستی وزەی لەش، دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، گرژبوون و ئازاری ماسوولکەکان، کاڵبوونی ڕەنگی پێستی لێو و دەست و پێیەکان، بۆرژان، بینینی دووانە Double vision واتە بینینی هەر تەنێك بە دوو تەن کە زیاتر لە حاڵەتە سەختەکانی ژاراویبوونی ئاو ڕوو دەدات، شێوان، هەروەها لە حاڵەتە سەختەکاندا نیشانەی وەکو گرفت لە هەناسە و پەرکەم سەرهەڵدەدەن.



# سترێس کاریگەری دەکاتە سەر تەندروستیی دڵ

لە ڕاپۆرتەکانی کۆمەڵەی ئەمریکیی تەندروستیی دڵ AHA هاتووە کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان سترێس و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا هەیە. ئەمە ڕوونە کە ئاستی هەوکردن Inflammation لە لەشدا هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان کە نەخۆشیی دڵیش دەگرێتەوە، ئەمەش زانراوە کە سترێس Stress هۆکارە بۆ زیادکردنی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، کە هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، کەمبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL لە خوێندا کە هۆکاری یاریدەدەرن بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، نۆرەی دڵ، لەگەڵ جەڵتەی مێشك. لە لایەکی دی، سترێسی درێژخایەن بە ڕێگەی دیکەی ناڕاستەوخۆ ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات، بۆنموونە تێکچوونی خەو، ناڕێکبوونی خۆراك، ئەگەری جگەرەکێشان، زیادبوونی کێشی لەش، دووركەوتنەوە لە مەشقی وەرزشی..تاد. توێژینەوەکان جەخت دەکەنەوە کە سترێسی درێژخایەن هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل کە هاندەرە بۆ: بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان TGs لە خوێندا، بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، هەروەها بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، کە هەموویان فاکتەری هاندەرن بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ. ئاماژە بەمەش کراوە کە لەکاتی سترێسدا، مێشك هانی مۆخی ئێسك دەدات بۆ زیاتر بەرهەمهێنانی خڕۆکە سپییەکانی خوێن، ئەمەش هۆکارە بۆ ڕوودانی هەوکردن لە خوێنبەرەکاندا کە لەوانەیە ببێتە ئەگەری سینگ ئێشە، نۆرەی دڵ، یان جەڵتەی مێشك.

# کاتە گونجاوەکان بۆ خواردنەوەی قاوە

قاوە یەکێکە لە باوترین خواردنەوەکان لە جیهاندا، گەلێك کەس ڕاستەوخۆ پاش لەخەوهەڵسان کوپێك قاوە دەخۆنەوە، هەندێك کەسییش دوای دەخەن بۆ چەند کاتژمێرێك پاش لەخەوهەڵسان. خواردنەوەی قاوە بەیانیان ڕاستەوخۆ پاش لەخەوهەڵسان لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی کەم دەکاتەوە، چونکە هۆرمۆنی سترێس کە بە کۆرتیزۆل Corti-sol ناسراوە، لە ماوەی ٣٠-٤٥ خولەکی پاش لەخەوهەڵسان لە بەرزترین ئاستدا دەبێت، کە هاندەرە بۆ زیادبوونی ئاگایی و تەرکیزکردن، ڕێکخستنی میتابۆلیزم، کاردانەوی سیستمی بەرگریی لەش، لەگەڵ ڕێکخستنی پەستانی خوێن. بە ڕای پسپۆرانی تەندروستی، بۆ ئەوەی قاوە باشترین سوودەکان بگەیەنێت و کەمترین زیانی لابەلای هەبێت، باشترین کات بۆ خواردنەوەی قاوە کاتی ناوەڕاستی نێوان بەیانی و نیوەڕۆ، یان کاتێکی درەنگی بەیانییە، چونکە لەم کاتانەدا ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل نزم دەبێتەوە، بۆنموونە ئەگەر یەکێك کاتژمێر ٦,٣٠ لەخەو هەڵسێت، ئەوا باشترین کات بۆ خواردنەوەی قاوە بریتییە لە کاتژمێر ٩,٣٠ یان ١١,٣٠ی پێش نیوەڕۆ. هۆکارێکی دی بۆ دواخستنی خواردنەوەی قاوە بۆ ٣ کاتژمێر پاش لەخەوهەڵسان، بریتییە لەوەی کە ماددەی کافائین کە بە ڕێژەیەکی بەرز لە قاوەدا هەیە، هاندەرە بۆ بەرزبوونەوی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل، بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆلیش بۆ ماوەیەکی زۆر، دەبێتە ئەگەری بێهێزبوونی سیستمی بەرگریی لەش و گرفتی تەندروستیی دیکە.





# ئایا پێویستمان بە ژەمی دیکەی ڤاکسینی کۆرۆنا هەیە؟

ڤاکسینێکی نوێی کۆڤید١٩ کە لەلایەن کۆمپانیای دەرمانیی پفایزەر و مۆدێرنا بەرهەم هێنراوە و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی خۆراك و دەرمانی ئەمریکی FDA و سەنتەری ئەمریکی بۆ کۆنترۆڵکردن و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانەوە CDC ڕێگە بە بەکارهێنانی دراوە، دەتوانرێت ئەم ڤاکسینە بۆ هەر تەمەنێك لە ٦ مانگ بەسەرەوە بەکار بهێنرێت، بەتایبەتی کاریگەری هەیە بۆ جۆری XBB.1.5 کە بووە هۆی تووشبوونی گەلێك کەس لە گەلێك وڵات لە مانگی تەمووزی ئەمساڵدا، بۆیە هەتا ئەوانەی کە ژەمی سێیەم یان ژەمی بووستەری ڤاکسینی کۆرۆنایان وەرگرتبوو، ژەمێکی تریشیان لەم ڤاکسینە وەرگرت، بە مەبەستی بەهێزکردنی بەرگری دژ بە نوێترین جۆری گۆڕاوی ڤایرۆسی کۆرۆنا. بەم دواییە، سەنتەری ئەمریکی بۆ کۆنترۆڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان و چەند پسپۆڕێکی تەندروستی، پێیان باشە کە ئەم ڤاکسینە لە وەرزی پاییزی ئەمساڵدا لە سەرتاسەری جیهان هاوشێوەی ڤاکسینی ئەنفلوەنزا بەکار بهێنرێت. لەلایەکی دیکە هەتا لەگەڵ زیادبوونی حاڵەتەکانی کۆڤید١٩ لە هەندێك وڵاتدا هەندێك سەرچاوە پێیان وایە کە پێویست بە وەرگرتنی ژەمێکی بووستەر لەم ڤاکسینە ناکات، بەتایبەتی بۆ کەسانی تەندروست. بە پێی ڕاپۆرتێکی سەنتەری ئەمریکی بۆ کۆنترۆڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان کە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا بڵاو کراوەتەوە، نزیکەی ٩٦٪ی دانیشتووانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆرێك بەرگرییان دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە.

# لاپتۆپە نووشتاوەکەی HP و تایبەتمەندییەکانی



لەم ساڵانەی دواییدا مۆبایل و لاپتۆپی چەماوە و نووشتاوە و ئەوانەی قەد دەکرێن و ئەوانەی لوول دەدرێن، گۆڕانێکی گەورەیان لە جیهانی تەکنەلۆژیادا هێنایە گۆڕێ.

کۆمپانیای HP بە بەرهەمهێنانی لاپتۆپی جۆری Spectre Fold هاتە ریزی ئەو کۆمپانیانەی لاپتۆپی قەد کراو و چەماوە بەرهەم دێنن.

لاپتۆپەکە لە شاشەیەکی ١٧ ئینجی و کیبۆردێك پێکهاتووە، کاتێك شاشەکە بە تەواوی لێکدەکرێتەوە دەبێتە تەبلێتێکی مەزنی ١٧ ئینجی. بەڵام کاتێك قەد دەکرێت دەبێتە دوو شاشەی ١٢,٣ ئینجی. شاشەکە لە جۆری OLEDیە. کیبۆردێکی بلوتوسی و قەڵەمێکی لەگەڵدایە. لاپتۆپەکە لە ریزی ناسکترین شاشە دێت. کاتێك دەکرێتەوە ناگاتە ١ سانت. کێشی کەمە و تەنیا کیلۆیەك و ٣٥٠ گرام کێشیەتی. رامەکەی ١٦ گیگابایتە و داتاگەکەی یەك ترابایت. یەکەی لێکدانەوەی لە جۆری corei7ە.




# کامێرایەک لە شەوانی تاریکیشدا وێنە دەگرێت

کامێراکان جۆراوجۆرن، کامێرای شەخسی، کامێرای پرۆفیسناڵ و پیشەیی، کامێرای چاودێری و ئەمنییەت، کامێرای بواری پزیشکی و تەندروستی و...تاد.

کامێرای جۆری BOBLOV KJ21 کامێرایەکی بچووکی پۆلیسی و ئەمنییەتییە. دەکرێت بە گیرەیەك بەسەرشانیەوە هەڵبواسی و هەروەها لەسەر داشبۆردی ئۆتۆمبیلیش دادەنرێت. کامێراکە بۆ پۆلیس و کارمەندانی ئەمنییەتی دەبێت. کێشی کەمە بە ئاسانی هەڵدەگیردرێت. شاشەکەی ٢ ئینجە. کامێراکە هەروەك ئاماژەی پێکرا بۆ دەزگای ئەمنی دەگونجێت. جیاوازی کامێراکە لەگەڵ کامێرای دیکە ئەوەیە کە لە شەوی تاریکشدا هەتا مەودای دە مەتر وێنە و فیلم دەگرێت. کامێراکە سەرووی فوول ئیچ دییە. میمۆری ١٢٨ گیگابایتی بۆ دادەنرێت. کاتێك بەتەواوی شەحن دەبێتەوە هەتا دە کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. لە هەر تۆمارکردنێکدا دەتواندرێت ٣٠ خولەك تۆمار بکات. کامێراکە بچووکە و کێشی کەمە ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسوورێت.



# وەرگێڕێک بۆ هەموو شوێنێک

کاتێك دەچی بۆ وڵاتێك و زمانی ئەو وڵاتە نازانی زۆر دژوارە، بەهۆی مۆبایل و ئاپەکانی تایبەت بە وەرگێڕانەوە زۆر کارئاسانی کراوە، بەڵام هیچ شتێك ناگاتەوە ئەوەی ئامێرێك تایبەت بە وەرگێڕان بەرهەم هاتبێ.

ئامێری Langogo بۆ گەشتیاران بەرهەم هاتووە، ئەوانەی بەردەوام لە گەشت دان و زمانی ئەو وڵاتانە نازانن کە بۆی دەچن، ڕەنگە بڵێن ئەگەر زمانی ئینگلیزی بزانی ئەوە بەسە، بەڵام وا نییە ڕەنگە تۆ زمانی ئینگلیزی بزانی بەڵام بەرامبەرەکەت نایزانێت.

ئەو ئامێرە بۆ وەرگێڕان سوود لە زیرەکی دەستکرد وەردەگرێ، لە یەك کاتدا دەنگی هەر دوولایەن وەردەگێڕێت. ئەویش کەمتر لە چرکەیەك. سیستەمی تێگەیشتنی لە سیستەمی NMT وەرگیراوە، لە تۆڕێکی زیرەکی مەزن کە لە هەموو شتێك تێدەگا. چەندە بەکاری بێنی ئەوەندە ژیرتر دەبێت.

خاڵیکی گرنگی ئامێرەکە ئەوەیە کە سیمکارتی خۆی لەگەڵ خۆیدایە و خۆکار بە زیاتر لە ٦٠ وڵاتی جیهانەوە پەیوەند دەدرێ و پێویستی بە ئینتەرنێتی دیکە نییە. هەروەها بە سیستەمی wi-fi لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت. هەروەها دەکرێت وەك ڕاوتەرێکیش سوودی لێوەربگری و لەیەك کاتدا پێنج ئامێری پێوە پەیوەند دەدرێت. زمانی سیستەمەکەی بە ٩ زمانە. زمانی وەرگێڕانی ١٠٤ زمانە. دەنگ تۆمار دەکا. کێشی ١١٥ گرامە و شاشەیەکی لەمسی ٣,١ ئینجی هەیە. هەتا ١٢ کاتژمێر سوود وەرگرتن لێی شەحنی دانابەزێت.



# داهێنانێکی نوێ لە بواری وێنەگرتندا

کۆمپانیای moza گەیمباڵێکی نوێی بۆ بواری وێنەگرتن بەرهەم هێناوە، کە دەبێتە هۆی وێنە و فیلمی پیشەیی بەرهەم بێت. (گەیمباڵ ئامێرێکە کە کامێرای وێنەگرتن یا مۆبایلی لەسەر دادەنرێ و خۆی خۆکار وێنەدەگرێت). گەیمباڵەکە بە MOIN ناسراوە. شاشەیەکی جۆری ٢,٥ ئینجی لەسەرە. بۆ سوود وەرگرتن لە بواری فیلم هەڵگرتنەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ.

کامێرا گەیمباڵیەکان بچووکن و لەریزی کامێرا ئەکشێنەکان دێنە ژمار. چونکە یەکپارچەن وێنە و فیلمەکان باشتر لە کامێرا یا مۆبایل دەگرن. بەرادەیەکیش بچووکن کە لە بەرك و گیرفاندا جێگایان دەبێتەوە.

کامێرای گەیمباڵی ناوبراو کۆنترۆڵی دژە لەرزینی تێدایە، خاوەنی هاوێنەیەکی ١٢٠ پلەیە و وێنەی ١٢ میگاپیکسیلی و فیلمی 4K دەگرێت. بۆیە زۆرتر بۆ بواری فیلم هەڵگرتنەوە گونجاوە تا وێنەگرتن. کێشی کامێراکە تەنیا ١٧٦ گرامە. سیستەمی دژە لەرزینەکە وا دەکات کە ١٤٥ خولەك بەبێ ڕاوەستان و لەرزین فیلم هەڵبگرێتەوە.



# کۆکەرەوەی ئامێرەکان

ئەو ئامێرەی کە وێنەکە دەبینن، زۆربەی ئامێرەکان دەگرێتە خۆی، سپیکەرێکی بلوتوسە بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقا، کاتژمێرێکی زەنگدارە بۆ لە خەو هەستاندن و میمۆری کارت دەخوێنێتەوە بۆ لێدانی گۆرانییەکان بە ویستی بەکارهێنەر. رادیۆیەك بۆ گرتنی هەواڵەکان و گوێ گرتن لە گۆرانی. دیزانێکی ناوازە و سەرنج راکێشی هەیە. زۆر وەك کوند دەچێت و لەکاتی لێدانی مۆسیقادا چاوەکانی جووڵە دەکەن.

ئامێری Soaiy S68 بە ئاسانی هەڵدەگیردرێت و کێشی کیلۆیەکە. شەحن دەبێتەوە و پێویستی بە باتری نییە. چەندین دوگمەی لەسەرەوەیە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئامێرەکە، وەك دەنگ و گۆڕینی گۆرانی و دوگمەکانی تایبەت بە LED و گۆڕینی رادیۆ...تاد.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، دوای ئەوەی ویندۆز ١١م لەسەر کۆمپیوتەرەکەم داناوە، هێمای ماوس واتە (سەهمەکە) لەسەر شاشە نامێنێت، هۆکار چییە؟

خوێنەری بەڕێز ڕاستە یەکێك لە گرفتەکانی ویندۆز ١١ ئەو کێشەی ماوسەیە کە هێماکەی لەسەر شاشە نامێنێت. سەرەکیترین گرفت ئەوەیە کە پێناسەی درایڤی ماوس (تەعریفی ماوس) لەسەر سیستەمی کۆن ماوەتەوە و لەگەڵ ویندۆزی نوێ ئەدپدیت نەبووە، بۆیە ویندۆزی نوێ ماوسەکە نابینێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بچۆ بۆ بەشی Device Manager و لەوێدا (ماوس) بدۆزەوە، پێناسەکەی (تەعریف) ەکەی بسڕەوە و سەرلە نوێ دایبنێوە، بە ئەگەری ٩٠٪ کێشەکە چارەسەر بێت. گەر ماوسەکەت بە کێبڵە، کێبڵەکە دەربێنەوە و جارێکی دیکە دایبنێوە.

ئۆلترابووك (ultrabook) بەو جۆرە لە لاپتۆپ دەگوترێت کە کێشیان کەمە و بارستاییان تەنکە و خێراییان زۆرە و DVD یا CD ناخوێننەوە. ئێستاکە زۆربەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی لاپتۆپ زیاتر (ultrabook) بەرهەم دێنن. چونکە تێچوویان کەمترە و هەڵگرتن و راگواستنی بۆ بەکارهێنەر ئاسانترە.

کۆمپانیا GPD یەکێکە لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئۆلترابووکی بچووك و وردیلە. یەکێك لە بەرهەمەکانی کۆمپانیای ناوبراو ئۆلترابووکی جۆری GPD P2 Maxە کە لە ریزی ئۆلترابووکە بچووکەکانی جیهان دێتە ژمار. شاشەکەی ٨,٩ ئینجە. بەقەد شاشەی تەبلێتێکی ئاسایی. لەمسییە. رامەکەی ٨ هەتا ١٦ گیگابایتە. داتاگە واتە میمۆری ناوخۆی دەگاتە یەك ترابایت. کێشی تەنیا ٦٥٠ گرامە. پشتیوانی لە سیستەم ویندۆز١١ش دەکات.

# بچووکترین ئۆلترابووک






# پاوەربانکێکی بەهێز بۆ بەرهەمەکانی ئەپل

پاوەربانکی جۆری iFory تایبەتە بە بەرهەمەکانی ئەپل و لە ریزی پاوەربانکە بەهێزەکان دادەنرێت، هێزەکەی بریتییە لە چل هەزار میلی ئامپێر، بە واتایەکی دیکە دەتوانێت ئایفۆن ١٤ هەتا دە جار زیاتر شەحن بکاتەوە. تەبلێتەکان چوار جار و لاپتۆپەکانیش دووجار شەحن بکاتەوە. لە یەك کاتدا دەتوانێ ٤ ئامێر پێکەوە شەحن بکاتەوە. بە خێرایی شەحن دەکاتەوە و دەتوانێت لە نیو کاتژمێردا مۆبایلێك لە سفرەوە بگەیەنێتە ٦٠٪.

شاشەیەك لەسەرەوە پاوەربانکەکە هەیە زانیارییەکانی تایبەت بە شەحنکردنەوەی پاوەربانکەکە نیشان دەدا. بە تەڕبوون و کەوتنە ناو ئاوەوە تێکناچێت.

پاوەربانك لە کاتە هەستیارەکاندا سوودێکی زۆری هەیە بۆ بەکارهێنەرەکەی بۆ بارگاوی کردنی ئامرازەکان. بەتایبەتی ئەگەر بەکارهێنەر لە گەشت و گەڕاندا بێ و نەتوانێ بە وزەی کارەبا ئامێرەکانی شەحن بکاتەوە.



## ماڵپەڕێکی زیرەک جیهانی شێوەکاری دەگۆڕێت

زیرەکی دەستکرد میلی کاتژمێری پێشکەوتن بە خێراییەکی وا دەباتە پێش کە مرۆڤ توانای ئەوە نییە بە خەیاڵ و زەینیشی دا بێت. گۆڕان بەسەر هەموو شتێکدا دێنێت. ڕەنگە بەشی بەرچاوی ئەو گۆڕانکارییانە بەر دونیای هونەر و گرافیك کەوتبێت. ماڵپەڕی زیرەکی vizcom.ai لە ڕیزی بژاردەی ماڵپەڕە زیرەکەکان دێت. ئەو ماڵپەڕە بەتەواوی جیهانی شێوەکاری دەگۆڕێت، سنوورێك لە نێوان مرۆڤ و زیرەکی دەستکرددا ناهێڵێت. جیاوایز ئەو ماڵپەڕە لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەوەیە بەکارهێنەر بە ویستی و بە دڵخوازی خۆی وێنەکە دەگۆڕێت. دەتوانی خۆی وێنەی تێدا بکێشێتەوە، یان سکێچی ئەو وێنانەی کە کێشاونی دایبەزێنێتە ماڵپەڕەکە، پاشان بە وردەکارییەکی زۆرەوە و بەو جۆرەی دەیهەوێ دەتوانی دەستکاری سکێجەکە بکات.

# پرۆگرامی Adobe After Effects لە بە هێزەکانی دەستکاری فیلم

لە زنجیرەی پرۆگرامەکانی ئەدۆبدا، بۆ بواری فیلم و دەستکاری کردنی فیلم، پرۆگرامی Adobe After Effects دێت کە لە بژاردە بەهێزەکانی پرۆگرامی دەستکاری کردنی فیلمە. بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە دەتوانرێ دیمەنی سەرنج ڕاکێش لە فیلمەکان، ئێفێکتی جۆراوجۆر، ئەنیمیەیشنی جوڵەدار، ترێلەری فیلم و ڕێکلامی بازرگانی....

تایبەتمەندییەکی بەهێزی پرۆگرامی ناوبراو، لێکدان و تێکەڵکردنی چەند بەشێکی پەیوەندار بە فیلمە. بۆ نموونە زیاد کردنی فایلی دەنگ، فایلی ڤیدیۆ، دەق، ئێفێکتی جۆراوجۆر، ڤیدیۆی سێ دەوری...تاد.بە تێکەڵکردنی ئەوانە بەکارهێنەر دەتوانێ پرۆژەی باش پێشکەش بکا. بەگشتی پرۆگرامی ئاماژە پێکراو لە ڕیزی پرۆگرامە بە هێزەکان دێت بۆ دەستکاریکردنی فیلم.




لە Adobe After Effects دا، پرۆژەکان بە شێوەی لایەیی دروست دەکرێن، بەهۆی ئەوانەوە دەکرێت هەر لایەی بەشێوەیەکی جیا دەستکاری بکرێت و ڕێك بخرێت. تایبەتمەندییەکی دیکەی پرۆگرامی ئاماژە پێکراو بوونی سیستەمی کەی فرێمە، ئەو بەشە ئیزن بە بەکارهێنەر دەدات تا گۆڕانگاری لە کات و ساتی لایەکان و ئێفێکتەکاندا بکات.





# چۆن لە وێنە و سێلفییەکانتدا وەک مۆدێل و شاجوان دەردەکەوت

(میگان مارکڵ) خاوەن جوانترین وێنەیە لە سۆشیاڵ میدیا، دەربارەی وێنەگرتن دەڵێت: «زەردەخەنە و پێکەنین گرنگترین هەنگاوە لە کاتی وێنەگرتن، کاتێك ڕووت گرژ بێت ئەگەر شاجوانیش بیت لە وێنەکەدا جوان دەرناچێت، بۆیە هەوڵ بدە هەردەم زەردەخە و پێکەنینت پێوە دیار بێت. هەمیشە لە کاتی وێنەکاندا ئاسایی و ئاسوودە بە، هەموو توانای خۆت مەخەرەگەڕ تا جوان دەربچیت، تەنیا بە ئاسایی بوەستە یان دانیشە، دڵنیابە لە وێنەکەدا جوان دەردەچیت. شێوازی وەستان: ڕەنگە هەندێ جار لەشولارێکی جوان و ناسکت هەبێت، بەڵام بەهۆی هەڵە وەستانت شێوەت جوان دەرنەکەوێت، بۆ ئەوەی لەشولارت جوان دەربچێت، هاوشێوەی نمایشکارەکانی جلوبەرگ بوەستە. شێوەی سەر: هەوڵ بدە لە وێنەکانتدا هەردەم سەرت ڕاست و ڕێك نەبێت، تەنیا بۆ ئەو وێنانە نەبێت کە بۆ کاری فەرمی بەکار دەهێنرێن، بەڵکو پێویستە سەرت بەرەو خوارەوە بێت،یان بۆ لایەك و کەمێك لاری بکەیتەوە. جلوبەرگ و جەستە: پێویستە لە وێنەکانتدا ناوقەد و کەمەرت تەسك و توند بن، واتە ئەگەر کەرشیشت هەبوو، هەوڵ بدە پشتێن لە پشت بکەیت، یان جلێکت لەبەر بێت کە تەسك و توند بێت.

# مۆد و کەشخەیی جلی جمبسوت بۆ خانمان





جلەکانی مۆدی جمبسوت، کە بە جلی ڕەنگاوڕەنگ و باوترین تاخمە جلە لە نێو خانماندا، داواکاریی لەسەرە، هەروەها بۆ زۆربەی بۆنە و شوێن و دەرچوونەکان دەگونجێت، وەك جلێکی یەك پێکهاتە لەسەرەوە تا خوارەوە یان بە شێوەی دوو پارچەی لێکدراو و شیککراو، مۆدێکی نەخشین و شەنگە، جگە لەوەی جەستە و لەشولاری خانمان بە ڕێکی دەردەخات. مۆدەکانی جمبسوت، زۆرن، بەڵام دیارترینیان پانتۆڵ و قەمیس لە بەشی سەرەوە بە شێوەی لێکدراو، شیاوە و سەرنجڕاکێشە، گرنگە بزانی ئەو جلە بۆ شوێنی تایبەتی وەك میوانی و دەرچوون شیاوە، بە تایبەت دانیشتنی کچانە و خێزانی، هەروەها پێویستە ڕەچاوی ڕەنگ و شێوازەکانی ستایلەکە بکرێت، بەهۆی ئەوەی ڕەنگەکەی زیاتر کەشخەتری دەکات، چونکە کاتێك جمبسووتەکەت لە ڕەنگێکی زۆر زەق بێت، جوانییەکەی لە دەست دەدات و هێندە سەرنجڕاکێش نابێت، بۆیە دەتوانی ڕەنگە تاریکەکان هەڵبژێریت وەك: قاوەیی، شین، سەوز، پەمەیی کاڵ، بەڵام پێویستە لەگەڵ جمبسوت ڕەنگی قەمیس یان بلوز و بەدییەکەی جیاواز بن.





# هەڵبژاردنی جانتایەکی شیک بۆ دەست و مەچەکت


چۆنیەتی هەڵبژاردنی جانتایەکی ناسك بۆ دەست و مەچەکت لەم چەند خاڵەی خوارەوە بزانە: جانتای شێوە ورد و بچووك: بۆ ئەو خانمانەیە کە جەستەیان پڕە و گەورەن، چونکە تا چەند لەشولاریان گەورە بێت، وردیی جانتاکە لەگەڵ جەستەیان دەگونجێت. جانتای شێوە ناوەند: بۆئەو ئەو خانمانەیە کە جەستە و لەشولاریان نە قەڵەوە و نە وردە، هەموو کچێك لەشولاری خۆی دەناسێت لە گەورە و وردیدا، هەربۆیە بە هەڵگرتنی جانتایەکی لەم جۆرە لەگەڵ شێوەیان ڕێك دەبێت. جانتای گەورە: ئەو خاتوونانەی وردن و لەش و لاریان پڕە، دەتوانن ئەو جۆرە جانتایە لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن، چونکە دیمەنی جانتاکە مایەی سەرنجە و ئیدی زیاتر لایەنی بەرامبەر سەرنج ناداتە لەشولارت.

ئەو کچانەی دەستیان درێژە: کە وا هەست دەکەن لە چاو دەستەخوشك و هاوەڵەکانیان دەستیان درێژترە، وا جوانە جانتایەکی بچووك بە دەستەوە بگرن، ئەوانەشی دەستیان ورد و کورتە، چاکترە جانتایەکی گەورە بەدەستەوە بگرن.



## جۆلانی بۆ داوای ئیقامە و ڕەگەزنامە

وڵاتی کەنەدا یەکێکە لە دەوڵەتانەی کە بە وڵاتی فرە کلتوور و ڕۆشنبیری ناسراوە، لە کەنەدا نەریتێك دەرکەوتووە ئەوانەی ڕەگەزنامە بەدەست دەهێنن، دەچنە سەر بەرزترین تاوەر و باڵەخانەکانی ئەو وڵاتە و لەوێوە جۆلانی دەکەن و سوێندەکەیان دەخۆن، دیارترین شوێنیش بریتییە لە تاوەری (سی) کە (٣٠٠) مەترە بەرزە و دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری تۆرینتۆ، ئەو نەریتەش لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و کاروباری هاونیشتیمانیان دەرکراوە، ئەوەی سەیرە باڵەخانەیەکی بەرزتر لە تەنیشت باڵەخانەی (سی) بە ناوی (ئیدج وۆك) دروست کراوە، کە بەرزییەکەی (٥٥٣) مەترە، بۆ ئەوانە تەرخان کراوە کە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە وەردەگرن، بۆیان هەیە لەسەر ئەو دوو باڵەخانەیە جۆلانێ بکەن، وەك ئەوەی ڕەگەزنامەی کەنەدا سنوورەکەی ئاسمان بێت.



## قۆچی بزن بۆ گەشتیاری

ئەو دوو لووتکە بەردینە بە قۆچی بزن ناسراوە، دەکەوێتە وڵاتی نەرویج، ئێستا بووەتە شوێنێکی گەشتیاری و سەرکێشی بۆ بازدان، ئەو شوێنە بە (گرانێت) ناسراوە، بۆ یەکەمین جار سێ کەس بە ناوی (کارل ڕۆبنسۆن و ئەلف برین و فێردیناند سیگلدرۆب) لەساڵی (١٩١٠) سەر ئەو لووتکە شاخە بەرزە کەوتوون، هەر ئەوانیش ناویان ناوە (ستیتیند و تراکتا)، نێوان ئەو دوو لوتکەیە یەك مەتر و نیوە، سەرکێشیی گەشتیارانی ئێستاش بووەتە بازدان نێوان ئەو دوو قۆچە بزنە، بەرزیی هەر یەکێکیان دەگاتە (١٥٠) مەتر، ئەگەرچی ئەو نەریتە لەلایەن دەسەڵاتی گەشتیاریی وڵاتی نەرویج قەدەغە کراوە، کەچی گەشتیاران خۆیان لەو بازدانە مەرگە بێبەش ناکەن و ئەوەی سەر ئەو لووتکە شاخە بکەوێت، دڵی بۆ بازدانێك دەچێت، کە بووەتە جێگەی سەرکێشی و بازدان و گەشتیارانیش بەو جۆرە سەرکێشییە خۆیان تاقی دەکەنەوە.

# فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی چێشتلێنان
# لە کوردستان بەڕێوە چوو

ڕێکخراوی ماڵی شێفەکانی کوردستان بۆ گەشەپێدان، یەکەمین فیستیڤاڵی کوردستانی عێراقی نێودەوڵەتیی بۆ چێشتلێنان بە بەشداری ١٥٠ شێفی بەناوبانگ لە ٣٢ وڵاتانی دەورووبەر و جیهان بەڕێوە چوو، فیستیڤاڵەکە لە شاری هەولێر بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام بوو، لە ڕۆژی یەکەمی کردنەوەی فیستیڤاڵەکەدا باسێکی گرنگی خواردنەکان کرا، کە بە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی کەرتی گەشتیاری دادەنرێت، هەر بۆیە فیستیڤاڵەکەیان بۆ ساز دابوو، لە ڕۆژانی دواتر بە بوونی (٢٠) ناوبژیوانی نێودەوڵەتی کە چوار ناوبژیوانیان سەرەکی بوون و ئەوانەی کۆتایی وەك سەرۆکی ناوبژیوانان بەشدار بوون، دوای ئامادەکردنی خواردنەکان لەلایەن شێفەکانەوە، هەر یەکە خواردنی خۆی خستە بەردەم ناوبژیوانان و ئەوانیش دوای تامکردن و نۆشکردنی، بڕیاری خۆیان لەسەر دەدا، (سیروان تۆفیق) سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵەکە لە دەستەی گشتیی گەشتوگوزار گوتی: «ئەو فیستیڤاڵە درێژەپێدەری چالاکییەکانی گەشتیارییە لە هەرێمی کوردستان، کە لە پێشوودا لە وڵاتانی دیکە وەك لوبنان ئەنجام دراوە، ئەم فیستیڤاڵەش بە فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی دادەنرێ و بە بەشداری چەندین شێفی وڵاتان و تێکەڵکردنی کلتووری خواردنی کوردی و بیانی لە شێوەی پێشبڕکێیەکی خواردندا لە هەرێمی کوردستان کرایەوە»، زراری سەرۆکی ڕێکخراوی ماڵی شێفەکانی کوردستان (شێف ئەحمەد) دەربارەی ئەو فیستیڤاڵە گوتی:


«لەو کۆمەڵە شێفانەی بەشدارییان کردووە، زیاتر لە ٢٠ شێفی کوردی بەشدارن، ئێمە پێشتر لە وڵاتی لوبنان توانیمان ئەو خواردنانەی ئامادەمان کردووە،وەک (دۆغەوا، ساوار، بریانی، دۆڵمەکەسکان، قەلەخەرمان) بە میوانان بناسێنین، دوای فیستیڤاڵەکە بۆ دەرەوەی شارەکانیش چالاکیمان دەبێت، ئێمە ٦٠ ئەندامین لەو ڕێکخراوەدا، نزیکەی ٣٠ ئەندامان بەشدارن، نیوەی ئافرەتن و نیوەیان پیاون، ئێمەوەک گەلی کورد لە خواردندا دەوڵەمەندین، خواردنی کۆنی خۆمان بە شێوازی نوێ زیندوو دەکەینەوە، تاوەکو وڵاتانی دەرەوە بە کارەکانمان ئاشنا بن.

لای خۆیانەوە هەردوو شێف( دەریا و کیفایەت) خانیش رسەی خۆیان هەبوو، لە سەرەتدا شێف دەریا گوتی:» توانیومانە بە جوانترین شێوە خۆمان بۆ ئەو فیستیڤاڵە ئامادە بکەین، چاوەڕانی باشترین ئەنجامیش دەکەین»، شێف کیفایەتیش لەو بارەیەوە گوتی: «وەك ئافرەتێك زۆر دڵخۆشم کە بەشدارم، ئامانجی من ئەوەیە کە خواردنی خۆمانە و کوردەواری، کە لە بیر کراوە یان ئەوەشی کە ئێستا هەیە، بە شێوازی نوێ بە خەڵك و جیهانی بناسێنم، دەمانەوێ لەو فیستیڤاڵەدا جۆرەها خواردن و شیرینی بۆ خانمان و خوشکان باس بکەین و ڕوونی دەکەینەوە تاوەکو خەڵك ئاشنای خواردنە بەجۆشەکانی ئێمە ببن».

لە کۆتاڕۆژی فیستیڤاڵەکەدا تیمی سریلانکا یەکەم بوو، کوردستان دووەم و عێراق سێیەم بوو، شێف دەریا لە گرووپی ماڵی شێفەکانی کوردستان پلەی یەکەمی لە دروستکردنی خواردنی (ئوم رۆبیان – ئیستاکوزە) وەرگرت و جامی زێڕینی بەدەستهێنا.



سیروان تۆفیق



شێف ئەحمەد



شێف دەریا





## شەمشەمە کوێرەی سەرچەکوش

وێنەی شەمشەمەکوێرەی سەر چەکوش ناوی زانستییەکەی (Hypsignathus monstrosus)، ئەم باڵندەیە لە خێزانی شەمشەمەکوێرەی میوەیە، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەفریقیا (ئەفریقیای گەرم) بڵاو بووەتەوە، شەمشەمەکوێرەی سەر چەکوش لە دارستانەکانی ڕووبار و درەختی ئەیکە و گۆماو و دارستانی خورما لە بەرزاییەکانی ژێر ١٨٠٠ مەتردا هەیە.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە خەریکبوونی ئافرەتان بە ژیانی ڕۆژانە دەکات، بەهۆی ئەوەی هێندە سەرقاڵن کە بیرکردنەوەیان لەسەر زیاتر لە ١٠ کار و ئەرکە.



## دیمەنە سەیرەکان

دیمەنی ڕمێك لە نێو ئێسکێکدا ماوەتەوە، کە بەم شێوەیە سەری ڕمێك لە کاتی جەنگی ڕۆمانی گەیلیکدا بە ئێسکێکدا تێپەڕیوە، دوای ٢٠٧٠ ساڵ هێشتا لەو ئێسکەدا ماوەتەوە.

## یاسا



**ئایا ژن هەمووکاتێك هەموو مارەییەکەی دەکەوێت؟**

ئاساییە ئەو مارەییەی دیاری کراوە ژن هەمووی وەردەگرێ، ئەگەر دیاری نەکرابوو وەك (مارەی هاوشێوە) و مارەی دەکرێت بەشێکی پێش بخرێ یان دوابخرێ، کاتی پێدانی مارەییەکە ئەگەر لە کاتی ئاساییدا پێی نەدرا، کۆتا کات مردن یان تەڵاقدانە، ئەگەر تەڵاقدان ڕووی دا پێش ئەوەی لەگەڵ یەك جووت ببن، لەم حاڵەتە نیوەی مارەییەکەی دەکەوێ، ئەگەر گرێبەستێکی هاوسەرگیریی نادرووست هەبوو و تەڵاق ڕووی دا، ژن و پیاوەکەش جووت بوون، لەم کاتەدا مارەیی دیاریکراو و مارەی هاوشێوە کامیان کەمتر بوو ژنەکە ئەوەی دەکەوێ.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵ دەدەیت تەواوی ئەرکەکانت لە یەك کاتدا ئەنجام بدەیت، ئەگەر دەتەوێت بەم شێوەیە سەرنجی کەسێك ڕابکێشیت ئەوا زۆر هەڵەیە، خۆت ناچار مەکە بۆئەوەی چەندین کار پێکەوە بکەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە بە هەڕەمەکییانە بڕیار مەدە و بە وردی بیر بکەرەوە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵ بدە لە سەرەتای ڕۆژەکەت کاتەکانت ڕێك بخە، لە کاتە زیادەکانتدا لەبری بیرکردنەوەی نەرێنی، خۆت بە خوێندنەوە سەرقاڵ بکە، لەلایەنی سۆزدارییەوە توانای ئەوەت هەیە بە ڕەفتارەکانت سەرنجی هاوسۆزەکەت بۆ خۆت ڕابکێشیت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەمڕۆ دڵخۆشیت و لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، بەڵام پێویستە هێمن و لەسەرخۆ بیت، ڕەنگە نهێنییەکت بۆ کەسێك نزیکت ئاشکرا بکەیت، لە ئێوارەی ئەمڕۆدا دەرفەتی ئەوەت دەبێت ئەو چالاکییانە ئەنجام بدەیت کە ئارەزووی دەکەیت، تەندروستییەکی باشت هەیە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەمڕۆ هیچ سترێس و نیگەرانیت نابێت، ئامانجەکەت دیاری بکە و پلان بۆ گەیشتنی دابنێ، کێشەکانت دیاری بکە و ڕووبەڕوویان ببەرەوە، هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی چارەسەری گرفتەکان دوابخەیت، لەلایەنی داراییەوە ئەگەر خەرجییەکانت کەم نەکەیتەوە زیانێکی زۆر دەکەیت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پلانی ئەوەت هەبوو سەردانی کۆمەڵێك شوێن بکەیت، کە بۆت نەگونجا، لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا بۆت دەگونجێت، کەسێك دەیەوێت لێت نزیك ببێتەوە، باشترە چانسێکی پێ بدەیت، گرنگی بە وەرزشی بەیانیان بدە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئامۆژگاری دەکرێیت زیاتر وریا بیت بەرامبەر هاوپیشەکانت، هەموو نهێنییەکی خۆت مەدرکێنە و کەمێك ژیرانەتر ڕەفتار بکە، تەندروستییەکی باشت هەیە، لەلایەنی سۆزدارییەوە پێویستە ڕاشکاوتر بیت بەرامبەر خۆشەویستەکەت و هەستەکانت مەشارەوە.



## پەند و وتە

کریستۆڤەر دارلینگتۆن مۆرلی، ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووسی ئەمریکی و شاعیر، لە ساڵی ١٨٩٠ لە ویلایەتی بنسلڤانیا لە ئەمریکا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٥٧ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی سەرکەوتن دەڵێ: «بۆ ئەوەی لە هەنگاو و کارەکانتدا سەرکەوتوو بیت، پێویستە ژیان و کارەکانت بە ڕێگەی خۆت ئەنجام بدەی، نەوەك لەسەر خواست و قسەی کەسانی دیکە».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا ئافرەتێك دیارە، کە شێوەیەکی زەبەلاحی هەیە، لە تەنیشت باڵەخانەیەك وەستاوە، کەچی باڵەخانەکە زۆر بەرزترە لە کچەکە، هەوڵ بدە بزانە چۆن فێڵکاریی وێنەکە کراوە کە کچەکە هێندەی باڵەخانەکە بێت.

بۆ زانیاریت


## بیتهۆڤن و سەمفۆنیاکان



بیتهۆڤن لە کاتێکدا کە کەڕ بووە، بەناوبانگترین سەمفۆنیاکانی خۆی نووسیوە، بیتهۆڤن لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا کەڕ بووە، بۆیە ڕێگەیەکی بۆ درێژەدان بە (بیستنی) مۆسیقا هێنایە ئاراوە، دارێکی بەکاردەهێنا لە نێوان ددانەکانیدا دەیگرت و دەیخستە سەر پیانۆ، دەنگەکان لە جەستەی ئامێرەکەوە لە ڕێگەی دارەکەوە دەگوازرانەوە بۆ ددانەکان، پاشان بۆ ئێسکەکانی کەللەسەر، پاشان بۆ گوێی ناوەوە، بەم جۆرە گوێی لە دەنگەکە دەبوو.

فیلم

## باڵندەی پۆستەی بەرشلۆنە - Bird Box Barcelona



فیلمێکی سەرکێشی و فەنتازییە، باس لە هێزێکی شاراوە دەکات کە کاریگەری لەسەر خەڵکی جیهان دەکات، لەو حاڵەتەدا کەسێك بە ناوی سباستیان لەو هۆکارە دەکۆڵێتەوە و لە کاتی گەشتەکەی بۆ شاری بەرشەلۆنەی ئیسپانی، کار لەسەر چارەسەرکردنی ئەو ڕەوشە جیهانییە دەکات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٢ خولەکە، لە دەرهێنانی دەیڤید پاستۆر، ئەلێکس پاستۆر، لە نووسینی دانیل ئارانیۆ، لە نواندنی: ماریۆ کاساس جۆرجیان کامبێل، نالیا سچوبێرت، پاتریك کرایدۆ، دیەگۆ کالڤا، میشیل جینەر.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمرۆ پێویستە بە وریاییەوە تەماشای کەسانی چواردەورت بکەیت و گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانیان بگریت، لێیانەوە ئەزموون وەردەگریت، باش نییە دەربارەی کەسانی دیکە قسە بکەیت و سەرقاڵی قسەوقسەڵۆك بیت، باشترە خۆت بە چالاکیی سودبەخشەوە سەرقاڵ بکەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

باشترە لە کاتی بڕیاردان ڕاوێژ بە کەسانی دیکە بکەیت، ئەم ماوەیە سترێست زۆرە و ناتوانیت بە وردی بیر لە بابەتەکان بکەیتەوە، گەیشتن بە خەونەکانت ئاسان نابێت و بەربەستی زۆر دێتە بەردەمت، پێویستە خۆت بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان ئامادە بکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەسانێکی زۆر پاڵپشتیی خۆیان بۆ تۆ دەردەبڕن و ئەمەش سودت پێ دەگەیەنێت، جگە لە ماڵەکەت هیچ شوێنێك نییە کە پشووی تێدا وەرگریت، هەربۆیە بەسەربردنی کاتەکانت لەم چەند ڕۆژە لە ماڵەوە، زیاتر لە هەر شتێك دڵخۆشت دەکات.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لەلایەنی پیشەییەوە باشتر کارەکانت ئەنجام دەدەیت و لە ئەنجامدا قازانجێکی باشی دارایی دەکەیت، کەسێکی کۆمەڵایەتی و کراوەیت، بەڵام ئەمرۆ وابیر دەکەیتەوە مانەوەت بە تەنیا زیاتر دڵخۆشت دەکات، پێویستە زیاتر گرنگی بە تەندروستیی خۆت بدەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

پاڵپشتیی خێزانەکەت یان خۆشەویستەکەت یارمەتیت دەدات زووتر بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بیت، تەندروستیت باشە، تەنیا پێویستە لە خواردنی دەرەوە دوور بکەویتەوە، ئەگەر هەست بە ئاسوودەیی ناکەیت لە شوێنی کارەکەت، کاتێکی باشە بۆ ئەوەی پیشەکەت بگۆڕیت.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەلایەنی پیشەییەوە پێویستە زیاتر هەوڵ بدەیت و پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هاوپیشەکانت درووست بکە، چونکە پێویستت بە پاڵپشتی ئەوان دەبێت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، چێژ لەو کاتانە ببینە کەبەسەری دەبەیت، بەتایبەتی لەگەڵ خێزانەکەت، خۆت بەدوور بگرە لە بیرکردنەوەی نەرێنی.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone



## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan October 9, 2023 Issue,No.1384


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626